کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
چوارشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٣ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤
ژمارە ٦٤٢
www.kurdistanukurd.com

## گەڵاڵەی پشتیوانی لە «ئەمر کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە» پێشێلکردنی مافی خەڵکە

تریبۆنی ئازادی پارێزەران سەر بە ناوەندی پشتیوانانی مافی مرۆڤ بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک دەڵێ گەڵاڵەی بەناو «ئەمر کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە» بە پێچەوانەی قانوونەو دژایەتی لەگەڵ مافەکانی خەڵک هەیە

تریبۆنی ئازادی پارێزەران وێڕای ڕەخنە لەم گەڵاڵەیە لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، ئەوەیان بە بیانوویەک بۆ هێندێک لە گرووپە توندڕەوەکانی سەربە حکوومەت لە سەرکوتی خەڵک زانی و داوایان لە نوێنەرانی مەجلیس کرد کە ماددەکانی ئەم گەڵاڵەیە تاوتوێ بکەنەوەو لە دژایەتی بوەستنەوە.

جێی ئاماژەیە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی پێداکردنی ئەسید بە ژنانو کچان لە شاری ئیسفەهان لەلایەن هێزەکانی پێوەندیدار بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە لە ژێر دروشمی «ئەمر کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە» زیاتر لە ١٠ ژن بریندار بوون و ژنێکیش گیانی لەدەست داوە.

### خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خرۆشانێکی یەکگرتووانە و سەرانسەریدا:

# کوردستان یەک وڵاتە کۆبانێ ڕۆژهەڵاتە



لە ڕۆژانێک دا کە سەرەڕای خۆڕاگریی شیاوی پێزانینی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کۆبانی، مەترسیی دەستبەسەرداگیرانی ئەو شارەو قەلاچۆی خەڵکەکەی لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە، ساتبەسات نزیکتر دەبۆوە، ڕەخنەو تووڕەیی لە بەدەنگەوەنەچوونو بێهەڵوێستیی وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانیی دژە تیرۆر، هەموو ویژدانێکی ئاگاو هەموو هیزێکی لاگری پێشکەوتنو ئازادیو دادپەروەریی وروژاند.

خەڵکی وشیارو بە هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەر بانگەوازی کەسایەتی و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانو دڵگەرم بە هاودەنگیو پشتیوانیی ڕێژەیەکی بەرچاو لە بژاردەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە هەموو پاریزگەکانو لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکان، هاتنە سەر شەقام. بۆماوەی زیاتر لە حەوتوویەک، شەقامەکان جارێکی دیکە خەڵکی ئازادیخوازو بە هەڵویستی ڕۆژهەلاتی کوردستانیان گرتەوە ئامێز. خەڵکێک کە شانبەشانی ڕاگەیاندنی پشتیوانیی خۆیان لە خۆڕاگریی خوشکو براکانیان لە کۆبانی، نمایشێکی سەرانسەریو یەکگرتووانەی بێزاری لە ژیان لە سێبەری دیکتاتۆری، کۆنەپەرستی، تیرۆر، ژێردەستی و بێبەشی لە نێونیشتمانەکەی خۆیان و ئێران دا، بە دنیا نیشان دا.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەکی هێمنانەو شارستانی هاتنەوە سەرشەقام. ڕێگەشیان نەدا کۆماری ئیسلامی خرۆشانی وشیارانەی ئەوان بە قازانجی خۆیو بۆ دژایەتی لە گەڵ ئەمریکاو ڕۆژاوا، بقۆزێتەوە. سەربەخۆو لەدەرەوەی ململانێی ئەو ڕێژیمەو نەیارانی، هەم پشتیوانیی خۆیان لە خۆڕاگریی خەڵکی کۆبانی ڕاگەیاند، هەم پەیامی خۆیان کە داوای ئازادی و مافی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بە گوێی دۆستو دوژمن گەیاند. ئەگەر چی هێزە چەکدارو ئەمنییەتییەکان ڕاسپێردرابوون پێش بە بەرزبوونەوەی ئەو جۆرە پەیامە بگرن و لەم ڕاستایەش‌دا دەیان کەسیان قۆڵبەست کرد، بەڵام پەیامی خەڵکیان پێ کپ نەکرا. بانگ کردن و دەستبەسەرکردن، لە دوای ڕێپێوانەکانیش، هەر وا درێژەی هەیە، بەڵام ئەوەی پاشەکشەو گەڕانەوەی بۆ نییە، ئیرادەی خەڵکی وشیاری ڕۆژهەڵات، بۆ داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیانە.


چالاکیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی حدک لەو چالاکیانە
٥


تێچووی بەردەوامیی بزووتنەوە لە کوردستان هەتا کەنگێ لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک بێت؟
٦


ئایا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو هەلومەرجێکی نوێ دەچێ؟
٧


سەرکوتو توندوتیژیخوازی بەرەوکوێمان دەبات؟
٧

وەزارتی ئیتلاعاتو بەرژەوندیی کۆماری ئیسلامیو کۆمەڵگای ئێران
٩

## بەیاننامە

### لە بارەی شەپۆلی نەتەوەیی هاوپێوەندی لە گەڵ خەڵکی کۆبانێ

سێ حەوتوو چاوەڕوانیی بێئاکام لە دەوڵەتی تورکیەو هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکان بۆ بە دەنگەوەچوونێکی جیددیی خۆڕاگریی خەڵکی کۆبانێ لە بەرامبەر پەلاماری ڕێکخراوی تیرۆریستیو پڕچەکی داعشدا لە لایەکو، نزیکبوونەوەی مەترسیی کوشتاری بە کۆمەڵ لە دەیان هەزارلە دانیشتوانی ئەو شارە،سەرئەنجام کاسەی سەبرو چاوەڕوانیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی لێوڕێژ کرد.وەک ناڕەزایەتیدەربڕین لە هەڵوێستی کەمتەرخەمانەی هاوپەیمانەتیی دژە تیرۆر بەرامبەرچارەنووسی خەڵکی کۆبانێو ئەگەری داگیرکرانی ئەو شارەی خۆراوای کوردستان لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە، شارەکانی هەر هەموو بەشەکانی کوردستانو پێتەختو شارە گەورەکانی زۆر وڵاتی جیهان، بوون بە گۆڕەپانی کۆبوونەوەو ڕێپێوانی بەرینی کۆردەکانو دلسۆزانو دۆستانی پرسی ڕەوای کورد.

بۆ سێ ڕۆژ دەچێ شەپۆلێکی گەورەی هاوپێوەندیی ئینسانیو نەتەوەیی لە گەڵ خەڵکی کۆبانێ، سەرانسەری کوردستانی گرتوەتەوە. لە باکووری کوردستان، ناڕەزایەتی دەربڕینەکان، بە داخەوە گیان لە دەستدانی زیاترلە ١٥ کەسو بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر زیاتریان لێ کەوتووەتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە مەریوان ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵک لە گەڵ خۆتێهەڵقوتاندنو توندوتیژی نواندنی پۆلیس بەرەوڕوو بووەو ژمارەیەک لە بەشداران، قۆڵبەست کراون.بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەو ڕێپێوانانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو شارە گەورەکانی ئێران، وێڕای ڕێزگرتن لە خۆڕاگریی کۆبانێ، هاودەردیی خۆیان لە گەڵ خەڵکی لێقەوماوو ئاوارەبووی ئەو شارەو ناوچەکانی دەوروبەری دەربڕیوە و داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتیی هاوپەیمانیی دژبە داعش کردوە فریای کۆبانێ کەونو بەر بە کارەساتی چاوەڕوانکراو بگرن.

ل٣

## دوو بەندیی سیاسیی دیکەی کورد هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ کۆبانی ڕادەگەیاند




کەمال شەریفیو عەلی مورادی، دوو زیندانیو دوو دوورخراوەی سیاسیی کورد بۆ زیندانی میناب لە باشوری ئێران، خۆیان زیندانی دەستی داعشی ئێرانن، بەلام لە پێناو کۆبانێ و لە بەرامبەر هیرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ دەستیان دایە مانگرتن.

ئەوان دەڵین:» بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بیرورای گشتی جیهانی بۆ سەرمەترسیەکانی سەر خەلکی کۆبانێ زیاتر لە ٣ ڕۆژە مانیان لە خواردن گرت.

لە دەقێک دا کە پیکەوە بە هاوبەشی نووسیویانە، دەلین:»هەرچەند دەکرێ ئەم مانگرتنە لە زینداندا بۆ ئێمە ئاکامێکی باشی نەبێ، بەڵام پشتیوانی لە خەلکی کۆبانێ و پارێزەرانی کۆبانی بە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان دەزانین».

کەمال شەریفیو عەلی مورادی هەر یەکەیان سزای ٣٠ سال زیندانیان بۆ براوەتەوە، ماوەنەتەوە.

ئەوان مافی بینینی بنەمالەو کەسو کاریان نیەو لە حوکمەکەیان داهاتووە، بە تاوانی دژایەتی لە گەل خواو کۆماری ئیسلامی سزای ٣٠ سال زیندانیو دورخستنەوە لە کوردستان بە سەریان دەسەپینریت.

## نۆیەمین فستیڤالی نێودەوڵەتیی شانۆی سەرشەقام لە مەریوان بەڕێوەچوو





نۆیەمین فستیڤالی نێودەوڵەتیی شانۆی سەرشەقامی مەریوان لە ڕۆژی شەممەوە بە ئامادە بوونی هونەرمەندانو خەڵکی شاری مەریوان لە «پارکی شانۆ»ی ئەم شارەدا دەستی پێ کردووە.

ئەم فستیڤالە لە ڕێکەوتی ٢٥ تا ٣٠ ڕەزبەر لە ١٠ شوێنی سەرەکیو لەنێو شارەکەدا، لە گۆلی زرێوار، کۆمەڵێک لە قوتابخانە دیاریکراوەکانی نێو شار، لە بینای زانکۆکانی پەیامی نوورو زانکۆی ئازاد، لە پادگانی عیبادەت، لە شارەکانی کانی‌دینار و بەردەڕەشە و هەروەها لە چەند ئاواییەکی سەر بە شاری مەریوان بەڕێوە دەچێ.

بەپێی ڕاپۆرتی بەشی میدیایی ئەو فستیڤاڵە ١٧٨ بەرهەم لە بەشی کیبڕکێو ٤٦ بەرهەم بۆ بەشداری کردن لە بەشی ئایینی لە ٢٥ پارێزگای ئێرانەوە بۆ دەڤیرخانەی فستیڤال نێردراون و هەروەها لەم ڕێوڕەسمەدا لە پارکی شانۆ پەردە لەسەر پەیکەرەی ئەم شانۆیە لادراوە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە چەند بەرهەمێک لە وڵاتانی لەهێستان، ئیسپانیا، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، هەرێمی کوردستان، سێربستان، پورتەغال و تاجیکستان بۆ دەبیرخانەی فستیڤال نێردراوە کە لەنێو ئەم بەرهەمانەدا، لە وڵاتانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان ٢ گرووپو هەروەها بەرهەمێکی هەرێمی کوردستانیش بۆ پیشاندان هەڵبژێردراوە.

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

## سەردانی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای کرد و لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆبۆوە.

ڕۆژی هەینی، ١٨ ی ڕەزبەر ( ١٠,١٠,٢٠١٤ی زایینی) کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای کردو لە لایان بەرپرسانی ئەو وەزارەتخانەوەیە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا.

لەم دیدارەدا، چالاکیی چەکداریی ئەم دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵات، بارودۆخی زیندانیانی سیاسی، دۆخی کۆماری ئیسلامیو دوایین گۆڕانگارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ناوچەکە کەوتنە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان جگە لە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، لەگەڵ بەرپرسانی ناوەندی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش چاوپێکەوتنی کردو لەم کۆبوونەوەیەشدا کۆمەڵێک بابەت هەڵسەنگێندرانو قسەو باسیان لەسەر کرا.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆ سەفەرێکی کاری سەردانی ئەمریکای کردوە، لەلایەن نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە واشنگتۆن پێشوازیی لێکرا.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٢ ی ڕەزبەر لە سەر بانگهێشتی رەسمیی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردانی ئەو نوێنەرایەتییەی کرد و لە لایەن نجات عەبدوڵلا و کاروان زێباری‌یەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا.

لەو دیدارەدا کاک خالید عەزیزیو نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان، سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان، ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتیو ڕەوشی ئێستای کوردستان بە تایبەتی قسەو باسیان کرد و لەسەر دوایین پێشهاتەکانی شەڕ دژی ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش ئاڵوگۆری بیروڕایان کرد.



هەر لەو دیدارە دا باس لە پێویستیی یەکخستنی هەموو تواناکانی گەلی کورد بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنانی کوردو بە تایبەت تاقمی تێرۆریستیی داعش کرا و هەردووک لا هاوڕا بوون لە سەر ئەوەی کە یەکخستنو یەکدنگی ڕێکخراوە کوردییەکان، بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات، بێگومان دەورو کاریگەریی خۆی لە سەر بیروڕای گشتی خەڵک و حکومەتە ڕۆژئاواییەکان دەبێ.

شایانی باسە لەو سەردانەدا کامران بالنوور، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا هاوڕێیەتیی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەکرد.

## کۆبوونەوەیەک لەگەڵ نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە واشنگتۆن

به ئامادەبوونی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی هێزە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە واشنگتۆن بەڕێوەچوو.

ڕۆژی شەممە، ١٩ ی ڕەزبەر نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی سەفەری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەمریکا کۆبوونەویەکی بۆ حیزبو لایەنە کوردستانییەکان لەو وڵاتە ڕێک خست.

لەو دانیشتنەدا سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، کوردستان، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها چالاکییەکانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات بۆ بەشداران دواو دوایین ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لەلایەن بەشدارانەوە خرانە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.



شایانی باسە نوێنەرانی ئەو حیزبانەی بەشداری ئەو دانیشتەن بوون، بریتی بوون لە: پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆران، پارتی دێموکراتیکی گەلان HDP و هەروەها چەند کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی کورد کە نیشتەجێی واشنگتۆن لە ئەمریکان.

# کۆبوونەوەی ٤٣ حیزبو لایەنی سیاسیی لەسەر کۆبانێ لە هەولێر

ڕۆژی شەممە، ٢٦ی ڕەزبەر ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکڕات لە هەولێر لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان‌دا بەشداری کرد کە بۆ پشتیوانی لە ڕۆژاوای کوردستان پێک هاتبوو.

لەو دانیشتنەدا نوێنەرانی بەشدار لە سەر کارو چالاکییەکانی ڕابردووی خۆیان لە مەر چەندو چۆنیی هاوکاریو هاوپێوەندییان لەگەڵ خوشکو براکانیان لە کۆبانێ دوانو خۆراگری و بەربەرەکانیی گیانبازانەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان بەرز نرخاند. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بەرنامەی داهاتووی کۆبوونەوەکانی نوێنەرانی ئەو حیزبو لایەنە سیاسییانە، پرسی یەکریزی هێزەسیاسییەکان، ڕۆڵی هاوپەیمانان لە بۆمبارانی هێزەکانی داعش، بە ڕەسمی ناساندنی کانتۆنەکان لە لایەن پارلمانی کوردستانو هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پێناو لێکنزیکترخستنەوەی هێزەکانی ڕۆژاوای کوردستان تاوتوێکرانو ئاڵوگۆری بیروڕایان لەسەر کرا .

لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەشدا نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان داوایان کرد کە لیژنەی ئامادەکاری



کۆنگرەی نەتەوەیی دەست بە کارەکانیان بکەنەوە وراگەیەندراوی هاوبەشی بەشدارانی کۆبوونەوەکە بڵاو کرایەوە.

لە بەشێک لەو راگەیەندراوەدا هاتووە کە ئێمە دەستخۆشی لە تەواوی گەلی کوردستان لە هەرچوار پارچەی کوردستانو رەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات دەکەین کە بە چالاکی جۆاوجۆرو خۆپیشاندان تیرۆریستەکانیان مەحکووم کردو ئەم یەکدەنگییەی کورد لە سەرتاسەری کوردستان دەری دەخا کە ئێمە یەک دڵ و یەک جەستەین و چارەنووسمان هەر یەکە.

# بەشداریی نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەکۆنفرانسی کۆشکی میدێچی فلۆرانسی ئیتالیا

بەبەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆنفرانسێک لە سەر پرسە سیاسیو ئەمنیەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆشکی مێدیچی فلۆرانسی ئیتالیا بەرێوە چوو.

ڕۆژی هەینی، ١٨ ی ڕەزبەر بە میوانداری فەرمانداری شاری فلۆرانسی ئیتالیاو سندیکای روژنامەنووسانی ئیتالیا کۆنفرانسێک لە سەر باروودخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گیراو لەو کۆنفڕانسەدا گوڵالە شەڕەفکەندیو کاوە ئاهەنگەری کە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئەم کۆنفرانسەوە بانگهێشت کرابوون، وتارو باسیان پێشکێش کرد.

ئەو کۆنفرانسە لە سێ پانێل و لە سەر سێ تەوەری جیا بە کورتە باسێک لە لایەن فەرمانداری فلۆرانس دەستی بەکار کرد. سەرەتا ستێفانۆ مارسێلی، سەرۆکی ریکخراوی ئەمنیەتی زانیاریو مەبەست لە گرتنی ئەم کۆنفرانسەی شی کردەوەو پاشان فەرمانداری فلۆرانس وێرای بەخێرهێنانی میوانەکان خۆشحاڵیی خۆی لە بەشداریی کەسایەتییە سیاسیو ئاکادیمیو ژورنالیستەکان لەو کۆنفرانسەدا دەربری.

لە پانێلی یەکەمی کۆنفڕانسەکەدا چەند کەسایەتیی ئێرانی، حەسەن شەریعەتمەداری، شەهریار ئاهی، جەمشید ئەسدی، موحسێن سازگارا، نوشابە ئەمیری، و ماریتا سخاک، ئەندامی پارلمانی ئورووپا لە سەر پێوەندیو چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئورووپا و ئامریکا لەگەڵ ئێران وتاریان پێشکەش کرد.

پانێلی دووهەم تەرخان کرابوو بە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسو کەسایەتی سیاسی لە سەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەو پانێلەشدا گێرمانۆ دۆتۆری، ریکاردۆ کریستیانۆ، عەبدولا موهتەدی، سەعد کەیوان، عێرفان رەشید، ولۆدێک گۆلدکۆڕن لە سەر پرسە سیاسیو ئەمنیەتییەکانی سوریە، عێراق، کوردستانو ئێران بۆ بەشداران دووان.



لە پانێلی کۆتایی کۆنفڕانسەکەشدا کە لە ژێر ناوی› ڕزگارکردنی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست» گیرا، کارلۆتا سامی، نوێنەری کومیسارپای بەرزی پەنابەری لە باشووری ئورووپا ئوروپا، گوڵالە شەڕەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، عیزەدین ئەلزیر، سەرۆکی کۆمەڵگای ئیسلامیی فۆڕانس، نەبی ئەلمورەیدن، نوێنەری کۆمەڵگای سوورییە لە ئیتالیا، ریکاردۆ نوری، نوێنەری ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ئیتالیا باسەکانیان پێشکێش کرد.

گوڵالە شەڕەفکەندی، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتارەکەیدا سەرەتا بە ئاماژە بە دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا، باسی لە مامەڵەو چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەو چوار وڵاتە لەسەر پرسی کرد کرد کە هەمیشە لە سەر دژایەتیی چارەسەری پرسی کورد بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانیان لەگەڵ یەک کۆک بوون.

گوڵاڵە شەڕەفکەندی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا پەژرایە سەر ئەو کارەساتەی ئێستا لە کوردستان بەهۆی داعشەوە بەسەر خەڵک هاتووەو گوتی هەر یارمەتیی پزیشکی و ئینسانی بە تەنیا بۆ کوردستان بەس نیە و دەبێ کۆمەڵگای نێودەولەتی هەڵوێستی جیددیتر لە خۆی بە نیسبەت داعش بنوێنێ. ئەو هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕشەوە وەک داعیش لەگەڵ خەڵکی کوردستان رەفتاری کردوەو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێدەنگ ڕاگرتووە و لە کێشەی سوریەدا لە حالی حازر بە هۆی چۆنیەتییتی تەعامولی ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی بە نیشان دانی قورسایی خۆی زیاترین قازانجی لێ دەکا.

شایانی باسە شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان جیا لە بەشداری لە باسەکانی ئەو کۆنفڕانسەدا، لە پەراوێزی کاری کۆنفرانسیش‌دا کۆمەڵە دیدارو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەشدارانو نوێنەرانی لایەنەکان لەو کۆبوونەوەیەدا پێک هێنا.

# بەشداریی ئەندامانی حیزب لە وڵاتانی بریتانیا، سویسو نۆڕوێژ لە خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی لە کوبانی

ئەندامانی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان لە هەموو ئەو خۆپیشاندانو ئاکسیۆنانەدا بەشدارن کە بۆ پشتیوانی لە کوبانی ڕێک دەخرێن.

### بریتانیا

لەدرێژەی کارو چالاکییەکانی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان و هەروەها لیگی هەرێمەکانی کوردستان کە لەژێر ئەو دوو ناوەدا لە بریتانیا دا کاروچالاکیەکانی دەکەن، ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠ ی ڕەزبەر بەمەبەستی پشتیوانی لە کوردانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت شاری کۆبانی، خۆپیشاندانێکی بەرین بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانییانی نیشتەجێی بریتانیا ڕێک خرا.

لەو خۆپێشاندانەدا وێڕای پشتیوانی لە خۆڕاگریی خەڵکی کوبانی، رۆل و نەخشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کوردستان وەڕێخستنی خۆپیشاندان لە شارو شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتو هەروەها پشتگیریی زیندانیانی سیاسی کوردیش بە مانگرتن لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا بەرز نرخێندرا.

لەو خۆپێشاندانە دا بەیاننامەی پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو نامەیی مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی کورد کەمال شەریفی و عەلی مورادی بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوی کوردستانو خۆڕاگریی کوبانی لە نێو بەشداربووواندا بڵاو کرایەوەو سیاسەتی دوو فاقەی ڕێژیمی تاران کە بێ‌شک لەگەڵ تێرۆریستانی داعش هیچ جیاوازییەکیان نیە، مەحکوومو ڕیسوا کرا.

شایانی باسە هەر هەمان ڕۆژ بە دەسپێشخەری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری سوانزی بریتانیاو، بە پشتگیریو بەشداریی چەندین حیزبو لایەنی سیاسیو ڕەوەندی کورد لەو شارە، خۆپیشاندانێک بۆ پشتگیری لە خۆرئاوای کوردستانو شاری کۆبانێ بەڕێوە چوو.

### سویس

لەسەر بانگهێشتنی کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانی پشتیوانی کۆبانی، ڕۆژی شەممە، ١٩ ی ڕەزبەر خۆپیشاندانێک بە بەشداریی کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستانو کۆمەڵێک کەسایەتیی ئێرانی بۆ پشتیوانیی کۆبانی لە بەر دەرگای باڵوێزخانە ئەمریکا بەڕێوەچوو.

ئەو خۆپیشاندانە بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لە لایەن بەشدارانەوە دەستی پێکردو پاشان داوانامەی خۆپیشاندەران بە زمانەکانی ئینگلیسی، ئەڵمانی، فەڕانسی، کوردی و فارسی خوێندرایەوە.

لەو داوانامەی خۆپیشاندەراندا سەرەڕای ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد بە گشتیو کۆبانی بەتایبەتی، چەندین داوای ڕەوا بۆ پشتیوانی لە کۆبانی بەرەوڕوی ناوندە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی ئیدارەی ئەمریکا کرابوون.

### نۆڕوێژ

ڕۆژی شەممە، ١٩ ی ڕەزبەر کوردستانیانی دانیشتووی شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆڕوێژیش، بە بەشداریی چەند کەسایەتییەکی نۆڕوێژیی دۆستی کورد، خۆپێشاندانێکی گەورەیان وەڕێخست. لەو خۆپیشاندانەدا جگە لە کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان، چەند



حیزبو لایەنی نۆڕوێژی و خەڵکێکی زۆری غەیرە کوردی دیکە لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهان بەشدار بوونو دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی خەڵکی لێقەوماوی کوبانێو هاودەردیو پشتگیریی خۆیان دووپات کردەوە.

شایانی باسە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو خۆپیشاندانەکان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانێ، چالاکانە بەشدارییان کردوە.

# بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهید هەژار قاسمی

## کۆیە

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڕیادێکی بۆ ڕیزگرتن لەیادو بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی، نوێترین شەهیدی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەندامی ئەو یەکیەتییە پێک هێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٩ی ڕەزبەر بەبەشداریی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بنەماڵەو ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو، یادو بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی بەرز ڕاگیراو لاوان بەڵێنیان دا سەنگەری شەهید هەژار ئاوەدان بیڵنەوە.

ئەو ڕێورەسمە شایانە بە ڕێژەی نیزامیی پۆلیک لە لاوانی دێموکڕاتو پارێزەرانی ڕۆژهەڵای کوردستان دەستی پێکردو پاش خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، تاجە گوڵی وەفای یەکیەتیی لاوان پێشکێش بە یادی هەژار قاسمیو وێنەی ئەو شەهید سەربەرزە کرا.

لە بەردەوامیی بەرنامەکانی ئەو ڕێوڕەسمەدا کە لە یەکیک لە سالۆنەکانی بۆنەو ڕێورەسمەکانی حیزب درێژەی پێدرا، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن شکۆفە قادرسووری، ئەندامی ئەو یەکیەتییە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا ئاماژە دڵنیایی ئەوە درابوو کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاوەدانتر کردنەوەی سەنگەری شەهید هەژار و شەهیدانی کوردستان، تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان کۆڵ نادەن و درێژە دەری ڕێگای شەهیدانی کوردستانن.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو بەرنامەیەدا سرووودی «تۆ بەهێزی نامری» لەلایەن کۆرسی هونەریی یەکیەتیی لاوانەوە بە هاوکاری کۆڕی هونەری حیزبی دێموکرات پێشکێش کراو دواتر پەیامی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ ئەو بۆنەیە نێردرابوو، لەلایەن کاک خالید وەنەوشەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتبوو بۆ ئێمە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جێگای سەربەرزی و شانازییە کەلەگەڵ ڕۆڵەی پێشمەرگە و تێکۆشەری بەتوانای وەک هەژار قاسمی، لە قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵات و لەباوەشی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا، بۆ ماوەیەک هاوئەرک و هاوسەنگەر بووین. ڕێزگرتنی ئێوە لاوانی دێموکرات لە هەژاری قاسمی، پێشمەرگەی شەهید، مانایەکی بەرز و پیرۆزی هەیە. ئەم ڕێزگرتنە نیشان دەدا کە لاوانی کوردستان ڕێگای شەهیدەکان ون ناکەن، بەتایبەتی ئەو شەهیدانەی کە لە چەشنی ڕاخوشینی ئەستێرە لە تاریکە شەودا هەرێمیک روون دەکەنەوە.

لە بەردەوامیی ئەو کۆڕیادەدا شێعرێکی فەرەیدوون ئەرشەدی بە دەنگی سۆهەیلا قادری خوێندرایەوەو؛ سرووودی «بێلاچۆ» بە دەنگی هونەرمەند چیا مەدەنی کە بەرهەمی بەشی ڕاگەیاندنی لاوان بوو، پیشان دراو؛ لە کۆتاییدا سەبارەت بە ڕاهێنانی نیزامیی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، لەلایەن یەکیەتیی لاوانەوە ڕێزنامەیەک پێشکێش بە مامۆستا خالید حەسەن خاڵی کرا.

شایانی باسە کۆڕیادی ڕیزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی بە نوێکردنەوەی بەلێنو وەفا لەگەڵ ئەو شەهیدە سەربەرزە کۆتایی پێهات.









## سوئیس

کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری دەیان کەس لە ئەندامانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو نوێنەر و بەرپرسانی حیزب ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەو وڵاتە، لە ڕێوڕسمێکدا یادو بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی بەرز ڕاگرت.

ئەو ڕێوڕەسمەدا ڕۆژی یەکشەممە، ١٣ ی ڕەزبەر لە شاری بێرن پایتەختی وڵاتی سوئیس بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕقیبو ڕاگرتنی دەقەیەک بە بێدەنگی وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی شەهید بوونی پێشمەرگەی بەوەجی حیزبی دموکراتی کوردستان هەژار قاسمی لە لایان زاهید شاعیری، بەرپرسی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتەوە پێشکێش کرا،

لەم پەیامەدا وێڕای باس لە چۆنیەتیی شەهیدبوونی شەهید هەژار قاسمیو کاردانەوەکان بە شەهیدبوونی ئەوو جموجۆڵی ئەم دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتو کاردانەوەکان بەو هەوڵانەدا هاتبوو کە بە باوەڕی حیزبی دێموکرات سەرەکیترینو ماکەی ئەم گرووپو تاقم و دەوڵەتە ترۆریستییانەی لەو ماوەیەدا ئارامیو ئەمنیەتیان لە ناوچە هەڵگرتوە، کۆماریی ئیسلامی ئێرانە.

پاشان عەزیز ئەحمەدی ئەندامی کۆمیتە وتاریکی لەم بابەتە پێشکێش کرد و لە بەشێک لە قسەکانی دا پرژایە سەر سیاسەتی دەستێوەردان و پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران.





لە بەردەوامیی کۆڕیادەکەدا لە لایان نەشمیل بەروەندیەوە پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کراو پەیامی هاوخەمی کومیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایان نوێنەری کۆمەڵە لەدەرەوەی وڵات خوێندرایەوە.

دواتر لەلایەن بەرپرسی ڕیکخستنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە سوئیس بەم بۆنەیەوە پەیامێک پێشکەش کرو. لە ناوئاخنی ئەم یادەوەرییەدا کەماڵ مامڵێ شاعیر و هونەرمەند بە چەند پارچە هۆنراوەو مووزیک و پەروین شەکووری و زاهید شاعیری هەر کام بە پارچە هۆنراوەیەک بەشدارییان لەم یادەوەریەدا کرد.

## دانمارک

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ کۆڕێکی پرسە و سەرە خۆشی بۆ ڕێزگرتن لە نوێترین شەهیدی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کۆمیتە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارک و خزم و کەسانی شە هیدی سوورخە ڵات هەژار قاسمی پێک هات. کۆڕەکە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ بە بەخێر هێنانی میوانان لە لایە ن کاک ڕەشید قازی ئەندامی کۆمیتەی حدک و بە سروودی ئەی شەهیدان و خولەکێک بێدە نگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و ڕوحی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزب لە لایەن کاک ڕەحیم خالید نژاد ئەندامی کۆمیتەوە خوێندرایەوە، کە تێیدا باس لە گەورەیی و شکۆ و مەقامی شەهید و ڕۆلی گرنگی شەهید لە هاندان و سوورتر کردنی ڕێبە ری و کادر و ئەندامانی حیزب و گەلی کورد لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان کە ڕزگاری گەل و سەربەخۆیی کوردستانە کرابوو.

پاشان پارچە شیعرێک بە نێوی (بۆ هەژاری شە هید ) خوێندرایەوە لە درێژەی ڕێوڕەسمەکە دا کە ژمارەیەکی زۆر بەر چاو لە ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان و حیزب ولایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی تێدا بە شدار بوون پارچە پەخشانێک لە لایە ن کاک ئەحمەد ڕەحمانییەوە خوێندرایە و پاشان کاک ناسر پیرانیو تێکۆشەری دێرینی حیزب لە لایەن بنەماڵەی شەهیدەوە وتارێکی پێشکەش کرد لە وتارەکە دا گرینگی و پێویستی خەباتی چەکداری و تێکۆشان لە نێوخۆی وڵاتدا ئاماژەی پێکرا، لە درێژە دا لە لایەن کاک هیوای زەبیحی ئەندامی دێرینی حیزب، چەند وشەیەکی لە بارەی گرێنگی چونەوە ناو کۆمەلانی خەڵک و خەبات لە نێوخۆی ولاتدا پێشکەش کرد. ئینجا وتارێک لە لایەن کاک موسا ڕەشید لێپرسراوی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە ولاتی دانمارک بۆ سەرەخۆشی و هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی شەهید و حیزب پێشکەش کرد. نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتارەکەیدا وێڕای دەربڕینی هاودەردی، ڕایگەیاند کە شەهید هەژار و شەهیدانی حیزب بە شەهیدی خۆیان دەزانن و هیچ جیاوازێک لە نێوان شەهیدانی کوردستان دانانێن و جەختی لە پێویستی یەکریزی گەلی کورد لە بەرامبە ر دوژمنان کردەوە. پاشان پەیامی پرسە و سەرە خۆشی کۆمیتەی یەکیەتی نیشتمانی لە ولاتی دانمارک لە لایەن کاک هیمداد عەوێز، بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە پێشکەش کرا. لە درێژەی کۆڕەکە دا پارچە شیعرێکی شاعیری پایەبەرز شێرکۆ بێ کەس بە نێوی لە شەوێکدا، لە لایەن خالید ڕەواندووست بۆ ئامادە بووان خوێندرایەوە. بروسکەی سەرەخۆشی کۆمەڵەی شۆرشگێری کوردستان پێشکەش کرا.

کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ کۆڕەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕە قیب کۆتایی پێ هات.



درێژەی:

# لە بارەی شەپۆلی نەتەوەیی هاوپێوەندی لە گەڵ خەڵکی کۆبانێ

حیزبی دیموکراتی کوردستان،هەر لە سەرەتای هێرشو پەلامارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەرناوچەکانی خۆراوای کوردستان،هاوخەمیو هاوپێوەندیی خۆی لە گەڵ خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان ڕاگەیاندوە. هەروەها لە چەند بەیاننامە و پەیامی ڕەسمیی پێشتری خۆیداو لە کەناڵی دیکەشەوە لە سەر پێویستیی فرەوانکردنەوەی بازنەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بە جۆرێک کە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش بگرێتەوە، پێی داگرتوە.ئیستا کە ئەم داوایە لەلایەن میلیۆنان خەڵکی کوردستان بەرەوڕووی ئەو هاوپەیمانەتییە کراوەتەوەو لە هەموو کاتێکیش زیاتر هەست بە پێویستییەکەی دەکرێ،جارێکی دیکە پێی لە سەر دادەگرینەوە. وەبیریش دێنینەوە کە لە نەبوونی ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەدا، کارەساتی مرۆیی گەورەتر لەوەی لە شەنگاڵ ڕووی دا،چاوەروان دەکرێ.

ئێمەهاودەردیو هاوپێوەندیی نەتەوەیی کە خەڵکی بەشەجۆراوجۆرەکانی کوردستان لە گەڵ خەڵکی خۆراوا بە تایبەتی کۆبانێ، نیشانی دەدەن، بەرز دەنرخێنین و ڕێزی لێ دەگرین. هەر لەو کاتە دا بە پێویستی دەزانین سەرنجی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای چەند خاڵی گرنگ رابکێشین. دام ودەزگا تەبلیغاتیوئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەزانن کە ناتوانن بەر بە لافاوی خەڵکی خرۆشاو بگرن،هەر بۆیە هەوڵ دەدەن بە ڕێگای خۆیان دا دەست بخەنە نێو ڕێپێوان و کۆبوونەوەکان تا لە لایەکەوە ڕوخسارو ناوەرۆکێکی دژبە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەم نارەزایەتیدەربڕینانە بدەن، لە لایەکی دیکەوە نەهێڵن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دەرفەتەدا باسێک لە بندەستیو بێمافییەکانی خۆیان لە ئێران دا بێننە گۆڕێ.هیواو چاوەڕوانیی ئێمە ئەوەیە ڕێگا نەدەن دامودەزگاکانی ئەو ڕێژیمە هاوپیوەندیی نەتەوەیی ئێوە لە گەڵ خەڵکی کۆبانێ بە ئاقارێکی دیکە دا ببەنو،بۆ وێنە بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ دەوڵەتانی دیکە یا بۆ سەرپۆشدانان لە سەر تاوانەکانی خۆی لە دژی خەڵکی کوردستان بەکار بێنێ. ئێوە باش دەزانن کە نەکبەتیی ئەو ڕێژیمە، نەک هەر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەڵکوو لە سۆنگەی هاوپەیمانەتی لە گەڵ ڕێژیمی درندەی سووریەو یاریکردنی بە کارتی کورد لە بەشەکانی دیکە، تەنانەت خەڵکی خۆراوای کوردستانیشی گرتوەتەوە. هەر بۆیە جێی خۆیەتی ڕێگای پێنەدرێ خۆی وەک دڵسۆز و پشتیوانی کورد لە بەشەکانی دیکە، بناسێنی و ئەم حەرەکەتانەی ئێوە بکاتە دەسمایەی ساتوسەودا لە گەڵ دەوڵەتانی ناوچە.

بە هیوای سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەکەمان دژی داگیرکاریو زۆرداریو تیرۆرو کۆنەپەرستی لە خۆراواو ڕۆژهەلات وهەموبەشەکانی کوردستان.

**ئێمەهاودەردیو هاوپێوەندیی نەتەوەیی کە خەڵکی بەشەجۆراوجۆرەکانی کوردستان لە گەڵ خەڵکی خۆراوا بە تایبەتی کۆبانێ، نیشانی دەدەن، بەرز دەنرخێنین و ڕێزی لێ دەگرین. هەر لەو کاتە دا بە پێویستی دەزانین سەرنجی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای چەند خاڵی گرنگ رابکێشین**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٣/٧/١٧**
**٢٠١٤/١٠/٩**

سەرنج بدەن!

« کوردستان» هەوڵ دەدا هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو ڕاپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕاگەیەنەکانی حیزب دەگەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو بکاتەوە.

داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ ڕاپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## خوێندکارانی کورد لە شیراز پشتیوانیی خۆیان لە خۆڕاگریی کۆبانی ڕاگەیاند

**شیراز. خوێندکاری کورد هاوار:**




ئێمە کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆی چوارشەمە ١٦ی ڕەزبەر، نارەزایەتیدەربڕینێکمان لە حەوشەی زانکۆی شیرازوەڕێخست کە موجەویزی نەبوو. سەرەتا ویستیان بەربە بەڕێوەچوونی بگرن، پێیان وتین کە دەبێ موجەویزمان هەبێت. بەڵام ئێمە هەر بەڕێوەمان برد. دروشمەکانی خوێندکارانی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە ئەوە بوو: «کۆبانی! کۆبانی! تۆ قەڵای بەرخۆدانی. کۆبانی تەنیا نییە ئێمە هەموو کۆبانین». لە کۆتایی کۆبوونەوەکە دا بەیاننامەیەک خوێندرایەوە. لە بەیاننامەکە دا بێدەنگی و بێتەفاوەتیی ولاتانی بەرەی دژە داعش لە ئاست هێرش و هەرەسەی داعش بۆ سەر کۆبانێ و هەر وەها پشتیوانیی وڵاتانی کەنداو لە داعش مەحکووم کرا.

## دەیان سەر وڵاغی کاسبکاران کوژران و دەست بە سەر بارەکانیشیاندا گیرا!



شەوی ١٥ لە سەر ١٦ی ڕەزبەر دوو دەستە کاروانچی لە شوێنێک بە ناوی کونە مار دەکەونە کەمینی دەستەیەک لە جاشەکان بە سەرپەرستتیی کەسێک بە ناوی سەید سەعدوون و لە لایەن ئەو جاشانەوە تەقەیان لێ دەکرێ. لە ئاکامی تەقەی جاشەکان دا ٢٢ سەر وڵاغی کاسبکاران دەکوژرێن و بارەکانیشیان بە تاڵان دەبرێن. شایانی باسە خۆفرۆش سەید سەعدوون و جاشەکانی ژێر فەرمانی ئەو، ئەوە چەندەمین جارە کە کەمین بۆ کاسبکاران دادەنێنەوە و وڵاغەکانیان دەکوژن و بارەکانیان تاڵان دەکەن.

شایانی باسەچەند شەو پێشتریش، هەر لە ناوچەی سەردەشت دەستەیەک لە کاروانچییەکان لە پشتی گوندی چەکۆ، دەکەونە کەمینی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم و تەقەیان لێ دەکرێ. لە ئاکامی ئەو تەقەیەش دا، ١٢ ئەسب دەکوژرێن و کەسێکیش بە توندی بریندار دەبێ. بارەکانیش لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستیان بە سەر دا دەگیرێ.

**سەردەشت، لە «خدر.پ» و «تاهیر .م»ەوە**

## بە ناوی خەڵکی مەهابادەوە ڕێز لە هیزی ئینتیزامی گیرا!!




ئەمڕۆ پێشنیوەڕۆ(١٦ی ڕەزبەر) لە مەهاباد ڕێورەسمێک بەڕێوەچوو بۆ ڕێزگرتن لە هێزی ئینتیزامی. بە ڕواڵەت بۆ قەدرزانیی خەڵکی مەهاباد لە هێزی ئینتیزامی و بەخشینی خەڵات و دیاری لە لایەن خەڵکەوە بەو هیزە پێکیان هێنابوو!! لەو ڕێورەسمە دا هەموو کارمەندانی هێزی ئینتزامی بەشدار بوون و ئەو هێزەش «رزمایش»(مانۆڕ)ێکی بەڕێوە برد. دیارە وەک عادەتیش ئیمام جومعە و فەرماندار و نوێنەرای شووڕا و هێندێک لە «پیاوماقووڵ»انی شار بۆ ئەو مەراسمە بانگ کرابوون. دیارە خەڵک هێزی ئینتیزامی وەک یەکێک لەو هێزانە سەیر دەکا کە لە زۆربەی تاوانەکانی ڕێژیم بەرامبەر خەڵکدا دەستیان هەیە، هەر بۆیە تەنانەت ئەوانەش کە بۆ تەماشا هاتبوونە سەیری ڕێورەسمەکە، گاڵتەیان بە ناودێرکردنی ڕێورەسمەکە وەک قەدرزانیی خەڵکی مەهاباد لە هێزی ئینتزامی دەهات. دەتوانم بڵێم کەمیی حوزووری خەڵک لە مراسمەکە بۆ خۆی بەڵگەیەکی باش بوو کە خەڵک چۆن سەیری ئەم هێزە دەکا و چەندە ڕێزی لێ دەگرێ!

**عەلی لە مەهابادەوە**

## هێرش بۆ سەر شیرکەتی شەروینی مەهاباد سەبارەت بە کەلکوەرگرتنی لە ئاڵای کوردستان

شیرکەتی شەروینی مەهاباد کە بەهەمهێنەری شیروماستو ڕۆنو خامەو پەنیرە، یەک لە کۆمپانیا بە ناوبانگەکانی پارێزگەی ورمێیە، ئەو شیرکەتە لە سەر ماڵپەرەکەی خۆی زانیاری و ڕێکلامی بە چوار زمانی ئینگلیسی، فارسی، کوردی و عەرەبی داناوە. لە گەڵ ناوی هەر کام لەو زمانانەش ئاڵایەکی داناوە. بۆ ئینگلیسی( ئاڵای بریتانیا) بۆ فارسی( ئاڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران)، بۆ عەرەبی( ئاڵای وڵاتی سەعوودی) و بۆ زمانی کوردییش( ئاڵای کوردستان).




ماڵپەڕی دۆڕنا نیوز و ژمارەیەکی بەرچاو لە ماڵپەرەکانی سەر بە ئیتلاعات و دامودەزگا ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم، هەروەها سایتەکانی زمانحاڵی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی تورک ، بە توندی دژکردەوەیان بەرامبەر بەکارهاتنی ئاڵای کوردستان لە لایەن سایتی شیرکەتی شەروین ، نیشان داوە. ئەو ماڵپەرە ، ئاڵای کوردستان وەک «پرچم مجعول» ناو دەبا و ڕەخنە لەوە دەگرێ کە هەرێمی کوردستان نە وڵاتیکی سەربەخۆیە و نە هیچ کەس لەم دنیایەیە ئەو سەربەخۆییەی بە ڕەسمی ناسیوە، بۆچی دەبێ ئالاکەی لە لایەن ئەم ماڵپەرەوە وەک هێمایەک بۆ زمانی کوردی، گەورە بکرێتەوە؟ دۆرنانیوز وەبیر دەزگا بەرپرسەکان دێنیتەوە کە پیویستە لەم ڕووداوە بە ڕواڵەت کەمبایەخانە کە لە ڕاستیدا پێخوۆرێکی چەورن بۆ وژمنانی نیزام، بکۆڵنەوە و پێشی خراپ کەلکوەرگرتن لە هەر بەرگێک و لە هەر قالبێک دا بگرن.

**ع.الف لە ورمێوە:**

## برینداربوونی کاسبکارێکی دیکەبە تەقەی هێزی ئینتیزامی

ڕۆژی ١٣ی ڕەزبەر لە نزیک ماڵەدۆم، هیزی ئینتیزامی کاروانچییەکانی دایە بەر دەسرێژ. لە ئاکامدا، کاسبکارێک بە ناوی ڕەحیم غەففاری، ٣٠ ساڵە، کوڕی عەبدوڵلا، خەڵکی ئەنجێنەی بەری مێرگ ، بە سەختی بریندار دەبێ. ناوبراو ئیستا لە نەخۆشخانەی بانەیە.

**لە بانەوە، قەڵاتەرەشی**

## کاریگەریی چالاکیی پاریزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر وورەی خەڵک



چالاکییەکانی ئەم دوایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە شەهیدبوونی پێشمەرگە هەژار قاسمی لە لایەک و کوژرانی چەندین پاسدار وبەکرێگیراو و برینداربوونی ژمارەیەک لە هیزەکانی ڕێژیمی بەدواوە بوو، لە ناوچەی ئێمەیش، کاریگەری باشی لە سەر ورە و بیر کردنەوەی خەڵک داناوە. دیارە بۆ شەهیدبوونی هەژار خەلک فرە بەداخ بوون.ژمارەیەک لەو کەسانەی من دیومن و گوێم بۆ گرتوون ئێژن ئەم چالاکیانە دەری ئەخەن کە حیزبی دیموکرات و هێزی پێشمەرگە هەر کات ئیرادە کەن ئەتوانن لە هەر شوێنێ پێویست بێ حوزوور پەیا کەن. بەلام دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم لە گەڵ ئەوەشا کە هەست بە ترس و نیگەرانیان ئەکرێت لە تەبلیغاتی خراو دژی پێشمەرگە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان غافڵ نین. ئەڵێن ئەمانە تیرۆریستن، بەستراوە بە سەلەفییەکانن و... دیارە بە خۆشییەوە خەڵک سەیری ڕاگەیەنە کوردییەکان ئەکەن و تەبلیغاتی دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم ناچێت بە گوێچکەیانا.

**لەیلاخ ٢٥، لە سنەوە**

## دەستبەسەرکرانی مەلایەک بە تاوانی هەبوونی پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ داعش

لە سەرەتای مانگی ڕەزبەرەوە، کەسێک بە ناوی مەلا هادی لە لایەن ئیتلاعاتەوە دەستبەسەرکراوە و ڕاپێچی دادگای ئیسلامیی شاری سەقز کراوە. بەو جۆرەی باس دەکرێ ئیتیهامی مەلا هادی هەبوونی پێوەندی لە گەڵ داعش بووە. بە پێی چەند زانیارییەک، هێندێک چەک و تەقەمەنی و بەڵگەنامەش کە دەگوترێ هی ناوبراو بوون، لەمزگەوتی ئاوایی هەرمیدۆڵی سەرشیوی سەقز، دەستیان بەسەردا گیراوە. بۆ ئاگاداریی خوێنەرانتان، مەلا هادی کوڕی حاجی سەعیدی هەرمیدۆڵە. ناوبراو دوو ژنی هەیە. دەگوترێ ژنی یەکەمی بە هۆی بەستراوەیی ژنی دووهەمی ناوبراو بە داعش، لێی جیابووەتەوە. مەلا هادی لە شاری سەقز، دوکانی فرۆشتنی دەرمانی گیایی هەبوە و لەم ڕێگایەوە دەیتوانی ئەو کەسانە ببینێ و پێوەندییان پێوە بکا کە مەبەستی بوون. با ئەوەش بڵێم ناوبراو پێشتریش دژی هەموو حیزبە کوردییەکان بوو و لە تەبلیغات بە دژیان خۆی نەدەپاراست، بەڵام ڕێژیم لەگەڵ ئەوە دا کێشەی نەبوو.

**هەباس لە سەقزەوە**

## کوژرانی کەسێکی بێتاوان و بێدیفاع لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە



ڕۆژی ١٩ی ڕەزبەر کەسێکی خەڵکی گوندی ئاڵوەتی بانە بە ناوی لوقمان خزری، کوڕی عەبدوڵلا، لە کاتی هێنانەوەی بار لە نزیک گوندی زەڵێی ناوچەی بانە، دەکەوێتە کەمینی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بە دیل دەگیرێ، پاشان زۆر بێڕەحمانە لە چۆمی چۆمانی بانە لە ئاودا دەیخنکێنن. ئەو کاک لوقمانە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و دڵسۆزدا لە دایک ببوو. مرۆڤێکی گەلدۆست و نیشتمانپەروەر بوو. یەکێک لە باشترین هاوکارانی پێشمەرگەکان و تێکۆشەران لە ناوچەی بانە بوو. ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبوو و لە هاوکاری لە گەڵ تێکۆشەرانی حیزب درێغی نەبوو. بە دڵنیایەوە، یەکێک لە هۆیەکانی گیان لێ ئەستاندنی لە لایەن هیزە جینایەتکارەکانی ڕێژیمەوە دوای بە دیلگرتنی ، ئەو تایبەتمەندیانەی بووە.

هاودەردی و هاوخەمی : ڕۆژنامەی «کوردستان» وێڕای بەداخبوونی بۆ هەموو ئەو مرۆڤە بێتاوان و بێدیفاعانەی بە دەستی بەکرێگیراوانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لێ دەستێندرێ و تووشی برینداربوون و زیانی گیانی و ماڵی دەبن، بە بۆنەی کوژرانی لوقمان خزری، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو مرۆڤە دلسۆز ونیشتمانپەروەرە دەکا.

**«دڵسۆز› لە بانەوە**

## پشتیوانیی منداڵان و شاخەوانانی حەسەناوا و سنە لە مندالانی کۆبانی و شنگاڵ

چەند ڕۆژ لەمەوبەر منداڵان و شاخەوانانی حەسەناوا و سنە ڕێپێوانێکیان بۆ پشتیوانی لە مندالانی کۆبانی و شنگاڵ بەڕیوە برد. لەم ڕێپێوانە، دەیان کەس لە منداڵان و شاخەوانانی خەڵکی حەسەناوا و شاری سنە بەشدار بوون. بەشداران بە ڕێپیوان چوونە سەرشاخێک لە نێوان ئاویەر و مەرەبزان(عنبربزان)، بە دانانی پلاکارد و وێنە لە سەر شاخەکە، هەر وەها ١ دەقیقە بیدەنگی، یادی ئەو منداڵانەیان کردەوە کە بە هۆی هێرشەکانی داعش لە شنگاڵ و کۆبانی شەهیدکراون یا تووشی ئاوارەیی بوون. و بەم جۆرە پشتیوانی و هاوپێوەندیی خۆیان لە خەڵکی شنگاڵ و کۆبانی ڕاگەیاند.

**ئارەش لە سنەوە**

## دەردی کورمانجەکانی خۆراسان، نەخوێندەواریی خۆمان و هەڵاواردنی بە ئەنقەست لە لایەن دەسەڵاتدارانەوەیە



بە ڕاستی ئێمە لێرە لە هەلومەرجێکی دژواردا دەژین. هەڵاواردن و جیاوازیدانان لێرە هەموو سنوورێکی تێپەڕاندوە. یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ئێمە کورمانجەکان لێرە، نەخوێندەوارییە. کوردانی خۆراسان لێرە دوور لە یەک دەژین. بە داخەوە ئێمە شارێکی گەورەمان نییە کە هەمووی کورمانج بن. ئەگەر شارێکی وامان هەبا، بە دڵنیاییەوە وەزعێکی دیکەمان دەبوو.ژمارەیەکی کەم لەکورمانجەکان لێرە ئاگاداری مێژوو و رابردووی خۆیانن. نازانن لە کوێیوە هاتوون بۆ ئێرە و بۆ چی هێنراون بۆ ئێرە. تکایە لە ڕێگای ڕاگەیەنەکانی خۆتانەوە باس لە دەردی ئێمە بکەن. دەردی ئێمە نەخویندەواریی خۆمان و هەلاواردنی بە ئەنقەست لە لایەن دەسەلاتدارانەوە.

**نوراللە، کورمانجێک لە خوراسانەوە**

# چالاکیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی حدک لەو چالاکیانە



مستەفا شەڵماشێ

زیاتر لە مانگێکە کەش و هەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر تیشکی چالاکی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات دایە. ئەوەندەی زانیاری من دەری خستبێ کاردانەوەیەکی زۆر و بەرفراوان، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ ئەو چالاکیانە هەبووە. کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان بە گشتی پێی دلخۆش بوون و هیوایەکی تازە لە دڵ و دەروونیان دا سەری هەڵداوە. کۆمەڵانی خەڵک تەنیا بە لەدەست دانی ڕۆڵەیەکی بە وەفای گەلەکەمان پێشمەرگەی قارەمانی شەهید «هەژار قاسمی» نارەحەت بوون و باقی هەواڵەکانی ئەو دەرکەوتنە تازەیە، زۆر دڵخۆشکەر بووە بۆ چین و توێژە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی خۆشەویستمان. دیارە لەو نێوە دا لایەن وکەسانی واش هەن کە قازانجی ڕێکخراوەیی و شەخسیی خۆیان لەوەدا نابینن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتکارەکانی ئەو مەیدانە جموجووڵی زیاتریان هەبێ، چونکە لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان نایەتەوە. تا ئەو جێگایە ی کە پەیوەندی هەبێ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خۆفرۆشەکانی سەر بەو ڕێژیمە، ئاسایی‌یە کە بە چالاکتر بوونی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نارەحەت بن و بە ڕێگای جۆراوجۆر هەوڵ بدەن لە کاریگەری ئەو جموجۆڵە شۆڕشگێڕانەیە، کەم بکەنەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆی نیشانی داوە، کە لە هیچ جووڵانەوەیەک و بەر هەڵستکارییەک، بە ڕاددەی جووڵانەوەی گەلی کورد ترسی نییە. هەر جووڵانەوەیەکیش کە لە کوردستان خۆی دەرخا، بەتایبەت ئەگەر سەرە هەودایەکی ئەو جووڵانەوەیە بچێتەوە لای حیزبی دێموکڕات، زراوی کاربەدەستانی ڕێژیم دەبا و بە ڕاستی بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر نیزامەکەیانی دەزانن.

هەر چەند جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕات بە درێژایی مێژوو خۆیان نیشانیان داوە کە جووڵانەوە و حیزبێکی ئاشتیخوازن و لە ڕابردوو و ئێستاش دا بە ڕێگای جۆراوجۆر و تەنانەت بە لە دەست دانی ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەواو قاسملو ڕایانگەیاندوە کە ڕێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وتوویژە، بەڵام چ ڕێژیمی پاشایەتی و چ کۆماری ئیسلامی لە هەر قۆناغێک دا، هەوڵیان داوە ئەو مەسەلەیە گرێ بدەن بە مەسەلەی ئەمنییەتیەوەو تەنیا ڕێگایەک کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە کردەوەدا بەکاریان هێناوە، ڕێگای کوشتار، ئێعدام ، تیرۆر و زەبر و زەنگ بووە. تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی بەزاهیر ویستویەتی نیشانی بدا کە توانای لە نێوبردنی جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕاتی هەیە. بەڵام لە ڕاستی‌دا هەموو ئەو جینایەتانەی لە ترس و لاوازییەوە سەرچاوە دەگرن . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە غیرەتی ئەوەی نییە کە چاوێک بەسەر هەڵوێستو کردەوەکانی ڕابردووی خۆی‌دا بخشێنێتەوەو خەسارناسییەک بۆ ئەو هەموو کردەوە دژی گەلیانەی کە هیچ چارەسەرێکیان بۆ مەسەلەکە بە دەستەوە نەداوە، بکا و تەنانەت ئەگەر بە قازانجی مانەوەی خۆشی بووە، هەنگاوێکی جیددی بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی و گرتنە بەری عەقڵانیی ڕێگاچارەکان ببینێتەوە. هەرچەندە گومان لەوە دا هەیە کە ماهییەتی ئەو ڕێژیمە ڕیگا بە کاربەدەستانی بدا، وەرچەرخانێکی سیاسی ئاوا بکەن. هەربۆیە ئێستاش بە زیاتر لە ڕیگایەک دا، پڕوپاگاندە دەکا کە گۆیا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شەڕی چەکداری دەست پێ کردوەتەوە. هەروا بزانە حیزبی دێموکڕات لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم دا شەڕی چەکداری دەست پێ کردبوو، دوایە بۆ چەند ساڵ ڕای گرتبو، ئێستاش دیسان دەستی پێ کردوەتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕات هیچ کاتێک شەڕی چەکداری دەست پێ نەکردوە. چ لە زەمانی شاداو چ لە سەردەمی خۆمەینی دا و چ دواتر حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی ناڕەواو جینایەتکارانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، تەنیا بەرگرییان لە خۆیان کردوە کە هیچ زمانێک نازانن جگە لە کوشتار و جینایەت. ئێستاش ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕیزەکانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات دا، تەنیا بەرگری لەخۆیان و گەلەکەیان دەکەن و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش وەک هەمیشە لە نێو خۆی وڵات دا سەرقاڵی کاری سیاسی و تەشکیلاتین و ئەگەر بۆسەشیان بۆ دابنرێ، یا هێرشیان بکرێتە سەر بێگومان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بەرگری دەکەن.

دەستەیەکی دیکەی تەنگاو بە چالاکتر بوونی خەباتکارانی ڕۆژهەڵات، جاش و خۆفرۆش و مەواد فرۆشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، کە لە ژێر سایەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دا خۆیان مەڵاس داوە و بۆ قازانجی شەخسی خۆیان، ڕۆژ نییە لاوانی وڵاتەکەمان لە گەڵ مەرگ ڕوو بەڕوو نەکەن. جا چ بە بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر، چ بە هێرش بۆ سەر کۆڵبەران و چ بە جاسوسی و بە گرت دانی ڕۆڵەکانی ئەم ئاو و خاکە بێ. ئەو خۆفرۆشانە بە چالاکتر بوونی ڕۆڵەکانی گەل تەنگاو دەبن و ترسیان وەبەر دەنیشێ. ئەوان بەڕاستی دەزانن کە خەباتکارانی گەلەکەمان چی دی ڕێگایان پێ نادەن گیان و سەر و سامانی لاوانی وڵاتەکەمان بە قازانجی خۆیان بخەنە مەترسیەوە و کوڕان و کچانی ئەم نیشتمانە بەرەو کوشتارگای ماددە هۆشبەرەکان ڕاکێشن. هەربۆیە بە هەر نرخێک بۆیان بکرێ، دەیانهەوێ مەسەلەکە ئەمنییەتی بکەن، تا لە سەنگەرەکانی هێزە سەرکوتکەرەکان دا بۆ ماوەیەک ژیانی سەرشۆڕانەی خۆیان درێژ بکەنەوە. تا ئێرە هەڵوێستی ئەو دوو دەستەیە دەرک دەکرێ و دەزانرێ بۆچی بە ئاشکرا بوق و کەڕەنای هەڵگیرساندنەوەی شەڕی چەکداری لێدەدەن.

بەڵام ئەوەی دەرک ناکرێ هەڵوێستی هێندێک کە سانی خۆ بە ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر زانە، کە بە هێنانەوەی بڕ و بیانوی جۆراوجۆرەوە دەیان هەوێ سابیت بکەن کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شەڕی چەکداری دەست پێکردوەتەوە و پاشان شێر و ڕێوی بێننەوە کە ئەوە بۆ جووڵانەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بۆ چالاکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قازانج نییە. بەر لە هەموو شتێکیش بۆ ئەوەی بۆچوونەکەی خۆیان بچەسپێنن، دوو تێرمی تەواو جیاواز لە یەکتر، تێکەڵ دەکەن و بە یەکی دادەنێن. ئەویش تێرمەکانی شەڕی چەکداری و خەباتی چەکدارییە. کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەڕەواکانی خۆی دەیان ساڵە خەباتی چەکداری دەکا. ئەویش بەو مانایەی کە بە خاتری دڕندەیی دژبەرەکانی، لە خەباتی سیاسی خۆی دا، ناچار بووە بۆ دیفاع لە خۆی چەک لە شانی بکا، بۆ ئەوەی خۆی و گەلەکەی لە هێرشی دوژمنان بپارێزێ‌و دیفاع بکا. بەڵام هەرگیز شەڕی دژی هیچ هێزێک دەست پێ نەکردوە و پەلاماری هیچ دراوسێیەک و وڵاتێک و گرووپێکی نەداوە. کەوابوو ئەوەی کە شەڕی چەکداری دژی گەلی کورد دەست پێ کردوە، دوژمنەکانی ئەو گەلە بوون و ئێستاش پارێزەرانی ڕۆژهەڵات و کادر و ئەندامەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر ئەو کارە دەکەن و لە وەتەی حیزبی دێموکڕاتیش دروست بووە هەر ئەوکارەی کردوە. هیچ مەسەلەیەک نە گۆڕاوە تەنیا ئەوەندە نەبێ کە ڕەنگە لەو مانگانەی دوایی‌دا سەرنجی زۆرتر درابێ بە چالاکی سیاسی، تەبلیغاتی‌و تەشکیلاتی لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مەسەلەی ڕۆژهەڵات میحوەری بۆ خەباتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات هێناوەتە گۆڕێ و بێگومان کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرمی ڕۆژهەڵاتی وەڵامی ئەو داوا ئوسولی و ڕەوایەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەدەنەوە.

لاوانی کورد تینوی خەباتی ڕەواو و ئوسولین. جگە لەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای متمانە و باوەڕ پێکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. هەموو لایەک دەبێ بزانن کە حیزبی پێشەوا، قاسملو و شەرەفکەندی و دەیان ڕێبەری شەهیدی دیکە، لەسەر لاوانی ڕۆژهەڵات نفوزی زۆرەو ئەگەر بیرۆکەیەک لە شێوەی خەبات و بۆچالاکتر کردنی خەبات بێنێتە گۆڕێ، بێگومان هاندەر دەبێ بۆ لاوانی وڵات. پێویستە ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە چالاکتر بوونی خەبات لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا ئەگەر نەبێتە هۆی بە هێز بوونی هێزە خەباتگێڕەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە هیچ جۆر نابێتە هۆی لاوازییان. هەروەک چۆن بەهێزبوونی حکوومەتی هەرێمی باشوری کوردستان، بە هێزبوونی ئیدارەی خۆ جێیی ڕۆژئاوای کوردستان و بە هێزبوونی جووڵانەوەی کورد لە باکوری کوردستان دەبنە هۆی بە هێز بوونی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بەو جۆرەش بەهێز بوونی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە هۆی بە هێزبوونی جووڵانەوەی کورد لە پارچەکانی دیکە. دەبێ هەموو لایەک ئەوەیان لە بیر بێ کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات هەمیشە پشت و پەنای جووڵانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە بووە. ڕێبەریی جووڵانەوەی هەموو پارچەکان لە ساڵانی پێشودا لە ڕۆژهەڵات گیرساونەوە و یارمەتیان دراوە. ماوەیەکی زۆر جوڵانەوەی ڕۆژهەڵات بە خاتری باشوور دەستی لە زۆر پێداویستی خۆی هەڵگرتوە. لە هەموی گرنگتر، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەرگیز هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان کارێکیان نەکردوە کە بە پێچەوانەی قازانجی بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ. بەڵام ئەوانە هەمووی بەومانایە نییە، کە ڕۆژهەڵات دەست لە خەبات هەڵگرێ.

تەنانەت لە شەڕی داعش دژی باشوردا، هێزەکانی ڕۆژهەڵات زۆر نەتەوەیی جووڵانەوە و هەمویان ئامادەیی خۆیان بۆبەرگری لە باشور ڕاگەیاند. هەر بەو جۆرەش بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوا هەڵوێستیان گرت. کەوابو با هیچ کەس نەتەوەیی بوون بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕات نەفرۆشێ. مێژووی حیزبی دێموکڕات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی و پشتیوانی نەتەوەییەوە، جێگای شانازییە و کەس ناتوانێ فەخرفرۆشی بەسەرەوە بکا.

ئەوەندەی پەیوەندیشی هەبێ بە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیچ شێوەیەک نابێ تێکەڵ بە جوڵانەوەی سیاسی بکرێ.

کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی خۆی نیشانی داوە کە لە هەر حاڵ دا ناتوانێ هیچ جیابیرێک تەحەممول بکا. خەباتی چەکداری بەهێز بووبێ، یا لاواز کۆماری ئیسلامی هەموو ڕێگاکانی هەر داخستوە. تەنانەت زۆرجار بۆ خاتری هێورکردنەوەی خەڵک ڕاست لەو کاتەدا، بڕێک چاوپۆشی کردوە لە خەباتی مەدەنی، کە خەباتی سیاسی و چەکداری بەهێزتر دەرکەوتبێ. ئەگەر لە کوردستان تا ڕاددەیەک مەسەلەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕێگای پێ دراوە، ڕاست بۆ ئەوە بووە کە لە کوردستان خەباتی سیاسی بە هێزتر بووە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران.

قسەی کۆتایی ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتییەکان بە هەموو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی و ئەنجومەنەکانی دەرەوە و نێو خۆوە، تەنیا دوو ڕێگایان لە بەردەمە، یا بە یەکگرتوویی زۆر چالاکتر بێنە مەیدان، یا بە تێپەڕبوونی زەمان، بەرە بەرە شکست و تێداچوونی خۆیان قەبووڵ بکەن.



دریژەی: هەواڵو ڕاپۆرت

## دیداری هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردانی سویس لەگەڵ باڵۆیزخانەی ئەمریکا لە شاری بێرن

هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی خۆپێشاندەرانی پشتیوانی لە کۆبانی کە پێشتر لە خۆپیشاندانێکدا بە بەشداری کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ پشتیوانی لە کۆبانی لە بەردەرگای باڵۆێزخانەی ئەمریکا لە شاری «بیرن»ی وڵاتی سویس کۆببوونەوە، سەردانی باڵۆێزخانەی ئەو وڵاتەیان کرد و لە لایەن خاتوو ڕاچایل دۆهێرتی، بەرپرسی سیاسیی باڵۆێزخانەوە پێشوازیان لێکرا.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا بارۆدۆخی کۆبانی، هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، بارودۆخی زیندانیانی سیاسی‌و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران‌دا کەوتنە بەر باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا.

هەر لە چوارچێوەی باسەکانی ئەو دیدارەدا ئاماژە بە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا کە بە سیاسەتە دژەمرۆیی و ئاژاوە گێڕییەکانی لەناوچەکەدا لە ماوەی ئەو ٣٥ ساڵەی تەمەنی خۆیدا بۆتە سەرچاوەو ماکەی سەرەکیی سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی‌و لە ئێستادا پشتیوانی سەرەکیی گرووپە تیرۆریستییەکانە.



لەو دیدارەدا ئەو شاندە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلەیان لە بابەت بارودۆخی زیندانیانی سیاسیی کوردو ئێرانی‌و هەڕەشەی جیددی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی‌و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران پێشکەش بە بەرپرسی سیاسی باڵوێزخانەی ئەمریکا کرد.

شایانی باسە خانمی دۆهێرتی گوتی کە بڕیارنامەکە و تەواوی ئەو داواکارییانە بە ئامانەتەوە لەگەڵ واشێنگتۆن دێنێتە بەرباس.

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانێ

**دانمارک**

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەر لە لایەن فدراسیۆنی کۆمەڵە ی کوردانی دانمارک ئینسیاتیف و بە هاوکاری کۆمەڵەی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان خۆپێشاندانێک بە بەشداری کوردان و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، جێگیر لە وڵاتی دانمارک، بە مەبەستی مەحکوم کردنی هێرشی دڕندانەی چەکدارە دڕندەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام (داعش)و پشتیوانی لە خەلکی کۆبانێ بەڕێوە چوو. شاندێکی کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە بەرێزان ڕەحیم خالید نژاد و ڕەشید قازی و خالید ڕەواندوست ئەندامانی کومیتە و بە هاورێیەتی رادەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب بەشداری خۆ پێشاندانەکە بوون. ئەو خۆپێشاندانە کە لە بەر دەرگای پارلمانی دانمارک بەڕێوە چوو، سەرەتا بە خولەکیک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان وسروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب دەستی پێکرد.

سەرەتا پەیامی ئینسیاتیف و کۆمەڵەی کوردانی ڕۆژئاوا بە زمانی کوردی و دانمارکی خوێندراوە پاشان خاتوو ئۆزلەم چیچەک ژنە پارلمانتاری کورد بە زمانی دانمارکی وتارێکی لە سەر بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی و خۆرئاوای کوردستان بە تایبەتی و هەرەشەکانی داعش و هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا و پێویستی یەکڕیزی گەلی کورد و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی پێشکەشی ئامادە بووان کرد. پاش وتارەکەی خاتوو ئۆزلەم، بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانێ و دهوروبەری لە لایەن خالید ڕەواندوست، ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە دانمارک خوێندرایەوە. لە درێژەی بەرنامەی کاری خۆپیشاندانەکە دا پە یامی بەشێک لە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی دیکەش خوێندراوە و خوپێشاندانەکە لە سەعات ٥ی پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.



# تێچووی بەردەوامیی بزووتنەوە لە کوردستان هەتا کەنگێ لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک بێت؟

## چەند قسەیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**قادر وریا**

هەوڵدان بۆ ئەوەی نەتەوکەت لە بندەستی و ڕۆژڕەشی رزگاری بێت، ئەرکێکە پێویست و پیرۆز. لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە دا، ئەوانە پتر دەسپێشخەر دەبن و زیاتر دەچنە پێش، کە هەم تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەیی و گشتییان لە سەرترە، هەم هەستکردن بە بەرپرسایەتی و دەروەستبوون لەوان دا زیاترە. بەم پێیە بۆ ئەوەی کەسانێک، بەشێک یا هەموو ژیانی خۆیان بۆ خزمەت بە نەتەوەکەیان و خەبات لە پێناوی ئازادبوونی دا تەرخان بکەن، دەبێ لە لایەکەوە هەست بە بندەستی و بێبەشیی نەتەوەکەیان بکەن، لە لایەکی دیکەوە ئازایەتیی ئەوەشیان هەبێ بۆ نەهێشتنی ئەو بندەستی و بێبەشییە، هەنگاوی پێویست هەڵ بگرن.

نەتەوەی کورد بە گشتی و خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی، مێژوویەکی دەوڵەمەندیان لە خەبات لە پێناوی بە دەستهێنانی ئازادی دا هەیە. زۆر بۆ دواوە ناگەڕێینەوە. سەیرێکی مێژووی نوێی نەتەوەکەمان لە پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئیستا بکەن. ئەوانەی لە ٧٠ ساڵی ڕابردوو دا، لەم ڕێیە دا گیانیان بەخشیوە، تووشی بەندیخانە و دەربەدەری بوون، بریندار و کەم ئەندام بوون، زیانی ماڵی و ماڵوێرانیان پێ بڕاوە، یا لە سەر ئازادیخوازی و پشتیوانی لە خەباتکاران و ئازادیخوازان تاڵاویان چێشتوە، کەم نین.

دیارە خەبات لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتنی نەتەوە و کۆمەڵ دا ڕێگای جۆراوجۆری هەیە. کەسانێک، تێکۆشانی سیاسی و خەباتی نهێنی بۆ ئەم مەبەستە هەڵ دەبژێرن. ژمارەیەک، دەچنە نێو بواری زانست و کولتوور و هونەر وفکر و مەعریفەت بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە، خزمەت بکەن. کەسانێک، سامان و توانای ماڵیی باشیان هەیە و لە ڕێگای ئابوورییەوە، هەوڵی بەرەوپێشبردنی وڵات و نەتەوە و کۆمەڵی خۆیان دەدەن. هەمووی ئەوانە و زۆر ڕێگای دیکەش بە مەرجێک هەوڵەکان، نیازی خزمەتکردنی نەتەوە و خەڵک و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵیان لە پشت بێ، جێگای ڕێزن.

شتێکی سروشتییە کە لە نێوان ئەم جۆرە کەسانە و کەسانێک کە تەنیا بەژەوەندەی تاکەکەسیی خۆیان بە لاوە گرنگە و ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە نەتەوەکەیان، خەڵکەکەیان، کۆمەڵ و نیشتمانەکەیانە، جیاوازیی زۆر گەورە هەیە.بەڵام لەنێو هەر کام لەو دوو بەشەش دا، کە دەکرێ بە باش و خراپ پۆلێنیان بکەین، گرووپێکی تایبەت هەیە کە ئاوێنەی باڵانوێنی تایبەتمەندیی سەرەکیی بەشەکەی خۆیانن. لەنێو بەشە باشەکەی خەڵک و کۆمەڵ و وڵاتێک، کەسانێک هەن کە نەک هەر ڕێگای خزمەت بە کۆمەڵ و وڵات و نەتەوەی خۆیان هەڵ دەبژێرن، بەڵکوو دژوارترین ڕێگاش هەڵ دەبژێرن. ئەگەر خەڵکی دیکە، لە پەنا ژیانی ئاسایی خۆیان دا، بەشێک لە کات و بیر و توانا و سەرمایەی ماددی و مەعنەویی خۆیان، بۆ خزمەتی کۆمەڵ و خەڵکەکەیان تەرخان دەکەن، ئەمانە، هەموو ژیانی خۆیان و گیانی خۆشیان بۆ ئەو ڕێگایە تەرخان دەکەن. با ڕاشکاوانە بڵێین مەبەستمان چ کەسانێکە. ئەوانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستانیان بۆ خزمەت و تیکۆشان هەڵبژاردوە، لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە دا کاریان کردوە و کار دەکەن، بوون بە پێشمەرگە و بە هەزارانیان لێ شەهید بوون، یا تووشی کەمئەندامی، ئاوارەیی، ژیانی نائاسایی و دوورە وڵاتی بوون، سەبارەت بە هاوکاری لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیە کەوتوونە بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئێعدام بەشیان بووە، ئەمانە، سەرچڵ و سەرتۆپی مرۆڤە باش و خۆبەخشەکانی نەتەوە و کۆمەڵگەی خۆیانن. لە ڕاستیدا ئەو دەستەیە و بنەماڵەکانیانن کە گەورەترین و زۆرترین تێچووی گەیشتنی نەتەوەکەیان بە ئازادی و مافەکانی، دەدەن.

وەک وترا لە نێو ئەو بەشەی خەڵکیش دا کە هیچ ئەرکێکیان لە بارەی خزمەت بە نەتەوە و کۆمەڵ و نیشتمان نەخستوەتە سەرشانی خۆیان، دەستەیەکی تایبەت هەن. ئەو دەستە تایبەتە هەر بەوەندە ڕازی نەبوون و نابن کە هیچ سوود و خێرێکیان بۆ نەتەوە و خەڵکی خۆیان نەبێ، بەڵکوو ڕێک ڕێگای دژایەتی و خەیانەت بەرامبەر بە گەل و نیشتمان و کۆمەڵی خۆیان هەڵبژاردوە. ئەوانە دەستیان لە گەڵ دامودەزگا بەدناو و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمێک کە گەلەکەیانی لە بندەستی دا ڕاگرتوە، تێکەڵ کردوە. بە شێوەی ئاشکرا و نیوە ئاشکرا، هاوکاریی ئەو دامودەزگایانە دەکەن کە کاریان سەرکوت و چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستانە. تێیان دایە چەکی خەیانەتی هەڵگرتوە و دەستی بە خوێنی تیکۆشەرانی کورد سوور بووە، یا بوون بە چاو و گوێی ئیتلاعات و سوپای پاسداران و بەسیج، بۆئەوەی باشتر بتوانن دەست لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی خۆیان بوەشێنن. ژمارەیەکیش بە گوێرەی پیشەکەی خۆیان و لە شوێنی کار و هەڵسووڕانیان، بەرنامە و مەبەستە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمە جێبەجێ دەکەن. بۆ وێنە مینبەری مزگەوت و پێشنوێژی و پیشەی مەلایەتی بۆ خۆشخزمەتی بە ڕێژیم و دژایەتی لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان بە کار دێنن. یا بە پشتگیریی کاربەدەستان و مۆرە گرنگەکانی ڕێژیم، لە بازار و بواری ئابووری دا، مەیدانداری دەکەن و لە ڕێگای لە مەیدان وەدەرنانی خەڵکی دیکە و پاوانکردنی بوارەکە بۆ خۆیان، سوودێکی زۆر بۆ خۆیان و شەریکەکانیان، دابین دەکەن. ئەمانە نەک هەر لە گەڵ ئەخلاق، ویژدان، نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری و سوودگەیاندن بە خەڵک و نەتەوەی خۆیان بێگانەن، بە پێچەوانەوە ڕاست لە سەر حیسابی ژێرپێخستنی هەمووی ئەوانە و خزمەت بە دوژمنانی نەتەوەکەیان، بوون بە خاوەن سامان و سەرمایەیەکی خەیاڵیی و ژیانێکی مشەخۆرانە. ئەو تاقمە لە ڕاستیدا، گاڵتەیان بەو کەسانە دێ کە سەربەرزانە و شەرافەتمەندانە دەژین و پێیان شەرمە نیشتمانفرۆشی و خۆفرۆشی بکەن.

**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان لێبڕاوە بە بردنەپێشی سیاسەت و تێکۆشانێکی هەمە لایەنەی ڕۆژهەڵاتتەوەر، گیانێکی نوێ بە بەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا، بکاتەوە**

ئەرکی هێزێکی سیاسیی خاوەن ڕۆڵ لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ئەوەیە، زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بۆ هاوکاری لە گەڵ بزووتنەوەکە ڕابکێشێ و هەر کامیان بە جۆرێک بەشداری مەیدان و بوارە جیاوازەکانی خەبات لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانیاندا بکا. نابێ هەرچی تێچوو و پێداویستیی بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەیەکە، تەنیا لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک و کۆمەڵ بێت، بەشێکیش هیچ قورساییەک نەکەوێتە سەرشانیان. لە مانەش گرنگتر ئەوەیە نابێ،تاقمێک مشەخۆر، لە سەر حیسابی دوژمنایەتیی نەتەوەکەی خۆیان و خەیانەت بە خەڵک، بە بەردەوامی سامان پێکەوە بنێن، پلە و پایەیان بچتە سەر و بە ڕیشی کۆمەڵگە و بزووتنەوە پێ بکەنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لێبڕاوە بە بردنەپێشی سیاسەت و تێکۆشانێکی هەمە لایەنەی ڕۆژهەڵاتتەوەر، گیانێکی نوێ بە بەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا، بکاتەوە. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە قورس و پیرۆزە، پێش هەموان، هاوکاری و پشتیوانیی دلسۆزانی هەمیشەیی بزووتنەوەکەی پێویستە. دیارە لە پلەی یەکەم دا لە سەر پشتیوانی و هاوکاریی ئەوانە حیساب دەکەین کە لە درێژایی مێژوو دا بنکە و پێگە و پشتیوانی ئەم حیزبە و بزووتنەوەی سۆڕشگێرانەی کوردستان بوون. بەشێکی دیکەی کۆمەڵ، ئەوانەن کە لە ڕیزی پشتیوانان و دڵسۆزانی بزووتنەوە دان، بەڵام بە هەر هۆیەک هەیە، نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان لە ئاست بزووتنەوە جێبەجێ بکەن. لەوانەیە هەلیان بۆ نەڕەخسابێ، یا بە هۆی سیاسی و ئەمنییەتی، بۆیان نەگونجاوە، پشتیوانی و هاوکاریی پێویستی بزووتنەوە و حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەن. ئەو بەشە ئەگەر پێشمەرگایەتی و چوونە بەندیخانە و ئاوارەیی و زۆر نەهامەتیی دیکەشیان لە پێناوی داهاتووی نەتەوەکەیان دا، نەگرتووەتە خۆ، لانیکەم پێویست بوو و پێویستە لە باری ماڵییەوە هاوکار و پستیوانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بن. یا لانیکەم دەبوا ئاگایەکیان لەو بنەماڵانە بێ کەلە سۆنگەی بەشداری لە بزووتنەوەی کوردستان دا، یەک یان چەند کەسیان شەهید یا نەقوستان بووە یا کەوتوونە بەندیخانە، و لە گەڵ کێشە و ئاستەنگی جۆراوجۆر بەرەوڕوون. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەورەی نوێی تێکۆشانی خۆی دا، ئەم بەشە لە خەڵکی کوردستان وەبیر ئەو ئەرکانە دەخاتەوە کە لێیان کەمتەر خەم بوون و گوێی خۆیان لێ خەواندوە. لەم بارەیەوە بە ڕاشکاوی و بێپەردە چاوەڕوانیی خۆی لە گەڵیان باس دەکا و ئەرکداریان دەکا.

بەڵام حیسێبی ئەو مشەخۆرانەی کە لە سۆنگەی خەیانەت بە گەل و نیشتمان و دەست تیکەڵکردن لە گەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، دەستیان بۆ ڕاوورووت و گەندەڵی و پێکەوەنانی سامانی خەیاڵی، ئاوەلا کراوە، شتێکی جیاوازە. لە ڕاستی دا، سامانی ئەوان، سامانی دەستبەسەرداگیراوی خەڵکە. هەر بۆیە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵ هاوکار و ڕێخۆشکەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بن بۆ لەقاودانی گەندەڵییەکانی ئەم تاقمە و دەستبەسەرداگرتنی سامانیان بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بە قازانجی بەرنامە و پرۆژەکانی خەباتی ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم تاقمە وەک زەروو دەمیان ناوەتە خوێنی خەڵک و نەتەوەکەی خۆیان. بۆیە پێویستە کۆمەلانی خەڵک و هێزەسیاسیە خەباتکارەکان هەر کام لە ڕێگای خۆیانەوە، تەنگ بەم مشەخۆرانە هەڵ بچنن و دەستی تاڵان و دزیکردنیان لە سەر خۆیان و کۆمەڵ و نیشتمانەکەیان کورت بکەنەوە. لە داهاتوو دا لەم بارەیەوە لە گەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان پتر دەدوێین.

**ئەرکی هێزێکی سیاسیی خاوەن ڕۆڵ لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ئەوەیە، زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بۆ هاوکاری لە گەڵ بزووتنەوەکە ڕابکێشێ و هەر کامیان بە جۆرێک بەشداری مەیدان و بوارە جیاوازەکانی خەبات لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانیاندا بکا**

---

## کۆبوونەوەی یەکگرتنی ئوسوولگەراکان!



**حەسەن شێخانی**

ڕۆژی شەممە، ١٩ی ڕەزبەر کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی «کۆبوونەوەی یەکگرتنی ئوسوولگەراکان» پێک هات. ئەم جڤینە بۆ ماوەی زیاتر لە یەک حەوتوو یەکێک لە باسە گەرمەکانی ڕۆژنامەکان و بە گشتی ڕاگەیەنەکانی ئێران بوو.

پرسیار ئەوەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ پێکهات؟ چ کەسانێک و، چ ڕەوتگەلێکی ئوسوولگەرا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون؟ ئایا کۆبوونەوەی هەموو ئوسوولگەراکان بوو یان تەنیا بەشگەلێک لە ئوسوولگەراکان تێیدا بەشدار بوون؟

١)هەرچەند هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەیەم لە ڕەشەمەی ١٣٩٤ دا بەڕێوەدەچێ، واتە ساڵێک و چەند مانگی بۆ بەڕێوەچوونی ئەو هەڵبژاردنانە ماوە، بەڵام هەم کۆبوونەوەی ئاماژە پێکراو و، هەم کۆبوونەوەکانی باڵی بەرامبەر(ریفۆرمخواز) نیشان دەدا کە باڵەکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی، هەر لە ئێستاوە خەریکی خۆئامادە کردنن بۆ ئەو هەڵبژاردنانە.

بە هۆی جۆراوجۆر ئوسوولگەراکان توانیان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسەکانی ٧ و ٨ و ٩ بەدەست بێنن. ئوسوولگەراکان لە حەوتەمین خۆلی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دا، بەرەیەکیان بە سەر لیستی حەداد عادڵ و ئەحمەد تەوەککولی پێکهێنا و توانیان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیس بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ٨ دا بە پێکهێنانی بەرەیەک بە ناوی ٥+٦، کێبەرکێکانی ئەو خولەیان بردەوە. لەو مەجلیسەدا فەراکسیۆنگەلێکی نوێ، لەوانە فەراکسیۆنی شۆڕشی ئیسلامی و لە کۆتایی ئەو مەجلیسەش دا فەراکسیۆنی بەرەی پایەداری، بوونی خۆیان ڕاگەیاند.١

لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ٩ دا هەرچەند ئوسوولگەراکان نەیانتوانی بە بەرەیەکی یەکگرتوو بەشداری هەڵبژاردنەکان بن، بەڵام(هەروەک جارەکانی پێشوو) بە هۆی ڕەددی سەلاحییەتی پاڵێوراوەکانی سەر بە باڵی بەرامبەر، لە لایەن شورای نیگابانەوە، و لەم نێوەدا بە هۆی بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنانە لە لایەن ریفۆرمخوازەکانەوە، توانیان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسی ٩ش بەدەست بێنن. بەو پێیە لە مەجلیسی ٩دا ئوسوولگەرا توندڕەوەکان لە چوارچێوەی فەراکسیۆنی «ئوسوولگەرایان» دا خۆیان ڕێکخست و ئوسوولگەرا میانەڕەوترەکانیش فەراکسیۆنی «ڕەهرەوانی ویلایەت»یان، کە زۆرینەی نوێنەرانی مەجلیس لە خۆدەگرێ، پێکهێنا.

یەکگرتوویی ئوسوولگەراکان هۆکارێکی سەرکەوتنیان بوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری نۆیەم و دەیەم دا. بەڵام لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری یازدەیەم دا، چەند پاڵێوراویی، یەکێک لە هۆیەکانی شکستیان بوو. ئوسولگەراکان بۆ بەرگرتن لە شکستێکی دیکە و، بۆ دووبارەکردنەوەی سەرکەوتنەکانی پێشوویان، کۆبوونەوەی ١٩ی ڕەزبەریان پێک هێنا کە لە ڕاستیدا چوارەمین کۆبوونەوەیانە لە ماوەی ساڵێک دا.

٢)ڕەوتەکانی ئوسوولگەرا بریتین لە: ئەلف) توندڕەوەکان: بەرەی «پایەداری»، «جەمعییەتی ئیسارگەران» و «جەمعییەتی ڕەهپوویان» ب) ئوسولگەرا نوێ یان میانەڕەوەکان، کە گرووپەکانی سەر بە موحسین ڕەزایی، قالیباف و هەروەها بەشێکی بەربڵاو لە فەراکسیۆنی «ڕەهرەوانی ویلایەت»ی (سەر بە عەلی لاریجانی) دەگرێتەوە. ج) ئوسوولگەرا نەریتییەکان، کە کۆمەڵەکان(کۆمەڵی ڕووحانییەتی خەباتگێڕ و کۆمەڵی وانەبێژانی حەوزەی زانستیی قوم)، حیزبی «موئتلفە« و ... لە خۆ دەگرێ.

بە گشتی لە کۆبوونەوەی ١٩ی ڕەزبەر دا دوو ڕەوتی توندڕەو و نەریتی بەشدار بوون، بەڵام ڕەوتی میانەڕەو(کە پێگەیەکی بەرینتری جڤاکیان هەیە) بەشدار نەبوون. بە دەربڕینێکی دیکە عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ناتق نووری، حوسێن شەریعەتمەداری، عەلی ئەکبەر ئەبوو تورابی، ئەمیر موحبیان، مورتەزا نەبەویی، محەممەد ڕەزا باهونەر، عەلی لاریجانی، موحسین ڕەزایی، قالیباف و ... لە کەسایەتییە دیارەکانی ئوسوولگەرا، لەو کۆبوونەوەیە دا بەشدار نەبوون. وەک دەردەکەوێ لە دوو ڕەوتی بەشدار بووش، بە تایبەت لە ڕەوتی نەریتی، ڕووخسارگەلێکی دیار بەشدارییان نەکردووە.

لە نێو ئوسوولگەراکان دا لەسەر ئەوەی کە کێ چەقی یەکگرتن بێ، جیاوازیی بیروڕا هەیە؛ بەرەی پایداری کە خۆیان بە ئوسوولگەرای ڕاستەقینە دەزانن، لەسەر ئایەتوڵڵا میسباح پێدادەگرن، بەشی زۆری ئەوانی دیکە، کۆمەڵەکان بە چەقی یەکگرتن دەزانن. ئەسەدوڵڵا بادامچیان ئەندامی حیزبی موئتلفە، سەرەڕای بەشداریی لە کۆبوونەوەی یەکگرتنی ئوسوولگەراکان دا، دەڵێ: ئەگەر دەمانەوێ لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا تووشی کێشە نەبین، دەبێ کۆمەڵەکان بە تەوەری یەکگرتن بزانین. بەرەی پایەداری کە ئێستا بۆتە حیزب، لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ٩دا کۆمەڵەکانی بە تەوەری یەکگرتن قبووڵ نەکرد، هەر بۆیەش بە لیستی جیا بەشدارییان کرد؛ هەرچەند نەیانتوانی کورسی زۆر بەدەست بێنن.

حیشمەتوڵڵا فەلاحەت پیشە کە چالاکێکی ئوسوولگەرایە، دەڵێ: بە قسە و کۆبوونەوە یەکگرتن پێک نایە، جیاوازیی قووڵ لە نێوان ئوسوولگەراکان دا هەیە و هەر چەشنە یەکگرتنێکیش دەبێ بە ئالاهەڵگریی ئوسوولگەرا میانەڕەوەکان بێ.

وەک ئاماژەی پێکرا، کۆبوونەوەی ١٩ی ڕەزبەر، کە بە مەبەستی لێک نزیک بوونەوەی ئوسوولگەراکان پێک هات، لێکدانەوە و کاردانەوەی زۆری لە نێو هەر دوو باڵی ئوسوولگەرا و ریفۆرمخواز دا لێکەوتەوە. بە تایبەت بەشداربووەکان، ئەو کۆبوونەوەیان وەک سەرەتایەکی باش بۆ لێک نزیک بوونەوە وێنا کرد، لە بەرامبەردا ریفۆرمخوازەکان، گومانیان خستە سەر پێکانی ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە. د. سادق زیباکەلام دەڵێ: ئوسوولگەراکان تا هەنووکە بە خۆیان دا نەچوونەوە، ئەوان لە دوای هەڵبژاردنی ٩٢ ڕێبەرییان بە توندڕەوەکان سپاردووە، بۆیە ناتوانن ئامانجیان بەدی بێنن.

ریفۆرمخوازەکان هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ٩یان بایکۆت کرد، بەڵام ئەمجارە بە نیازن بەجیددی بەشدار بن، ئەگەر پاڵێوراوەکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن شۆرای نیگابانەوە ڕەدی سەلاحییەت نەکرێن، دەبنە ڕکابەرێکی جیددی بۆ ئوسوولگەراکان و، لەوانەیە مەجلیسی دەیەم پێکهاتەیەکی جیاوازیی لە مەجلیسی ٩ هەبێ.

**پەراوێز:**

**١)وەرگیراو لە ڕۆژنامەی سیاسەتی روز، ١٩ ڕەزبەر**

# ئایا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو هەلومەرجێکی نوێ دەچێ؟



مستەفا مەعرووفی

مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە تا کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی بەبێ حیزبی دیموکراتی کوردستان مێژوویەکی سەقەت و بەتاڵە. بەڵام لە ٢٠ ساڵی دواییدا بە حوکمی هێندێک هۆکاری وەک: تا ڕادەیەک دوور کەوتنەوەی فیزیکیی حیزب لە ناوخۆی وڵات و بەرچاوتر بوونی جووڵانەوە خۆرسکە مەدەنی ، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناوخۆی وڵات، دەکرێ ئەم ئیدیعایە بە جۆرێکی دیکە پێناسە بکرێ.

لە دەیەی ٧٠ و ٨٠ی هەتاویدا هێزە کوردییەکان حوزووری فیزیکیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا کەم ڕەنگ بۆتەوە و زیاتر بە کێشە نێوخۆییەکانیانەوە خەریک بوون، بزووتنەوە مەدەنییەکان لە ئاستێکی لاوازدا بوون و کۆنترۆڵ و دیدی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی چالاکی و شوێندانەریی ئەوانی بڕیبوو. لەو ماوەیەدا چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکان زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بوون، لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بەو مەرجەی باسی کێشە نەتەوایەتییەکانی کورد لەنێوخۆی ئێراندا نەکرێ، زۆری پێ حەساس نیە، هەزینەیەکی کەمی بۆ ئەوان بەدواوە دەبوو.

لە هاوینی ئەم ساڵدا ٣ ڕووداو لە ناوچەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان دا کە جێی لێوردبوونەوەن و ڕەنگە شوێن لەسەر ڕووداوەکانی داهاتوو دابنێن و ببنە هۆی هاتنە پێشی هەلومەرجێکی نوێ بۆ ڕۆهەڵاتی کوردستان:

یەکەم، سەرهەڵدانی گرووپی داعش لە عێراق و سووریيە وەک هەڕەشەیەکی جیددی بۆسەر ناوچە و وڵاتانی ڕۆژئاوا. هەرچەند داعش هەتا ئێستا زیانی بە ئێران و هاوپەیمانەکانی نەگەیاندوە و تەنانەت لە کاتێکدا دەی توانی بەغدا بگرێ کە ئێران لەوێ حوزوورێکی پڕڕەنگی هەیە، هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوی کوردستان، بەڵام بەو حاڵەش ئێران نیگەرانیی توندی خۆی لە داعش نەشاردۆتەوە. جموجۆڵی داعش لە چەند شارو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەرەگرتنی گرووپە سەلەفییەکان و بێدەنگیی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەریاندا بۆ ئەوەی ببنە ئاڵتێرناتیڤی هێزە دێموکراتو نیشتیمانپەروەرەکانی کورد، مەترسیی نفووزی داعشی لەم بەشەی کوردستانیشدا خۆش کردوە. سەرکوتی هێزە سیاسی و نیشتیمانپەروەرەکانی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆشایی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەجێ هێشتوە، کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا کە کوردی لە هەموو مافە سیاسی و نەتەوییەکانی بێبەش کردوە ناتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە لە کاتێکی وا دا لە جیاتی ئۆپۆزیسیۆنێکی پێشکەوتنخواز و نیشتیمانپەروەر پڕی بکاتەوە هێزە لاوەکیەکان و سەلەفییەکان پڕی دەکەنەوە. ئەوەش بۆخۆی مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بۆسەر خودی کۆماری ئیسلامییش.



دووەم، هەرچەند لەم ٢، ٣ ساڵەی دواییدا حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکی یەکجار سەخت و نزیک بە نامومکیندا بە فیداکاریی تێکۆشەرانی خۆی تا ڕادەیەک جەوی بێدەنگیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شکاندو حوزوورێکی سنووورداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو، بەڵام حەرەکەتی ئەم دوواییانەی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتەوە لە نێوخۆدا، گۆڕانێکی نوێ لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو و دەکرێ وەک سەرەتایەک لە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ڕۆژهەڵات سەیری بکرێ کە بێگومان ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئاڵوگۆڕەکان و ڕووداوەکانی دواتر.

سێیەم، ڕێپێوانی دیان هەزار کەسیی خەڵک لە زۆر شار و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانێ، ئەو دروشم و پەیامانەی لەو خۆپێشاندانانەدا دەهاتنە گۆڕێ، بە تایبەتی هاوکات لەگەڵ پشتیوانی لە کوردەکانی ڕۆژئاوا دروشم و داخوازە سیاسیەکانی خۆشیان وەک کوردی ڕۆژهەڵات هێنایە گۆڕێ، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە تین و گوڕێکی بەهێزی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە.

ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دوایی نیشانی داوە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا لە ڕێی قانوونیەوە ناتوانێ ویست داخوازە ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی بێنێتە گۆڕێ، لە کاتێکدا دۆست و هاوپەیمانێکی نیە دیفاع لە داوا ڕەواکانی بکا تا لە کاتی تەنگانەدا بە هانایەوە بێ، سەرەڕای ئەوەش کە خەباتی چەکداریی لە گۆڕێدا نیە بەڵام ئێعدام و کوشتنی خەڵک هەر بەردەوامە، پێویستە بە کەڵکوەرگرتن لە ڕووداوەکانی ناوچەو هێزو توانای خۆی، دەرووییەک بۆ دەربڕینی دەنگی نارەزایەتیو مەترەح کردنی ویست و داخوازەکانی خۆی بکاتەوە.

ئەزموونی وڵاتانی دەوروبەر ئەوەمان پێ دەڵێ کە هەرکات ئۆپۆزیسیۆن بەهێز و چالاک بێ، حاکمییەت ناچار بە پاشەکشەو دانی ئیمتیاز دەبێ. ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کورد لە عێراقدا نەبووایەن کورد ئەو پێگەیەی لە عێراقدا نەدەبوو، ئەگەر پ.ک.ک لە تورکیە نەبووایە، ئەو کرانەوەیە بە ڕووی کورددا نەدەبوو و حیزبی قانوونیی کوردی پێک نەدەهات و مەسەلەی کورد نەدەبوو بە گرینگترین کێشەی سیاسیی تورکیە.

ڕووداوەکانی ئەم ساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکیی تیکۆشەرانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەو پوتانسیەلە بەهێزەی لە ڕۆژهەڵاتی کورداستاندا هەیە،

**حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو ڕاستییە گەیشتوە کە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی بەهێزی نەتەوەیی و حەرەکەتێکی بەهێزی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ، پێویستە ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێزیشی هەبێ.**

ئایا نیشانەی دەستپێکردنی هەلومەرجێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردساتندا نین؟ حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو ڕاستییە گەیشتوە کە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی بەهێزی نەتەوەیی و حەرەکەتێکی بەهێزی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ، پێویستە ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێزیشی هەبێ.

# سەرکوتو توندوتیژیخوازی بەرەوکوێمان دەبات؟



ئارەش لورستانی
لە فارسییەوە بۆکوردی،
سیروان مووساپوور

دیک چینی جێگری دەبلیۆ بۆش: « شەڕ بە دژی تیرۆریزم لەوانەیە پەنجا ساڵ یان زیاتریش بخایەنێ».

بەپێی توێژینەوەی ٢٠٠٢، ١١ Sydne MorninB Herald, February لە ڕێکەوتی ١٧ی ئۆکتۆبر تا ١٠ی دیسامبری ٢٠٠١ دوور لە چاوی کامێراکانی تەلەویزیۆنی لانیکەم ٣٧٦٧ کەس لە هاووڵاتیانی ئەفغان بەهۆی بۆمبە ئەمریکییەکانەوە کوژراون واتە بەشێوەیەکی مامناوەندی ڕۆژانە ٦٢ مرۆڤی بێتاوان گیانیان لەدەست داوە. ئەمەش لە وڵاتێکدا کە ڕێژەی بودجەی ساڵانەی ٨٣ میلیۆن دۆلار واتە یەک دەیەمی نرخی بۆمب هاوێژێکی ب ٥٢یە.

پرۆفیسۆر ڕوک پزیشکی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەرپرسایەتیی پاکسازیی کوەیتی لەئەستۆ بوو، لە چاوپێکەوتنی کە لەگەڵ جان پیلجێر بۆ کتێبی ئەربابە نوێیەکانی جیهان ـ بەشی دووەم، دانی نرخ ـ کردوویەتی، لە ڕێکەوتی ١٤ی ژانوییەی ٢٠٠٠ دا دەڵێ لە شەڕی کەنداوی فارسدا زیاتر لە ٣٠٠ تۆن ئۆرانیۆمی لاوازکراو بەسەر ئێراقدا ڕژێنرا. فرۆکە شەڕکەرەکانی وارتۆگ ئا ـ ١٠ زیاتر لە ٩٠٠٠٠٠ گوللەیان هاویشت. هەر دەسڕێژێک گوللە ٣٠٠ گەڕەم ئۆرانیۆمی پیتێنراوی ٢٣٨ی تێدابوو. هەر تانکێک کە بۆمبارانی دەکرد هەریەک لە بۆمبەکانی ٢٥٠٠ گەڕەم ئۆرانیۆمی خالیسی تێدابوو. ئەم بۆمبانە سەرپۆشیان نەبوو بەڵکو ئۆرانیۆمی تەواو بوون. بێجگە لەوەش ئێمە چەند بەڵگەیەکمان لەبەردەستدان کە دەریدەخەن پلۆتۆنیشیان تێکەڵاو کراوە. ئەوەی لە شەڕی کەنداودا ڕوویدا، جۆرێک شەڕی ناوکی بوو.

دەنیس هالیدی بەهۆی نارەزایەتیی لە شوێنەوارەکانی سەرچاوەگرتوو لە گەمارۆی ئابووریی ڕۆژئاوا لەسەر هاووڵاتیانی عێراق، لە ساڵی ١٩٩٨ دەستی لە بەرپرسایەتیی هاوئاهەنگیی « یارمەتییەکانی مرۆڤدۆستانە»ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کێشایەوە و بێجگە لەوەش زۆر لە بەرپرسانی دیکەی ئەم ڕێکخراوە هەنگاوی لەم شێوەیان هەڵێنایەوە.

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن کە سیاسەتی زلهێزەکانی دنیا بەتایبەت ئەمریکا لەهەمبەر توندڕەویخوازی زیاتر ئیسلامیی گرووپە توندڕەوەکان دەردەخا.



لایەکەی دیکەی دراوەکە، گەشە و پەرەسەندنی نفووزی گرووپە ڕادیکاڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ڕێگەچارەکانی ڕۆژئاوا نەتەنیا لەناویان نابات بەڵکوو ئەم گرووپە توندڕەوانە بەردەوام بەدوای گونجانیان لەگەڵ هەلومەرجی نوێ و تەنانەت بەدوای دەس‌پێشخەری و داهێنان لە کار و چالاکییەکانیان‌دان.

٧٠ میلیۆن کوژراوی شەڕی دووەمی جیهانی کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دانا. بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میتۆدەکانی دوورکەوتنەوە لە توندوتیژیی و بابەتەکانی مافی مرۆیی کەم کەم لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا گرنگیی پێ‌دەدرا. بەدوای ئەویشدا گۆڕینی دامەزراوەی کۆمەڵی نەتەوەکان بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە ئامانجی پێشگرتن لە کارەساتگەلێکی وەک شەڕی جیهانیی دووەم لەلایەن ٥١ وڵاتەوە دامەزرا. بەڵام وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا، چین، ڕووسیە و فەڕانسە کە بە بەهێزترین وڵاتانی دنیا دێنە ئەژمار، وەک ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایيشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی ڤیتۆیان بۆخۆیان دیاری کرد کە لە بیاڤی مەسەلە نێونەتەوەییەکاندا ئازادیی کردەوەی زیاتری پێ‌دەدان. ئەم وڵاتانە لەژێرناوی هەڕەشە ئەمنییەتییە جیهانییەکان زۆرجار دەست لە سیاسەت و ئابووریی وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی دواکەوتوو و لەحاڵی گەشە وەردەدەن و فۆرم و شێوازی گەشەی ئابووری، سیاسیی و کولتووریی جیهان کۆنترۆڵ دەکەن. بۆ باشتر بەرەوپێش‌بردنی ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٤٩ و بە ئامانجی بەرگریی بەکۆمەڵ ڕێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور (ناتۆ) یان لە واشینگتۆن دامەزراند کە گرنگترین ئامانجی ئەم ڕێکخراوە ماددەی ٥ی بوو. لەو پەیمانەدا وڵاتانی ئەندام لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە هێرشی سەربازیی بۆسەر یەک یان چەند وڵاتی ئەندام لە ئورووپا یان ئەمریکای باکوور وەک هێرش بۆ تەواوی وڵاتانی ئەندام دابنرێ و بە دژی بوەستنەوە. کردەوەی ئەم وڵاتانە لە ئەفغانستان، عێراق، ویێتنام، چیچان، پاکستان، ئەندۆنیزیا و ... پێوانە و نموونەیەکی زۆر ڕوونی سیاسەتی یەک ڕەهەندی و تیکدەرانەی ئەوان نیشان دەدا و جێی هیچ شک و گومانێک ناهێڵێتەوە.

پشتیوانیی و بەهێزکردنی گرووپە توندڕەوە ئایینییەکان لە زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هاندان و یارمەتیدانی

ل ٨

# وەزارتی ئیتلاعات‌و بەرژەوندیی کۆماری ئیسلامی‌و کۆمەڵگای ئێران



عومەر باڵەکی

وەزارتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حەوتووی ڕابردوودا یادی ٣٠ساڵەی دامەزرانی خۆیدا بەڵگەنامەیەکی لە کاروکردەوکانی خۆی لەو ماوەیەدا بڵاوکردوەو لەو بەلگەنامەیەدا ئامادەکاران هەوڵیان داوە روخسارێک لە وەزارتی ئیتلاعات نیشان بدەن کە بێجگە لە چاکەو پاراستنی ئەمنییەت و کەرامەتی خەڵک‌و نیزام هیچ کارو کردەویەکی ئەوتۆیان نەکردوە کە زیان بە بەرژەوەندی خەڵک بگەیەنێ.

بەڵام ئەوە جێگای سەرنجە لە سەر دروست بون‌و پێکهاتنی وەزارەتی ئیتلاعاتە کە بە کورتی چەند خاڵێک ئیشارە پێدەکەین. یەکەم تەمەنی وەزارەتی ئیتلاعات کە دەزگایەکی گرنگە بۆپاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە لە گەڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا یەک ناگرێتەوە. پرسیار ئەوەیە بۆکاربەدەستان و دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەت لەو نیزامەدا ئەو وەزارەتەیان دانەمەزراندوە؟ ئەگەر وڵامی ئەو پرسیارە ئەوە بێ کە دوای رووخانی نیزامی پاشایەتی کۆمەڵە کەسێک بەدەسەڵات گەیشتن کە لەسەردەمی نیزامی پاشایەتی‌دا بەدەستی سازمانی ئیتلاعات و ئەمنییەت واتە ساواک گیرابوون‌و ئەشکەنجەو زیندانی کرابوون هەربۆیە پێیان وابوو کە سازمانێکی دیکە لەو بابەتە بۆ دەوڵەت بەو شێوەی پێویست نیە هەر بۆیە هەر ناوەندو دامودەزگایەک بۆخۆی دەزگای کۆکردنەوەی ئیتلاعات و زانیاری پێک دەهێنا لەو کاتەدا تەنیا پێگەیەک کە دەوڵەت کاری لەگەڵ دەکرد ئیدارەی ئیتلاعات لە دەفتەری سەرۆک‌وەزیران بوو. بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمان‌وکات بۆ دەسەڵاتداران کۆماری ئیسلامی دەرکەوت کە بەبێ دەزگایەکی ئەمنییەتی لە چەشنی ساوک ناتوانن پارێزگاری لەدەسەڵاتی خۆیان بکەن. هەر بۆیە لەساڵی ١٣٦٢لە سەر پێشنیاری ڕەجایی سەرۆک‌وەزیرانی ئەوکات بڕیاردرا وزارەتی ئیتلاعات پێک بێ‌و هەموو ئەو دامودەزگایانەی دیکە بە قانوون بخرێنە ژێرکنترۆڵ‌و چاودێری ئەو وەزارەتەوە.

دووهەم لەسەردەمی پاشایەتی‌دا ئەو ئۆرگانەی بە ئیستلاح پارێزەری ئەمنییەت بوو لە ئۆرگانیزمی دەوڵەتی‌دا سازمان واتا ڕێکخراو بوو ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری شا دابوو بەڵام لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی ئەو ناوەندە ئەمنییەتییە ناوی گۆڕدرا بوو بە وەزارەتی ئیتلاعات کە بە رواڵەت لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت واتا سەرکۆماردایە بەڵام لەڕاستی‌دا هەموو کاروکردەوەکانی دەدرێتەوە بە شورای عالی ئەمنییەتی میللی کە ئەویش ڕاستەوخۆ لەژێر چاوەدێری‌و ئەمری ڕێبەردایە. ئەوەتا لە قانوونی پێکهێنانی وەزارەتی ئیتلاعات لە مادەکانی٧و٨دا کە باس لە دامودەزگای ئیتلاعاتیی سپای پاسداران‌و ئەرتەش دەکات، تەئکید دەکاتەوە کە دامو دەزگای زانیاری ‹‹ئیتلاعات›› ئەرتەش‌و سپا هەر کامیان وەک دوو ئیدارەی سەربەخۆ کاردەکەن بەڵام دەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات بپارێزن‌و لەهەمان حاڵدا بەرپرسانی هەردوو ئیدارەی ئیتلاعات ئەرتەش‌و سپا دەبێ بە پەسندی ڕێبەری بگاو لابردنیشی دەبێ بە ئیزنی ڕێبەری‌و ئەو سەلمێنەری ئەو ڕاستیییە، کاتێک بەرپرسی دوو ئیدارەی ئیتلاعات‌و سپاو ئەرتەش دەبێ تەئیدی ڕێبەری لەسەربێ چۆن دانان‌و لابردنی وەزیری ئیتلاعات کە سەرپەرەستی وەزارتخانەیەکی بەربەرین دەکا تەئیدی ڕێبەری پێویست نییە. ئەگەر سەرنج بدەینە بەرپرسانی یەکەمی ئەو وەزارەتە ئەو ڕاستییە باش‌تر دەردەکەوێ کە هەموو وەزیرەکان لە چینی ڕووحانی واتا ئاخوندو «آیت‌الله» بوون‌و دەرچووی قوتابخانەی حەقانین‌و کارمەندان‌و کارگێڕانی ئەو وزارەتخانەیە هەر لەلایەن ڕێبەرەوە نازناوی «سەربازانی ئیمامی زەمان»یان پێ بەخشراوە.

هەر کاتێک یەکێک لە وەزیرەکانی ئەو وزارەتخانەیە لە سەردەمە جیاوزەکانی تەمەنی ئەو وزارەتخانەیە بە پێی هەل‌ومەرجی سیاسی نێوخۆی ئێران هەوڵی دابێ جۆرێک لە کردنەوە ئاوەڵە بوون لەبواری ئەمنی‌یەوە بۆ شاروەندان دروست بکا لەلایەن دامودەزگای ڕێبەریەوە یا کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامییەوە ڕخنەیان لێگیراوەو هوشداریان پێدراوە کە نەکا لە ئەسڵی وەزیفەی خۆتان لەسەرکوتی خەڵک لابدەن. ئەوەتا یوونسی کەخۆی وەزیری ئیتلاعات بووە پێ لەو ڕاستیە دەنێ‌و دەڵێ: کاتێک بووم بە وەزیری ئیتلاعات دوو جار ئاغای رفسنجانی پێی گوتم ئەو شێوە بەڕێوەبەرییەی تۆ وای لەو وزارەتخانەیە کردوە کە زیاتر وەک شارەداری‌و تەشکیلاتێکی بێ‌کەڵک دەچێ هەربۆیە کەس لێتان ناترسێ.»

دیارە هەر وڵاتێک بۆ پارێزگاری لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی خۆی‌و بەرژەوەندییەکانی ئەمنییەتی شاروەندی پێویستی بە ڕێکخراو یا تەشکیلاتێکی ئەمنی هەیە. بەڵام لەو وڵاتانەی کە بەشێوەی دێموکراتیک بەڕێوە دەچن ئەو دامودەزگا ئەمنییەتیانە لای خەڵک بێزراو نین‌و خەڵک لێیان ناترسێ چونکە دامودەزگای وڵاتەکەیان لەخزمەتی بەرژوەندی ئەوان دایە بەڵام لەئێران‌و هەموو ئەو وڵاتانەی بەشێوەی دیکتاتوری جا لەژێر هەر ناوێک‌دابێ شاروەندانی ئێران‌و ئەو وڵاتانە لە نێو کرداری ئەو دامودەزگا ئەمنییەتیان دەترسن چونکە لەوجۆرە وڵاتانەدا دامودەزگای ئەمنی لەخزمەت پاراستنی بەرژەوەندی سیستمی دەسەڵات دایە هەتا پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵگا. چ لەسەردەمی پاشایەتی‌داو چ لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا لەڕوانگەی» ساواک و واجا» کۆمەڵگای ئێران بە سەرخودی‌و ناخودی‌دا دابەش بووە وئەوانەی بەخودی دادەنرێن بەهۆکاری جۆراوجۆرو داتاشراوو دەستبەسەر دەکرێن‌و هەرلە لایەن دامودەزگای ئیتلاعاتەوە وەک ساواکی سەردەمی شا دەکرێن‌و هەر لە چوارچێوەی زیندانەکانی ئیتلاعات‌دا لێ پرسینەوەیان لێ دەکرێ و حوکم بە سزاوانیشان دەدرێ بێ‌ئەوە بدرێن بە مەحکەمەو لە دادگایەکی عادڵانەو دادپەروەردا بەبوونی پارێزەر دادگایی بکرێن‌و ڕاست بەپێچەوانەی ئەو قانوونەیە کە وەزارەتی ئیتلاعات پێی دروست بووەو کارو ئەرکی بۆ دەستنیشان کردوە ئەوەتا لەمادەی ٤ی ئەو قانوونەدا دەڵێ: «هەموو کاروباری ئیجرایی بۆ ئەمنییەتی نێوخۆ لە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی دەزگای قەزاییە « وله تبیینی ١ی هەرئەومادەیە دەڵێ: وەزارەتی ئیتلاعات پێش لە دەست پێکردنی چالاکی، زانیاری پێویست دەدا بە بەڕێوەبەرانی دەزگای قەزایی» ولێرەدا دەتوانین چەند نمونەیەک لەو شێوە کارەی وەزارەتی ئیتلاعات باس بکەین: ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ٦٧، بەڕێوەبردنی قەتڵە زەنجیرەیەکان، داڕەشتن‌و بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی تیرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کە دادگای میکۆنۆس بە ڕوونی پەردەی لەسەر ڕوخساری وەزارەتی ئیتلاعات لاداو خودی وەزیری ئەوکات فلاحیانی بە تۆمەتباری سەرەکی لەو تیرۆرەدا دانا، لەناوبردنی ئەو کەسانە ڕۆژێک لەڕۆژان هاوکارو هاوکێشەیان بوون لە وەزارەتی ئیتلاعات وەک سەعید ئیمامی‌و سەعید حەججاریان‌و دەیان کرداری لەو چەشنە کە نەک لەگەڵ یاساو ڕێسا باوەکان لەم سەردەمەدا یەک ناگرنەوەو بەڵکوو وەزارەتی ئیتلاعات سنووری یاسا نێودەوڵەتییەکانیشی بەزاندنەووە تەنیا بەمەبەستی پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی نەک بەرژەوەندی گشتی خەڵکی ئێران.

> **داڕەشتن‌و بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی تیرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کە دادگای میکۆنۆس بە ڕوونی پەردەی لەسەر ڕوخساری وەزارەتی ئیتلاعات لادا**

وزارت اطلاعات
جمهوری اسلامی ایران

---

# درێژەی: سەرکوت‌و توندوتیژیخوازی بەرەوکوێمان دەبات؟

ڕێژیمی بەعسی سەددام بۆ هێرش‌کردنە سەر ئێران بە مەبەستی پێشگرتن لە پەرەسەندنی کۆمۆنیزم، ڕادیکالیزمی ئیسلامی هەتا قۆناغێک سەرکێش و بێ‌کۆتوبەند کردووە کە ئەمڕۆکە هەر ئەو وڵاتانە لە فکری سەرکوتی ئەو مەترسییە نوێ‌یەدان. داعش نوێترین و پێشکەوتووترین شەپۆلی تێکدەرە کە ڕەنگدانەوەی کردەوەکانی هەم میلیۆنان کەسی بێ‌تاوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردۆتە قوربانی هەم دەسکەوتەکانی ڕۆژئاوا بەردەوام تووشی مەترسی دەکاتەوە. دیاردەی داعش دەری‌خست توندڕەوی و بناژۆخوازیی مەزهەبی و ڕۆژئاوایی هیچ کامیان کۆتاییان نیە و جاریکی دیکە دەبێ بەدوای ڕێگەچارەیەکی نوێ بۆ تێپەڕبوون لەم مەترسییە پێشبینی نەکراوە بدۆزرێتەوە. دروستترین و لۆژیکیترین ڕێگەچارە، دێموکراتیزەبوون و شکڵگرتنی دەوڵەتە سێکۆلارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام تا ئەو کاتەی هێزە دەسەڵاتدارەکانی جیهان بە چاوی بازاڕی بەکارهێنان، هێزی کاری هەرزان، خەزێنەی کانگا سرووشتییە مفتەکان و تاقیگەی مرۆیی لە وڵاتانی دواکەوتوو و لەحاڵی گەشە بڕوانن، شەڕی نێوان توندڕەویی گرووپەکانی وەک داعش و ئەلقاعیدە و ئەو منداڵانەی کە لە ئەزموون و کردەوەکانی ئەم لایەنانە لەدایک دەبن لەگەڵ بەرژەوەندیخوازیی هێزە جیهانییەکان، هەرگیز کۆتایی پێ‌نایەت. پەیوەست‌بوونی سەدان هاووڵاتیی ڕۆژئاوایی بە گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکانی وەک داعش و هەڕەشە میدیاییەکانی وەک سەربڕینی هەواڵنێرە ڕۆژئاواییەکان لەلایەن هاوشارییەکانییانەوە بەڵگەیەکە کە وتەکانی سەرەوە بە باشی نیشان دەدا، هەڕەشەگەلێک کە وەک ئۆکسیژن، ترس لە تەواوی دنیادا لەنێو پەیکەری کۆمەڵگەی مرۆیی بڵاو دەکاتەوە و دەیسووڕێنێتەوە.

دەبینین کە سەد ساڵ دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، جیهان ڕووبەڕووی شەڕ و کێشەگەلی زۆر توندوتیژتر و نامرۆڤانەتر بۆتەوە کە تەنانەت هیچ بەزەییەکی بە منداڵانیش دانایەتەوە. ڕۆژ نیە کە ڕاگەیەنە نێونەتەوەییەکان هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڵاو نەکەنەوە. کۆیلەداری و کڕین و فرۆشتنی ژن و منداڵ و تەنانەت ئەندامانی جەستەیان بۆتە پیشە و ئەمڕۆکە تەنیا چاڵە نەوتەکان و سامانی نەتەوە ژێردەستەکان ناسووتێ بەڵکو تەواوی بوون نەبوونی ئەم نەتەوانە لەژێر چەرخەکانی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا و گرووپە توندڕەوەکاندا دەپلیشێتەوە.

ئەمڕۆ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا گەیشتوونەتە خاڵی تەقینەوە و لێبڕاوانە دەتوانین بڵێین ڕێز و یارمەتیی و هەوڵدان بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی خەڵکێک کە هەموو شتێکیان هەیە بەڵام لە نەبوونی و نەداریدا ڕاگیراون و ژیان بەسەر دەبەن، بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی و بواری مافی مرۆڤ پێویستییەکی حەیاتییە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سڵامەتی جیهان و تەواوی مرۆڤەکانی گۆی زەوییەوە هەیە و هەر چرکەیەک وەدرەنگ‌کەوتن لە کاردا وەک ڕابردوو زیانی قەرەبوونەکراو بە مرۆڤ و ژیان دەگەیەنێ.

---

# وشک بوونی گۆلی ورمێ‌و هەڵویستی ئێران

قارەمان قەجەرنیا

گۆلی ورمێ بەمێژوویەکی سەدان ساڵە لەناوچەی باشووری شاری ورمێ هەڵکەوتوە و لە ڕۆژهەڵاتی شارەوە پێوەندی نێوان ورمێ و تەورێزە. هەر چەند ئاوی ئەم گۆلە سوێرەو ناکرێ بۆکشت‌وکاڵ‌و وەرزێری کەڵکی لێ‌وەرگیرێ، بەڵام لە بوارەکانی مێژویی، ئابووری‌و فەرهەنگی گرنگی‌و بایەخی تاییەت بەخۆی هەیە. بەداخەوە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی‌دا ئاوی ئەم گۆلە بەڕادەیەکی بەرچاو کەمی کردوەو هەر ڕۆژوهەرمانگ تێدەپەڕێ، زیاتر بەرەو وشک بوون دەچێ.

لە هۆیەکانی وشکبوونی گۆلی ورمێ:

١- نەبارینی بەفرو باران بەڕادەی پێویست لەم ساڵانەی دوایی‌دا.

٢- دابڕانی دووچۆمی چەغەتەووو تەتەهوو لەم گۆلە و ناردنی ئەوان بۆ ناوچەی تەورێز.

٣- سازکردنی پردی سەرگۆلێ بۆپێوەندی نێوان شارەکانی ورمێ‌و تەورێز.

٤- سازکردنی سەددەکانی حەسەنلوو لە ناوچەی نەغەدە، سێلوێ‌و گردەبن لە ناوچەی پیرانشار، چەپەرئاوێ لە ناوچەی شنۆ کە پێشترئاوی بەفرو بارانی ئەم ناوچانە گشتی دڕژایە ناو گۆلی ورمێ. دروست کردنی سەد لەو ناوچانە کارێکی باشە، بەڵام بەبێ بەرنامە، بێ تۆژینەوەو بێ پرس‌و ڕای کارناسانی ئەم بوارە بەڕێوە چووە، هەربۆیە بەجێگای قازانج، زەرەرو زیانی بۆ گۆلی ورمێ بووە.

بەڵام ئەگەر ئاوی ئەم گۆلانە وشک بێ‌و لەناوبچێ، زیان‌و خەسارەتێک کە لەم بوارەوە ڕووبەڕووی ناوچەو خەڵکی ناوچە دەبێتەوە، بریتین لە:

١- فەوتان‌و لەناوچوونی تەواوی زەوی‌و زاری کشت‌وکاڵی ناوچە بەهۆی بڵاو بوونەوەی ئەم خوێیە کە لەشوێنی گۆلەکە دەمێنێتەوە،

٢- لە ناوچوونی ئاسەوارێکی گرنگی مێژویی‌و ئابووری ناوچەیە،

٣- کۆچ‌کردنی ئەو هەموو باڵندە جۆراوجۆرانەی کە ساڵانە لەناو گۆلەکەدا دەژیان یان بۆ سەفەر دەهاتن بۆ ئەو ناوچەیە،

٤- کەمبوونەوەی، گەشت‌و گوزار بۆ ئەو ناوچەیە.

هەرچەند لەم ساڵانەی دوایی‌دا زۆربەی ڕێکخراوە نێونەتەوییەکانی ژینگەپارێزی و ئاسەواری مێژوویی بەدەیان‌و سەدان جار لە ڕێگای میدیاکانی جیهانی داوایان لە حکوومەتی ئێران کردوە کە چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، بەڵام هەتا ئێستاش ڕێژیمی ئێران لەم بارەوە هیچ جم‌و جۆڵێکی نیشان نەداوە.

ئاخۆ ئێران بۆچی سەبارەت بەچارەسەری ئەم کێشەیە کەمتەرخەمە؟

ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی ئێران دەتوانێ چەندهۆێ هەبێ:

١- بێ مودیرییەتی ڕێژیمی ئێران لە ئاست ئەو کێشانەدا،

٢- بە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران بایەخێک بۆژینگە دانانێ، هیچ بایەخێکیش بۆئەم گۆلە دانانێت، وەک دارستانەکانی ئێران. چونکە ساڵانە دەبینین لەدەیان شوێن وەک هەورامان، پارێزگای ئیلام، ڕۆژهەڵاتی ئێران‌و زۆرشوێنی دیکە ئەم هەموو دارستانە ئاگر دەگرێ‌و دەسوتێ، هیچکەس بایەخی پێ‌نادات.

٣- ئێران دەیهەوێ لەبوارەکانی مێژوویی، فەرهەنگی‌و ئابووری زیان لەجەستەی کورد بدات کەوشک بوونی ئەم گۆلە وێنەیەک لەم هەڵوێستەی ئێرانە.

٤- ئێران وادەزانێ بەم کارە کوردەکان لەبواری وەرزێری دەستەو ئەژنۆ دەمێنن‌و بۆ وەدست خستنی بەشێک لە بژیوی ژیان چاولە دەستی ڕێژیم دەبن.

# بایەخی کۆبانی بۆ فاکتەری گەورەی کورد لە ناوچەدا



ئاسۆ حەسەن زادە

پاش مانگێک لە چڕ بوونەوەی گەمارۆی دژمنکارانەی گرووپی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی یان بەناو داعشی پێشوو بۆ سەر شاری کۆبانیی ڕۆژئاوای کوردستان، بیرورای گشتیی جیهانی چ لە ئاستی میدیایی دا و چ لە ئاستی سیاسیدا بەشێوەیەکی کەموێنە و پێشتر نەدیتراو سەرنجی خۆی خستە سەر خۆڕاگریی ئازایانەی شەڕڤانانی کورد و ئەو کارەساتە ئیسانییەی لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا دروست بووە. بەدرێژایی مێژووی کورد لەڕاستیدا ئەوە یەکەم جارە کە خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە لە یەکێک لە دەڤەرەکانی نیشتمانی کوردستان لەکاتی ئەنجامدرانی هێرش و گەمارۆیەکەدا تا ئەو ڕادەیە سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

لە روانگەی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵناسییەوە، مەسەلەی کۆبانی ڕەهەندی جۆربەجۆری هەن و دەکرێ خوێندنەوەی جیاواز و فرەچەشن بۆ ئەو مۆدێلە لە خۆبەڕێوەبردن و گەمەکردن لە هاوکێشە ئیقلیمییەکاندا بکرێ کە کوردەکانی ڕۆژئاوا لە کۆبانی و کانتۆنەکانی دیکەی ڕۆژئاوادا خەریکی بنتاتنانی بوون. بەڵام ئەوەی هەموو لایەک کەم و زۆر لەسەری کۆکن لەلایەک بریتییە لەوە کە چارەنووسی کۆبانی لەبەر هەڵکەوتی ستراتیژیی ئەو دەڤەرە و هەروەها لەڕووی حەیسییەت و رووحییەی نیزامییەوە لەسەر نەخشە و ئاجێندای گشتیی ئەو شەڕەدا کە هاوپەیمانیی جیهانیی دژە تێرۆری بەرەورووی دەوڵەتی ئیسلامی کردۆتەوە، بایەخی پەیدای کردووە. لەلایەکی دیکەوە، بۆ گەلی کورد وەک خەتی پێشەوە و تەنیا بەرەی تا ئێستای شەڕی جیددیی مەیدانی لەگەڵ داعش، ئەو ئۆدیسەیە کە هەر ئێستا لە کۆبانی دەگوزەرێ، دەروازەیەکی زۆر گرینگی ناساندنەوەیەکی زیاتر و باشتری کوردەکان و سروشت و نێوەرۆکی خەون و جەهانبینیی سیاسیی ئەوان بە کۆمەڵگای نێونەتەوەییە.

ئەگەر هەردووکی ئەم دوو خیسڵەتانە پێکەوە گرێ بدەین و بمانەوێ فاکتۆریان لێ بگرین، بەو ئاکامە دەگەین کە پرسی کۆبانی تەنیا کاتێک جێگە و پێگەی شیاوی خۆی لەسەر نەخشەی شەڕی هاوپەیمانان لەگەڵ داعش و لەنێو ئاجێندای مەوجوودییەتی سیاسیی نەتەوەی کورددا وەردەگرێ کە هەرچی زووتر هەم کوردەکان و هەم دەوڵەتانی بەشدار لە شەڕی دژە تێرۆردا وڵامێکی یەکدەست و گشتگیر بە مەترسیی داعش لە هەردوو وڵاتی سوریە و داعش بداتەوە.

شەڕی کۆبانی ڕاست لەو بارەوە گرینگە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر یەکلاکردنەوەی پرسەکانی پێوەندیدار بە جوغرافیای شەڕ و کەیفییەتی هاوپەیمانەتیی دژەتێرۆر هەیە. بەو مانایە کە ئەولاتر لە قەناعەتی هاوپەیمانان بۆ فراوانکردنەوەی بازنەی کردەوە سەربازییەکان بۆ سوریەش، بەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتی (لانیکەم تا ئێستا) لێڵ و نابەرپرسانەی دەوڵەتی تورکیە لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کۆبانی و داعش بەگشتیدا، دەوڵەتانی بەنفووزی نێو هاوپەیمانیی دژە تێرۆر بەتایبەتی ئەمریکا و نێودەوڵەتییەکان و کاریگەری وەرگرتنی کوردیش لەو دابەشبوونانە، دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بەلەبەرچاوگرتنی خەونی پێشکەوتنخوازانە و نەخشی بنیاتنەرانەی کوردەکان لە دیزاینی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، فاکتەری کوردی لەسەر ئاستی هەر چوار دەوڵەتی ناوچە بەسەریەکەوە چاو لێ بکەن و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەخشێکی گرینگ کە بزوتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا دەتوانێ لە هاوکێشەکانی ئێستا و داهاتووی ناوچەدا بیگێڕێ، وەبەرچاو بگرن.

بۆ هەموو ئەمانە بەڵام مەرج ئەوەیە کە خودی کوردەکانیش ئاگاداری ئەو ڕاستییە بن کە سیناریۆ گشتگیرەکانی ناوچە و پێداچوونەوەیەکی جیددی و ریشەیی بە روانگەی ستراتیژیی خۆیان لەپێوەندی لەگەڵ پێناسەکردنی فاکتەری کوردی لەنێو قەیران و ئاڵۆزییەکانی ئێستای ناوچە و دەرەنجامە درێژخایەنەکانیدا بکەن.

**لەگەڵ ئەوەدا کە هێشتا ناکرێ هاوکێشە ئیقلیمییەکان نادیدە بگیرێن، قازانجی کورد لە گواستنەوەی خانەی ئانالیزی بەرژەوەندییەکانی بۆ سەر ئاستی جیهانی دایە.**

لە ئاستی بەرەی هاوپەیمانانی دژی داعشدا، نەک تەنیا ئامانج و بەرژەوەندیی پێچەوانە و رکابەرانەی دەوڵەتان لەئاستی جیهانی و ناوچەییدا (بۆ نموونە لەنێوان ئەمریکا و روسیە یا لەنێوان ئێران و تورکیە) لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی سوریەدا، بەڵکوو ئاجێندا و بەرژەوەندیی جیاوازی نێوان دەوڵەتانی ڕۆژئاواش لەو پێوەندییەدا بەستێنێکی لەبار و هانابەخشیان بۆ سەرهەڵدان و پەرەئەستاندنی داعش دروست کرد. جیاوازی و دژایەتیی ئەم روانین و ئاجێندایانە بە چەشنێک بوون کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تا ئێستا نەیتوانیوە لە کردەوەدا و فەڕانسە بەو ئاکامە گەیشتوون کە نەک تەنیا کورد لە باشووری کوردستان بەڵکوو کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانیش دەکرێ وەک هاوپەیمانێکی موعتەبەر و جێگای متمانە حیسابی لەسەر بکرێ. لەو پێوەندییەدا هەم قسەکانی چەند ڕۆژی دوایی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە دامەزرانی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەیەدە و هەم بەتایبەتی وتاری سەرۆک وەزیری فەڕانسە لە پارلمانی ئەو وڵاتە لەپێوەندی لەگەڵ کۆبانیدا موژدەی ئەگەری فراوانبوونەوەی بازنەی هاوکاری و هەماهەنگییەکانی نێوان بەشە لێکدابڕاوەکانی نەتەوەی کورد و هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی دەدەن.

ئەم وەرچەرخانە تازەیە بەشێوەیەکی سروشتی ئومێد و چاوەڕوانی دروست دەکا کە سەرەڕای دابەشبوونە قووڵە ناوچەیی رووبەڕووبوونەوەی هەمەلایەنە لەگەڵ داعش دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئەوانیش هەر هەموویان بەشێوەی یەکدەست یا لانیکەم هەماهەنگ ئەرکدار بکرێن و نەخشیان بدرێتێ. لەو سۆنگەیەشەوە کورد بەتایبەتی لە باشوور و باکوور/ڕۆژئاوای کوردستان پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی هەرچی زووتر و جیددیتر بە روانگەی ستراتژی و شێوازی مامەڵەی لەگەڵ ئەو هاوکێشە جیهانی و ئیقلیمییانە هەیە کە لە ئاکامی مەترسیی داعشدا چڕ بوونەوە. بزوتنەوەی کورد لە پار چە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر لە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتییە نەتەوەیی و مێژووییەدا وەستاوە کە فاکتەری کوردی لەسەر نەخشەی جیهانیی دژە تێرۆردا بکاتە هەل و هۆکارێکی چارەنووسساز بۆ پەسندکردنی دیدێکی کارای ستراتژیی نەتەوەیی و لە ئاکامدا کەمکردنەوە لە ناکۆکی و ناڵێکییە نێوخۆییەکانی و بردنە سەری ئاست و کەیفییەتی هاوفکری و هاوهەنگاوییی نێوان هێزە سەرەکییەکانی.

هەتا ئەو دیدە ستراتژییەی هێزە کوردییەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان کەمتر گرێدراو و پشتبەستوو بە ئاجێندای دەوڵەتانی ناوچە بێ، کوردەکان باشتر دەتوانن داینامیزمی نێوخۆیی مەسەلەی کورد و کارتێکەرییە دەرەکییەکان بخەنە خزمەت خەون و ئامانجی درێژخایەن و هاوبەشی هەموو نەتەوەی کورد. سەردەمانێک ڕەنگە کوردی پارچەیەکی کوردستان لەڕووی تاکتیکی یا تەنانەت ناعیلاجییەوە قازانجی خۆی لەوەدا دیتبێ کە زۆرتر گرینگی بە هاوکێشە ناوچەییەکان بدا و لە خانەی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی حاکم بەسەر کوردستاندا بەدوای بەرژەوەندیی خۆی دا بگەڕێ. بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەدا کە هێشتا ناکرێ ئەم هاوکێشە ئیقلیمییانە نادیدە بگیرێن، قازانجی کورد لە گواستنەوەی خانەی ئانالیزی بەرژەوەندییەکانی بۆ سەر ئاستی جیهانی دایە.

ئاستی جیهانی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژە تێرۆر لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی و لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش هۆکارێکی بەهێزراگرتنی هاوکێشە ناوچەییەکان و بواردان بە دەوڵەتانی بەدخوازی کورد بەتایبەتی کۆماری ئیسلامییە، لانیکەم ئێستا ئەم دەرفەتەی بۆ کوردی زیاتر لە پارچەیەکی کوردستان دروست کردووە کە ببنە بەردەنگی ڕاستەوخۆ و پارتنێری جێگای متمانەی دەوڵەتانی هەرە دەستڕۆیشتووی جیهان. ئەوەش لەدرێژخایەندا دەتوانێ دەرەنجامی زۆر باش و بەسوودی لەبواری بەڕەسمی ناسین و پتەوکردنی جێگە و پێگەی کورد لە ئایندەی سیاسیی هەرکام لە دەوڵەتانی ناوچەدا و تەنانەت لە سیناریۆی گۆڕانکاریی گەورە لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەدواوە بێ.

# مین لە کوردستان، خەمی خەڵکو بێخەمیی کاربەدەستانی حکومەت



عەلی بداغی

ساڵیک لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٦ ی ڕەزبەردا، کۆمەڵیک منداڵی قوتابی لە ئاوایی «نشکاش»ی مەریوان کە خەریکی کایەو گەمەی منداڵانەیان لە نیزیک کۆنە پایەگایەکی سپای پاسداران لە ئاواییەکاندا بوون، مینێکی نەتەقیوەیان پێدا تەقییەو شینو گریانی خستە گەمەی منداڵانەیان.

لەو ڕووداوەدا ٧ منداڵ بریندار بوون کە برینەکانی یەک لەوان بە ناوی گەشبین کەریمی قورس بوو. گەشبین لەو ڕووداوەدا پەنجەکانی لاقێکیو چاوێکو گوێچکەیەکی لە دەست دا، ئەویش لە ڕووداوێکدا کە پێشتر کاربەدستانی ئەمنیەتیو ناوەندە پێوەندیدارەکان ڕایانگەیاندبوو کە ناوچەیەیان لە مین خاوێن کردۆتەوە.

ئێستا دوای ساڵێک «کۆمەڵەی ئێرانی بەبێ مین»و ژمارەیەکی دیکە لە چالاکانی مەدەنیی کورد ڕۆژی ٢٦ ی ڕەزبەریان، بە ڕۆژی هاوخەمیکردن لەگەڵ قوربانیانی ڕووداوی تەقینەوەی مین ناودێر کردوەو، لە ڕاگەیەندراوی ئەو کۆمەڵە کەسو لایەنانەدا هاتووە کە: «وەرن پێکەوەو لەگەڵ یەکتر لەلای ئەو کەسانە بین کە قوربانیی شەڕێکن کە ٢٦ ساڵە تەواو بووە.»

ئەم هەوڵەو هەموو هەوڵێکی لەو چەشنە بۆ بەڕۆژەڤکردنی بابەتی مین لە کوردستان گرینگو لەجێی خۆی دایە. لەبەر ئەوەی کە دەبینین دوای تەواوبوونی شەڕی ئێرانو عێراق نیزیک بە هەشت هەزار کەس لە کوردستان بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین.

ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن کە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو عێراقەوە، دوو هەزار و ٤٣٣ کەس لە پارێزگاکانی سنە، ورمێ، ئیلام، کرماشانو خوزستان بە هۆی تەقینەوەی مین گیانیان لە دەست داوەو، پێنج هەزارو ٦٠١ کەسی دیکەش بریندار بوون. لەو ماوەیەدا لە کرماشان ٩٩٣ کەس بەهۆی تەقینەوەی مین گیانیان لە دەست داوە، لە پارێزگا سنە ٣٦٨ کەس، لە ئیلام ٣٢٦ کەس و لە پارێزگای ورمێش ٣٠٩ کەس گیانیان لە دەست داوەو خۆیانو بنەماڵەکانیان بوونەتە قوربانیی کەمتەرخەمیو نادەروەستییەکانی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی مینە لەکارنەخراوەکان لە کوردستاندا.

بە پێی ئامارەکان، ٦ میلیون هێکتار ناوچەو زەوی لە ئێران ئێستاش بە مینڕێژکراوی پشتگوێ خراونو زیاتر لە ٢٠ میلیون مین بە کۆنەکراوەییو لەکارنەخراوەیی لە بن پێی خەڵکدا وەک قاسییدی مەرگ ماونەتەوە کە نیزیک بە تەواوی لە چوار پارێزگاکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە( ورمێ، سنە، ئیلام و کرماشان)ن.

بەڵام ئێستاش ئامارێکی وردو دەقیق لە قوربانییانی تەقینەوەی مین لە کوردستان لەبەر دەستدا نین. خەڵک لە هەموو گوندو ناوچەکان دەزانن چەند، یان کەیو لە کوێ لێیان کوژراو بریندار بووە، بەڵام تا ئێستاش هیچ ناوەندێکی حکومەتی خۆی بە بەرپرسیاری کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش نەزانیوەو؛ ڕێ لە ڕێکخراوەو ناوەندە مەدەنییەکانیش گیراوە لەو چوارچێوەیەدا کاری خۆیان بکەن.

سیاسەتی هەڵاواردنو فەرقو جیاوازیدانانی دەوڵەت دەرهەق بە خەڵکی کورد هەر لە مافی بەشداریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پڕۆژەکانی ئاوەدانیو وەبەرهێناندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو لەو بوارەشدا قوربانیانی ڕووداوی تەقینەوەی لە کوردستان سیستماتیک غەدریان لێ دەکرێو مافەکانیان ژێرپێ دەنرێ.

تۆ لە وڵاتی خۆت، لە ژینگەو شوێنی ژیانی خۆت، لە مووچەو سەر ڕێو کوێستانی خۆت قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتو کەمتەرخەمیو خەمساردییەکانیان بی، بەهۆی تەقینەوەی مین بکوژرێی، دەستو لاقت بپەڕێ، بریندار بیو لە ژیان بکەوی، کەچی دەوڵەت خۆی بە بەرپرسیاری ئەوە نەزانێو ئاوڕت لێ نەداتەوە؛ ئەوە غەدرێکە لەو ئێرانەدا هەر لە خەڵکی کورد دەکرێ. بە هەزاران کەس لە قوربانیانی تەقینەوەی مین لە کوردستان ئەوە بارودۆخیانە، ئەوانەی بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە، بنەماڵەکانیان لەلایەن



دەوڵەتەوە کە بەپێی قانوون دەبێ بەرعودەی پاراستنی ئەمنیەتو گیانی خەڵکەکەی بێ هەر لایان لێ نەکراوەتەوەو؛ ئەوانەش دەستو لاقیان پەڕیوەو نقوستان بوونو کەوتوونەتە سووچی ماڵەکانیان، لە هەر چەشنە مافێکی پێکران، دابینبوونی کۆمەڵایەتیو چارەسەری پزیشکیو دەرمانیی دەوڵەتی بێبەش کراونو ئەوەی لەو نێوەدا بایەخی نیەو مەزادە، گیانو ژیانی خەڵکی کوردە...

جیا لەوەش خێرو بێری مین بۆ کۆماری ئیسلامیش جێی سەرنجو وردبوونەوەیە. ئێران هەم مین لە دژی دژبەرانی دەکار دەکا، هەم دەیفرۆشێ؛ هەر بۆیەش پێملی هیچ کام لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنانەش نەبوە کە لە پێناو کەمکردنەوەی خەسارەکانی مین پەسند کراون، تا بەمجۆرە خەڵکی کوردستان ئەو کەمە دەرەتانەشیان نەبێ تا لە ئەگەری ئەندامەتیی ئێران لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنانەدا چاویان لە یارمەتیو بەهاناوەهاتنی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە بێ. هۆکارەکەشی ڕوونە، ئەگەر ئێران یەک لەو پەیماننامانە، بۆ نموونە پەیماننامەی «ئۆتاوا» ئیمزا بکا کە تا ئێستا ١٥٨ وڵات ئیمزایان کردوە، دەبێ دەربەستی ئەوە بێ کە دوای کۆتایی هاتنی هەر شەڕێک لە وڵاتەکەی، لە ماوەی دە ساڵدا هەموو مەیدانەکانی شەڕ، مەزراو مووچەو لەوەڕگەو کوێستانو ناوچەکانی شوێنی ژیانی خەڵکەکەی لە مین پاک بکاتەوە، چ بگا دوای ٢٥ ساڵ؛ هەر بۆیە ئێران پێچەوانەی وڵاتانی دراوسێی شەڕلێدراوی ئەو دواییانەی وەک عێراقو ئەفغانستانیش نەچۆتە ژێرباری ئەو پەیماننامەیە، چونکی بەوە جیا لە دەروەستی بە خەڵکەکەی، ئیزنی دروستکردنو فرۆشتنی مینیشی بە وڵاتانی دیکەو گرووپە سەرهەڵداوەکان نامێنێ....

قوربانیانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان کۆڵبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانن، شوانو منداڵانو خەڵکی ئاساییو بێدرەتانی گوندەکانی شارە سنوورییەکانی کوردستانن، ئەوان ئەوەندە هەژارو بێ دەرەتانن کە دوای توشبوونیان بەو کارەساتانەش نەک ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، پشتگیری ناکرێنو لە مافو خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان بێبەش دەبن، بەڵکوو لۆمەی ئەوەش دەکرێن کە چۆنە پارێزیان نەکردوەو ئاگایان لە خۆیان نەبوەو بۆ مینە نوستووەکانیان وەخەبەر هێناوە!

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ ڕێگەگرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنو ناخۆشانە لە کوردستان، بەهاناوەچوونی قوربانیانی تەقینەوەی مینو بنەماڵەکانیان ئەرکێکی گشتیو نیشتمانییە، بە تایبەت لە کاتێکدا کە ناوەندە بەرپرسیارە حکومییەکان خۆیان لەهەر چەشنە بەرپرسایەتییەک دەدزنەوە، ئەوە چالاکانی مەدەنی، نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لە مەجلیس، کاربەدەستانی دەروەستو دڵسۆزی نیشتمانە کە بەگرتنە پێشێی هەموو ڕێگەقانوونییەکانو فشارخستنە سەر ئۆرگانە پێوەندیدارەکان لەلایەک دەوڵەت ناچار بە هەڵگرتنەوەو لەکارخستنی مینەکان لە کوردستان بکەن، لە لایەکی دیکەش لە خەمی قوربانیانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی میندا بن تا ژیانو ئارامیو مافە ڕەواکانیان بە ڕەوا بزانرێو ئیمکاناتی ژیانێکی شایانو چارەسەری پزیشکییان بۆ دابین بکرێ.

# سیستمی پیاوسالاری له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان



ڕێبوار مه‌عروفزاده

به پێی پێناسه‌ی ئه‌دریه‌ن ریچ (Adrienne Rich) پیاوسالاری سیستمێكی كۆمه‌ڵایه‌تی، ئیدئۆلۆژیك و سیاسییه كه له‌ودا پیاوان له ڕێگه‌ی به‌كارهێنانی زۆر یان به شێوه‌یه‌كی ناتوندوتیژ له ڕێگه‌ی دابونه‌ریت، زمان، په‌روه‌رده، یاسا، دابه‌شكردنی كار و ... واده‌كه‌ن ژنان له ژیانی شه‌خسی و گشتی دا پاشكۆی پیاوان بن. پیاوسالاری بڕوابوونه به‌وه‌ی كه پیاوان كۆمه‌ڵێك تایبه‌تمه‌ندییان هه‌یه كه واده‌كا له ژنان له‌سه‌رتر بن و بۆ زۆر كار وه‌ك به‌ڕێوه‌به‌ری، سیاسه‌ت، بازرگانی، شه‌ڕ و ... گونجاوتر بن. سیستمی پیاوسالاری توانیویتی بۆ ساڵانێكی دوورو درێژ له نێو كۆمه‌ڵگه‌، ئایین، ڕه‌گه‌ز و چینی جیاوازدا به‌رده‌وام بێ. سه‌ركوتی ژنان فۆرمی جیاوازی هه‌بووه، هه‌ر له فۆرمه كۆنه‌كه‌ی كه زاڵبوونی باوك به سه‌ر بنه‌ماڵه، ژن و منداڵه‌كانی‌دا بووه هه‌تا كۆنترۆل كردنی گۆڕه‌پانی سیاسه‌تو ئابووری به ده‌ستی پیاوان وه‌ك فۆرمێكی نوێ. ئه‌گه‌رچی پیاوبوون و ژن بوون له هه‌لومه‌رجی جیاواز پێناسه‌ی جیاواز به‌خۆوه ده‌گرێ به‌ڵام ئامانجی سه‌ره‌كی سیستمی پیاوسالاری ئه‌وه‌یه كه وێنه‌ی پیاوبوون له كۆمه‌ڵگه‌دا هه‌میشه ئه‌رێنی‌تر و به‌هێزتر له وێنه‌ی ژن بوون ده‌ربكه‌وێ. بۆ نموونه له دێهاته‌كان كه زۆرتر كاری مه‌زرا و وه‌رزێرییان هه‌یه، توندوتول بوون و توانایی فیزیكی ئێستاش به‌های پێ ده‌درێ، به‌ڵام چ له شاره‌كان و چ له دێهاته‌كان، سه‌ره‌ڕای جیاوازییان له پێناسه‌كردنی ژن بوون، هه‌ر پیاو هێژمونی به‌سه‌ر ژن دا هه‌یه. له‌و وتاره‌دا باس له‌وه ده‌كه‌م كه ژنان له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان له ژێر ده‌سه‌ڵاتی كۆماری ئیسلامی ئێران له بواری یاسایی، سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی په‌راوێز خراون، به‌ڵام یه‌كسانی ڕه‌گه‌زی ده‌كرێ به‌دی بێ. هه‌روه‌ها بۆ ده‌سته‌به‌ربوونی یه‌كسانی ڕه‌گه‌زی له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان ئاماژه به كۆمه‌ڵێك پێشنیار ده‌كه‌م.

**یاساكانی كۆماری ئیسلامی ده‌رهه‌ق به ژنان**

یاسای بنه‌ڕه‌تی كۆماری ئیسلامی ئێران ژنانی چ له نێو بنه‌ماڵه‌دا و چ له فه‌زای گشتی ئۆتۆریته‌ی پیاوانی به سه‌ر ژنان دا زاڵ كردوه و به پێی ئه‌و یاسایانه گیان و ژیانی ژنان له‌ژێر ده‌ستی پیاوان دایه. سیمۆن دۆبووار له كتێبه‌كه‌ی خۆیدا له ژێر ناوی «ڕه‌گه‌زی دووهه‌م» (The Second Sex) ڕه‌خنه له سیستمی پیاوسالاری ده‌گرێ به‌وه‌ی له‌و سیستمه‌دا پیاو وه‌ك نۆرم و ئه‌رێنی ته‌ماشا ده‌كرێ و خۆدی ژن بوونێكی سه‌ربه‌خۆی نییه و بوونه‌كه‌ی له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ پیاودا پێناسه ده‌كرێ. جێگه‌ی ئاماژه‌یه له زمانی ئینگلیسی دا وشه‌ی پیاو (men) هه‌م بۆ پیاو به‌كاردێ و هه‌میش به گشتی بۆ مرۆڤایه‌تی به‌كاردێ، ئه‌وه له حاڵێكدایه وشه‌ی ژن (women) ته‌نیا بۆ ژن به‌كاردێ و وشه‌كه‌ش له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ پیاودا پێناسه كراوه. دیاره مه‌به‌ستی دۆبووار ته‌نیا ئه‌و وشه‌یه نییه به‌ڵكوو ئه‌و به گشتی پێی وایه تایبه‌تمه‌ندی باش ده‌درێته پاڵ پیاوان و تایبه‌تمه‌ندی نه‌رێنیش ده‌درێته پاڵ ژنان. ئه‌وه‌ی دۆبووار باسی كردوه به ڕوونی له یاسای بنه‌ڕه‌تی ئێران ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه. ئه‌وه له حاڵێكدایه ئه‌و یاسایانه به گشتی ته‌نیا پیاو دایناون به‌ڵام هه‌ر دووك ڕه‌گه‌ز ده‌بێ ڕه‌چاویان بكه‌ن. بۆ نموونه به پێی یاسای مه‌ده‌نی ژماره ١١١٧، مێرد ده‌توانێ ڕێگه له ژنه‌كه‌ی بگرێ بۆ ئه‌وه‌ی له ده‌ره‌وه كار بكا ئه‌گه‌ر مێرده‌كه پێی وابێ كه ئه‌و كار كردنه خه‌سار به ژیانی خێزانی یا هه‌ڵسوكه‌وتی ژنه‌كه ده‌گه‌یه‌نێ. هه‌ر بۆیه مێرد به پێی یاسا ده‌توانێ ڕێگه به ژنه‌كه‌ی بدا كه بۆ كار بچێته ده‌ره‌وه یان له ماڵ بمێنێته‌وه. یاسای مه‌ده‌نی ژماره ١٠٥ ته‌واوی به‌رپرسیاره‌تی له نێو ماڵدا به پیاو داوه چونكه ده‌ڵێ «له پێوه‌ندی ژن و پیاودا، پیاو وه‌ك سه‌رپه‌ره‌ستی بنه‌ماڵه به‌رپرسیاره.» ژنان له ئێران به پێی یاسا ناتوانن هێندێك پۆست وه‌ربگرن. به پێی یاسای ١١٥ ژنان ناتوانن ببنه سه‌رۆك كۆمار و به پێی یاسای ژماره ١٦٢، ژنان ناتوانن ببنه سه‌رۆكی ده‌زگای دادوه‌ری. یاسای ژماره ٢٠٩ش به‌ڕوونی ده‌ڵێ «ژیانی یه‌ك ژن به قه‌ت نیوه‌ی ژیانی پیاوێك به‌های هه‌یه». هه‌ر بۆیه ئه‌گه‌ر ژنێك له ڕووداوێكی هاتووچۆدا بكوژرێ، بنه‌ماڵه‌ی ئه‌و ژنه نیوه‌ی دییه‌كه‌ی وه‌رده‌گرن كه بۆ پیاوێك هه‌یه. له به‌رامبه‌ر ئه‌و یاسا ناداد‌په‌روه‌رانه‌دا، كۆمه‌ڵێك له چالاكانی ژنان له تاران له ٢٢ جۆزه‌ردانی ١٣٨٥، دیكۆمێنتێكیان ئاماده كرد كه له‌ودا ته‌واوی ئه‌و یاسا ناداد‌په‌روه‌رانه ریز كراون و كاریگه‌ری ئه‌و یاسانه له‌سه‌ری ژیانی ژنان شی كراوه‌ته‌وه. سێ مانگ دواتر ئه‌و چالاكانه كه‌مپه‌ینی «یه‌ك میلیۆن واژۆ» یان ڕاگه‌یاند كه ئامانج كۆكردنه‌وه‌ی یه‌ك میلیۆن واژۆ بۆ گۆڕینی ئه‌و یاسایانه بوو. ئه‌گه‌رچی ئه‌و هه‌وڵه‌ی ژنانی ئێرانی نه‌یتوانیوه هیچ یاسایه‌ك بگۆڕێ، به‌ڵام توانیویتی پێوه‌ندێكی به‌رین له نێو چالاكانی فێمێنیست و ژنانی نه‌خوێنده‌وار و ناچالاك دروست بكا و هه‌روه‌ها باسی یه‌كسانی یاسایی و پێگه‌ی ژنان له ئیسلام دا به شێوه‌یه‌كی جیدیی له نێو كۆمه‌ڵگه‌ی ئێراندا بێنێته به‌رباس. ژنانی كورد له ئێران له لایه‌ك هیچ ده‌سه‌ڵاتێكیان نه‌بووه تا یاساكانی ئێران بخه‌نه ژێر پرسیار و له لایه‌كی دیكه ئه‌وان به هۆی كێشه‌ی نێوان كورد و ناوه‌ند حه‌زێكی ئه‌وتۆیان نیشان نه‌دا بۆ ئه‌وه‌ی ببنه به‌شێك له‌و كه‌مپه‌ینه.

**ژنانی رۆژهه‌ڵات و سیاسه‌ت**

ژنانی كورد له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان له ڕوانگه‌ی سیاسییه‌وه چ له نێو كۆماری ئیسلامی دا و چ له نێو بزووتنه‌وه‌ی ناسیۆنالیستی كورد دا ده‌سه‌ڵاتێكی ئه‌وتۆیان نه‌بووه. به پێی ئاماری ڕێكخراوی ئاشتی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان ژنان ٣٫١٪ پارلمانی ئێران پێكدێنن و زۆرترین به‌شداری ژنان له پارلمانی ئێراندا له ساڵه‌كانی ١٩٩٧-٢٠٠٠ له ده‌ورانی خاته‌می دا بووه كه ٤٫٩٪ بووه. له مێژووی ده‌سه‌ڵاتدارێتی كۆماری ئیسلامی دا ژنان له ده‌وڵه‌تدا توانیویانه چه‌ند پۆستێكی كه‌م به‌ده‌ست بێنن. له ساڵی ٢٠٠٩ بۆ یه‌كه‌مجار ژنێك وه‌ك وه‌زیر هه‌ڵده‌بژێردرێ و مه‌رزیه وه‌حید ده‌ستگێردی وه‌ك وه‌زیری ته‌ندروستی دیاری ده‌كرێ. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ٧٠٪ ژنان ده‌نگیان به حه‌سه‌نی ڕوحانی دا به‌ڵام له كابینه‌ی ڕوحانی دا هیچ وه‌زیرێكی ژن نیه. ئه‌گه‌رچی به‌شداری ژنانی ئێرانی به گشتی له پارلمان و ده‌وڵه‌ت دا زۆر كه‌م بووه، به‌ڵام پێگه‌ی ژنانی كورد له‌وان زۆر لاوازتر بووه. له مێژووی كۆماری ئیسلامی دا واته له ٣٦ ساڵی ڕابردوودا هیچ ژنێكی كورد نه‌بووه‌ته پارلمانتار. هیچ ژن یا پیاوێكی كوردیش له كۆماری ئیسلامی دا نه‌بووه‌ته وه‌زیر. هه‌ر بۆیه به‌شداری و پێگه‌ی سیاسی ژنانی ئێرانی (فارس) له پێگه و به‌شداری پیاوان و ژنانی كورد باشتر بووه. ژنانی كورد له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان نه‌ك هه‌ر نه‌یانتوانیوه له نێو كۆماری ئیسلامی دا خاوه‌نی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی بن، به‌ڵكوو له نێو ئه‌حزابی كوردیشدا ده‌سه‌ڵاتێكی ئه‌وتۆیان نه‌بووه. ته‌واوی حیزبه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان له ٧٠ ساڵی ڕابردوودا سكرتێری پیاویان هه‌بووه.

بۆ یه‌كه‌م جار له كۆنگره‌ی ٤ی حیزبی دێموكراتی كوردستان له مه‌هاباد فه‌وزیه قازی وه‌ك كۆمیته‌ی ناوه‌ندی هه‌ڵده‌بژێردرێ. دواتر ناوبراو له‌گه‌ڵ گرووپی حه‌وت كه‌سی ده‌كه‌وێ و حیزبی دێموكرات تا كۆنگره‌ی ١١ هیچ ئه‌ندامێكی كۆمیته ناوه‌ندی ژنی نابێ. له كۆنگره‌ی ١١ تا ١٤، خه‌دیجه مه‌عزوور ته‌نیا ئه‌ندامی ڕێبه‌ریی حیزبی دێموكراتی كوردستان بووه. له كۆنگره‌ی ١٤ و له ساڵی ٢٠٠٧ به‌ملاوه هه‌ڵاواردنی ئه‌رێنی بۆ ژنان به‌كار دێ و ئێستا ٥ ژن وه‌ك ئه‌ندامی ڕێبه‌ری حیزبی دێموكراتی كوردستان كار ده‌كه‌ن. دیاره ئه‌و هه‌ڵاواردنه‌ش به واتای ئه‌وه نییه له كرده‌وه‌دا ده‌سه‌ڵاتی ژنان له‌و حیزبانه‌دا زیاتر بووه. بۆ نموونه كوێستان فتووحی، ئه‌ندامی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی حدك، ئاماژه به‌وه ده‌كا كه له‌و هه‌یئه‌ته‌ی حدك و حدكا بۆ پرسی یه‌كگرتنه‌وه‌دا دایانناوه، هیچ ژنێكی ڕێبه‌ری تێدا نیه. له نێو ڕێكخراوی كۆمه‌ڵه‌شدا به‌شداریی ژنان له ئاستی ڕێبه‌ریی زۆر لاواز بووه. به وته‌ی فه‌ریبا محه‌ممه‌دی، ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسی حیزبی كومه‌له‌ی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستان، له سه‌ره‌تای چالاكیی حیزبی كومه‌له له ساڵانی ١٣٥٧-١٣٦٢ هیچ ژنێك له ئاستی ڕێبه‌ریی كومه‌له‌دا به‌شدار نه‌بووه. له ساڵی ٢٠٠٠ و له كۆنگره‌ی ٩ی كومه‌له‌دا ژنان بۆ یه‌كه‌م جار توانیویانه ببنه به ئه‌ندامی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی. له ئێستادا له كومه‌له‌ی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستان دا ته‌نیا یه‌ك ژن هه‌یه كه ئه‌ندامی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی بێ كه ئه‌ویش فه‌ریبا محه‌ممه‌دییه. له‌كۆمه‌ڵه‌ی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستانی ئێرانیش ته‌نیا یه‌ك ژن بوونی هه‌یه كه ئه‌ندامی كۆمیه‌تی ناوه‌ندی بێ كه ئه‌ویش ناهید به‌هه‌مه‌نیه و وه‌ك ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسیش هه‌ڵبژێردراوه. جێگه‌ی ئاماژه‌یه كومه‌له‌كان له «هه‌ڵاواردنی ئه‌رێنی» بۆ به‌شداری زیاتری ژنان كه‌ڵك وه‌رناگرن.

له بواری نیزامیش له مێژووی خه‌باتی دێموكراته‌كان و كومه‌له‌كان، هیچ ژنێك نه‌بۆته فه‌رمانده‌ی نیزامی. به پێی ئاماری كۆمیسیۆنی كۆمه‌ڵایه‌تی حیزبی دێموكراتی كوردستانیش له ڕێژه‌ی نزیك ٥٠٠٠ شه‌هیدی حیزبی دێموكرات ته‌نیا ٢٨ كه‌س ژن بوون. له ڕاستیدا پیاوسالاری خاڵی هاوبه‌شی حیزبه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی كوردستانه. هه‌مووی ئه‌و ئامارانه ئه‌وه ده‌رده‌خه‌ن كه بۆ ناسیۆنالیزمی كوردی له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان بابه‌تی یه‌كسانی ڕه‌گه‌زی و پێگه‌ی ژنان بایه‌خێكی ئه‌وتۆی نه‌بووه و له پراكتیكدا ئه‌وان حیزبگه‌لێكی پیاوسالارن. دیاره زۆر جار نه‌بوونی ژنان له نێو ئه‌و حیزبانه به‌مجۆره وڵام ده‌ده‌نه‌وه كه ژنان هه‌ر وه‌ك پیاوان مافیان هه‌یه خۆ كاندید بكه‌ن یان ئه‌وه‌ی ژنی به‌توانامان نییه. به‌ڵام كاری حیزبێكی ناسیۆنالیستی ئه‌وه‌یه نه‌ته‌وه‌كه‌ی به‌هێز بكا و ژنانیش نیوه‌ی ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه‌ن. بۆ نموونه ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی دوكتور قاسملوو له‌سه‌ر چه‌پ و سوسیالیزمی دێموكراتیك نووسی و پیداگری كرد، هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ش له‌سه‌ر فێمێنیسم كاری كردبا، گومانم نییه حیزبی دێموكرات ئێستا به نیسبه‌ت به‌شداری ژنان له كوردایه‌تی و سیاسه‌تدا زۆر سه‌ركه‌وتووتر ده‌بوو.

**ژنان له كۆمه‌ڵگه‌ی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان**

به گشتی ژنان له كۆمه‌ڵگه‌ی ئێران دا له ژێر سه‌ركوتی پیاوان دان، به‌ڵام ڕاده‌ی ئه‌و توندوتیژییه ده‌رهه‌ق به ژنان له نێو كورده‌كان زۆر زیاتره. توندوتیژی ده‌رهه‌ق به ژنان ده‌كرێ به شێوازی جۆراوجۆر ئه‌نجام بدرێ. كوشتنی نامووسی یه‌كێك له‌و شێوازه هه‌ره قێزه‌ونانه كه له‌ودا به شێوه‌ی گشتی خزمی نزیكی ژنێك، ئه‌و ده‌كوژن بۆ ئه‌وه‌ی له نێو كۆمه‌ڵگه‌دا نازناوی خۆیان بپارێزن. به پێی لێكۆڵینه‌وه‌ی ناوه‌ندێكی زانیاری سه‌ربه‌خۆی نورویژ (Ladinfo)، كوشتنی نامووسی له ته‌واوی ئێراندا ڕوو ده‌دا، به‌ڵام دیارده‌ی كوشتنی ژنان له ژێر ناوی نامووس له‌و ناوچه غه‌یره فارسه‌كان باو و به‌رچاوه. به پێی لێكۆڵینه‌وه‌ی ئه‌و ڕێكخراوه‌یه دیارده‌ی كوشنی ژنان له‌ژێر ناوی نامووس له ناوچه كوردییه‌كان زۆره و پارێزگای ئیلام زۆرترین ئاماری كوشتنی نامووسی هه‌یه. خۆسووتاندنی ژنان دیارده‌یه‌كی دیكه‌یه كه له‌ودا ژنان خۆیان هۆكاری ڕاسته‌وخۆی كوشتنی خۆیانن به‌ڵام كه‌سانی دیكه‌ش له خۆسووتاندنی ژنان ڕۆڵ ده‌گێڕن. له ئاستی جیهانی دا ئێران له دوای هێندوستان زیاترین ژماره‌ی خۆسووتاندنی تێدا ئه‌نجام ده‌درێ و ژنان ٧١٪ قوربانیانی خۆسووتاندن پێك دێنن. خۆسووتاندنیش له ناوچه غه‌یره فارسه‌كانی ئێران زیاتره و ئیلام و لورستان زیاترین ژماره‌ی خۆسووتاندنی ژنانیان هه‌یه (Boostani). ئه‌وه نیشان ده‌دا كه ژنانی كورد به به‌راورد به ناوچه‌كانی دیكه به‌تایبه‌ت به به‌راورد به ناوچه فارسه‌كان زیاتر ڕووبه‌ڕوی توندوتیژی ده‌بنه‌وه. توندوتیژی ده‌رهه‌ق به ژنان ته‌نیا له ڕێگه‌ی پیاوان ئه‌نجام نادرێ و زۆر جار ژنان خۆیان توندوتیژی ده‌رهه‌ق به ژنانی دیكه ده‌كه‌ن. له لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی مه‌یدانی كه شه‌هێن بایه‌زیدپوور له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ دیارده‌ی خۆكوشتنی و خۆسووتاندنی ژنان له بۆكان كردویه‌تی، نزیك ٨٠٪ قوربانیانی ئه‌و كه‌یسانه له لایه‌ن ژنێكی دیكه ( دایك، خوشك و...) لۆمه كراون و قسه‌ی سووكیان پێ وتراوه. هه‌ر بۆیه زۆرێك له ژنانیش له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان پیاوسالاریان له ناخی خۆیاندا جێ كردۆته‌وه و ئه‌وان به بیركردنه‌وه پیاوان به‌ڵام خاوه‌نی جسمێكی ژنانه‌ن.

**ئاكام گیری**

چالاكانی فێمێنیست له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان پێویسته هاوكات دوو خه‌بات بگرنه‌به‌ر. یه‌كه‌م خه‌بات بكه‌ن له دژی پیاوسالاری بزووتنه‌وه‌ی ناسیۆنالیستی كورد و دووهه‌م خه‌بات بكه‌ن له دژی پیاوساری كۆمه‌ڵگه‌ی كوردی. پیاوانی كورد ئه‌و ده‌رفه‌ته‌یان هه‌بووه كه بچنه پارلمانی ئێران، ئه‌وان بزووتنه‌وه‌ی ناسیۆنالیستیان ڕێبه‌ری كردوه و به گشتی پیاوان نوێنه‌رایه‌تی گه‌لی كوردیان له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان كردوه. به‌ڵام سیاسه‌تی پیاوانی كورد له هیچ بوارێكدا نه‌یتوانیوه چالێشێك بۆ ده‌سه‌ڵاتدارێتی نه‌ته‌وه‌ی فارس دروست بكا. كه‌وایه ژنانی كورد له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان پێویسته شۆناسی سیاسی خۆیان له بزووتنه‌وه‌ی ناسیونالیستی په‌یدا بكه‌نه‌وه. به واتایه‌كی دیكه ئه‌گه‌ر ژنانی كورد ده‌یانه‌وێ نوێنه‌رایه‌تی خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تی له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان بكه‌ن، با ئه‌و خه‌باته چیدیكه له‌ڕێگه‌ی حیزبه‌كانی پیاوسالاری رۆژهه‌ڵاتی كوردستان نه‌كه‌ن. ڕه‌نگه ئایدیای ڕۆیا تلوعی له‌مه‌ر دامه‌زراندنی حیزبێكی فێمینیستی ژنانی كورد ڕێگه‌یه‌ك بێ بۆ ئه‌وه‌ی ژنان له رۆژهه‌ڵاتی كوردستان به شۆناسی خۆیان خه‌بات و كوردایه‌تی بكه‌ن.

سه‌رچاوه‌كان

M. Bennet, Judith. «Feminism and History»

Connell, RW. «Gender and Power»

Nicholson, Linda. «The Second Wave,» Published in Great Britain in ١٩٩٧

LANDINFO, «Report Iran: Honour Killings» Published In May ٢٠٠٩

Official Laws against Women in Iran from www.wfafi.org/laws.pdf

Boostani, Dariush. «Women victims of self-immolation: a ‹Grounded Theory› Study in Iran, ٢٠١٢ Published in www.feministshcool.com


States held by women in» national parliament» from: http://data.un.org/Data.aspx?q=ir ٪٣A٥٥٧٪an&d=MDG&f=seriesRowID ٣A٣٦٤٪٣BcountryID

Tisdall, Simon. «Iran Appoints First Female Minister for ٣٠ Years,» Published in Guardian: http://www.theguardian.com/world/٢٠٠٩/sep/٠٣/iran-woman-cabinet-minister

Esfandiari, Haleh. «The women›s Movement» from: http://iranprimer.usip.org/resource/womens-movement

# ژیاننامه‌ی تۆماس جێفرسۆن (٣)

ن: فرانك فریدێڵ و هاگ سیده‌ی و: له ئینگلیزیه‌وه: خه‌سره‌و ئه‌ڵماسی



سێیه‌م سه‌رۆك كۆماری ئه‌مریكا (خوله‌كانی سه‌رۆكایه‌تی ١٨٠٩-١٨٠١)

ن. فرانك فریدێڵ و هاگ سیده‌ی و. له ئینگلیزیه‌وه: خه‌سره‌و ئه‌ڵماسی

له گه‌رماوگه‌رمی ململانێی حیزبی له ساڵی ١٨٠٠دا، تۆماس جێفرسۆن له نامه‌یه‌كی تایبه‌تی‌دا ده‌نووسێت: « سوێندم له به‌رده‌م خوای مه‌زندا خواردووه كه دوژمنی هه‌میشه‌یی هه‌ر جۆره زۆردارییه‌ك بم به‌رامبه‌ر مێشكی مرۆڤ.»

ئه‌م پارێزه‌ره به‌هێزه‌ی ئازادی، له ساڵی ١٧٤٣ له گه‌ڕه‌كی ئالبێماڵی ڤیرجینیا له دایك بوو. له باوكییه‌وه، كه باخه‌وان و نه‌خشه‌داڕێژ بوو، ده‌وروبه‌ری ٢٠٠٠٠ مه‌تری چوارگۆشه‌ی زه‌وی به میرات بۆ مابوو، وه له دایكییه‌وه، كه له خێزانی راندۆڵفه‌كان بوو، پێگه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی به‌رزی بۆ به‌جێمابوو. له كۆلێژی ویلیام و ماری ده‌رسی خوێند و دواتر بوو به خوێندكاری به‌شی یاسا. له ساڵی ١٧٧٢دا، ژیانی هاوسه‌ری له‌گه‌ڵ بێوه‌ژنێك به ناوی مارتا وایلێس سكێڵتۆن پێكهێنا و گواستییه‌وه بۆ مۆنتسێلۆ، ماڵه ته‌واو نه‌بووه‌كه‌ی كه به لووتكه‌ی شاخێكه‌وه بوو.

جێفرسۆن كه دموچاوێكی شڵو قژێكی خه‌نه‌یی و باڵایه‌كی به‌رز و ناقۆڵای هه‌بوو، وه‌ك په‌یامنێر كه‌سێكی قسه‌زان بوو، به‌ڵام قسه‌كه‌رێكی گشتیی باش نه‌بوو. له ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی ڤیرجینیا و كۆنگره‌ی كانتینێنتاڵ، زیاتر له ده‌نگی، پێنووسه‌كه‌ی خستبووه پرسی نیشتمانه‌وه. جێفرسۆن، وه‌ك «نوێنه‌ره بێده‌نگه‌كه‌ی» كۆنگره، كاتێك ٣٣ ساڵ ته‌مه‌نی بوو، ڕه‌شنووسی ڕاگه‌یاندنی سه‌ربه‌خۆیی نووسیه‌وه. له ساڵانی دواتردا، كاری بۆ ئه‌وه كرد كه وشه‌كانی له ڤیرجینیا ببنه ڕاستییه‌كی حاشاهه‌ڵنه‌گر. له هه‌موو سه‌رنجڕاكێشتر، پرۆژه‌یاسایه‌كی بۆ ده‌سته‌به‌ركردنی ئازادی ئایینی نووسیه‌وه كه له ساڵی ١٧٨٦دا وه‌ك یاسا په‌سند كرا.

ململانێی توندی حیزبایه‌تی گه‌شه‌ی كرد، وه دوو پارتی جیاواز، فیدڕالیسته‌كان و كۆماری- دیموكڕاته‌كان، خه‌ریك بوو دروست ده‌بوون. جێفرسۆن هێدی هێدی ڕێبه‌رایه‌تی كۆمارییه‌كانی گرته ده‌ست كه هاوسۆزی پرسی شۆڕشی فه‌ڕه‌نسا بوون. به هێرشكردنه سه‌ر سیاسه‌ته‌كانی فیدڕالیسته‌كان، دژی حكوومه‌تێكی ناوه‌ندیی به‌هێز و لایه‌نگری مافی ویلایه‌ته‌كان بوو.

وه‌ك كاندیدێكی ناڕازیی سه‌رۆكایه‌تی له ساڵی ١٧٩٦، جێفرسۆن سێ ده‌نگی كه‌م هێنابوو. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی دژبه‌ری سه‌رۆك كۆمار ئه‌ده‌مز بوو، به هۆی هه‌ڵه‌یه‌ك له ده‌ستووری وڵاتدا بوو به جێگری سه‌رۆك كۆمار. له ساڵی ١٨٠٠دا، ئه‌و كه‌موكوڕییه‌ی ده‌ستوور، كێشه‌یه‌كی گه‌وره‌تری لێكه‌وته‌وه. ده‌نگده‌رانی كۆماری، كه هه‌وڵیان دا هه‌م سه‌رۆكی وڵات و هه‌م جێگره‌كه‌ی له پارته‌كه‌ی خۆیان هه‌ڵبژێرن، به ڕێژه‌یه‌كی یه‌كسان ده‌نگیان به جێفرسۆن و ئارۆن بێڕ دابوو. ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌ران كێشه‌ی ئه‌و ده‌نگه یه‌كسانه‌ی چاره‌سه‌ر كرد. هامیلتۆن، كه هیچ یه‌ك له جێفرسۆن و بێڕی خۆش نه‌ده‌ویست، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا پێداگری له سه‌ر هه‌ڵبژاردنی جێفرسۆن كرد.

كاتێك جێفرسۆن سه‌رۆكایه‌تی وڵاتی گرته ده‌ست، قه‌یرانه‌كه‌ی فه‌ڕه‌نسا كۆتایی پێهاتبوو. خه‌رجییه‌كانی سوپا و هێزی ده‌ریایی كه‌م كرده‌وه، له بودجه‌ی بڕی، وه باجی سه‌ر ویسكی لابرد كه له رۆژئاوا زۆر خه‌ڵكی بێتاقه‌ت كردبوو، وه به‌م شێوه‌یه ته‌نیا توانی به ڕێژه‌ی یه‌ك له سه‌ر سێ قه‌رزی گشتیی وڵات دابه‌زێنێت. هه‌روه‌ها ده‌سته‌یه‌كی هێزی ده‌ریایی ڕه‌وانه‌ی شه‌ڕ كرد دژی دزه ده‌ریاییه‌كانی باربار‌ی كه ته‌نگیان به بازرگانیی ئه‌مریكا له مه‌دیته‌رانه هه‌ڵچنیبوو. جگه له‌مانه‌ش، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ده‌ستووری وڵات ڕێگه‌ی به وه‌ده‌ستهێنانی خاكی نوێ نه‌ده‌دا، بێ هیچ دوودڵی و گومانێك له ده‌ستووریبونی هه‌نگاوه‌كه‌ی، ده‌رفه‌تی وه‌ده‌ستهێنانی ناوچه‌ی لوویزیانای له ناپیلیۆن له ساڵی ١٨٠٣ قۆسته‌وه.

له ماوه‌ی خولی دووه‌می سه‌رۆكایه‌تیدا، سه‌ره‌ڕای ده‌ستێوه‌ردانه‌كانی ئینگلیستان وفه‌ڕه‌نسا له مافه‌كانی بێلایه‌نانه‌ی بازرگانانی ئه‌مریكی، جێفرسۆن زۆربه‌ی كات و هه‌وڵی خۆی ته‌رخان كردبوو بۆ ئه‌وه‌ی نه‌هێڵێت گه‌لی ئه‌مریكا له شه‌ڕه‌كانی ناپیلیۆنه‌وه بگلێت. ئه‌و چاره‌سه‌ره‌ی كه جێفرسۆن هه‌وڵی بۆ ده‌دا، واته ئابلۆقه‌ی سه‌ر گواستنه‌وه‌ی ئه‌مریكی، ئه‌نجامی باشی لێ نه‌كه‌وته‌وه‌و خه‌ڵكی بێزار كردبوو.

دوای خانه‌نشینبوونی، گه‌ڕایه‌وه مۆنتسێلۆ و كاته‌كانی ته‌رخان كرد بۆ بیر كردنه‌وه له نه‌خشه گه‌وره‌كانی بۆ زانكۆی ڤیرجینیا. پیاوێكی خانه‌دانی فه‌ڕه‌نسی تێبینی كرد كه جێفرسۆن ماڵ و مێشكی خۆی ته‌رخان كردبوو «بۆ پێگه‌یه‌كی به‌رز كه ده‌كرێ لێیه‌وه له جیهان بڕوانێت.»

جێفرسۆن له رۆژی ٤ی مانگی جولای ساڵی ١٨٢٦، ماڵاوایی له ژیان كرد.

سه‌رچاوه:

http://www.whitehouse.gov/about/presidents/thomasjefferson

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٤٢

٣٠ی رەزبەری ١٣٩٣

٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# سینەمای گوێ لەمستی دەسەڵات و چەواشەکارییەکانی!

## سەرنجێک بۆ دوو فیلمی (چە) و (شورشیرین).



عەلی لەیلاخ

بە ئامرازکردنی سەنعەت و هونەری سینەما لەلایەن دەسەڵاتە سەرەڕۆکانەوە شتیکی تازە نیەو رەنگە بتوانین سیستمی فاشیزمی ئیتالیاو دەسەڵاتی «مۆسۆلینی»بە باشترین نموونە بێنینەوە. پرسیار ئەمەیە بۆ لە هەموو هونەر و زانستەکان ڕێژیمە نارەواکان هەوڵ دەدەن ئەم هونەرە بە کەیفی خۆیان دەستەمۆ بکەن و بەکاری بهێنن بۆ بانگەشەو پرۆپاگەندەی خۆیان،؟ ئایا سینەما ناحکومەتی‌و پشت بە دەسەڵات و روو لە خەڵک، بۆ مانەوەی دەسەڵاتدارەکان لە حاکمییەتێکی نا مەشرووع جێگەی مەترسییە؟ ئایا سینەما دەوری هەیە لە بۆژاندنەوەی خەڵکی چەوساوەو بەرزکردنی ئاستی زانست وبیرکردنەوەی کۆمەڵگا؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە ئەگەر سەرنجێک بدرێت لە رابردوو و ئێستاکەی ئەم هونەرە مەزنە رەنگە بۆ هەرکام لەم پرسیارانە وەڵامان هەبێت.

هونەری حەوتەم واتا سینەما دەتوانین بڵێین کۆکراوەی سەرجەم هونەرەکانەو کە هەر لەسەرەتای دەسپێکیەوە بوو بە تریبۆنێک بۆ گەیاندنی دەنگە جیاوازەکان و ورووژاندنەوەی فیکری و ڕێگایەک بۆناساندنی میللەتەکان‌و کەلتوورەکان.

هونەری سینەما بەتایبەت لە دنیای ئەمرۆ تێکڵاوێکە لە هونەری ئەدەبیات و ئەکتەری و مۆسیقاو دەرهێنەریی کە ماوەی چەند کات جاری روایە باسییێکی دووررودرێژ یان بابەتێکی گرینگ دەخاتە بەر دیدەی بینەران و بە ئەسپایی لەسەر بیروزەینی ئەوان کاریگەریی دادەنێت. رەنگە لەسەردەمی ئەمرۆ بەهۆی تەنگی کات‌و نەبوونی مەجال‌و سەرقاڵی مرۆڤەکان بەژیانەوە ئەوەندە دەرفەت نەبێت بۆ خویندنەوەی کتێبە مێژووییەکان و رۆمان وچیرۆکەکان، هەربۆیە لەم نێوانەدا سینەما هەوڵی داوە ئەو دابڕان و بۆشاییە پربکاتەوە. بەڵام هەر ئەم کاریگەرییە ئەرێنییەی سینەما بۆتە هۆکارێک کە دەسەڵاتە پاوانخوازەکان وەکوو ئامرازێک لەم سەنعەتە گرنگە بەشیوەی نەرێنی کەڵک وەربگرن بۆ دەستەمۆکردنی مێشک‌و بیری کۆمەڵگە و چەواشە کردنی راستییەکان بە قازانجی خۆیان. هەربۆیە مقۆمقۆی ئەمە کە هونەر بەتایبەتی هونەری سینەما دەبێ لە ژێر ڕکیفی سیاسەتی حاکمییەت دەربێت و رەها و سەربەخۆبێت، ئەم باسە لە مێژە لە ئێران لەلایەن رەخنەگرانەوە هاتووتە ئاراوە، تا ڕادەیەک بۆتە هۆی تەرەبوون وکۆچ کردنی هێندیک لە دەرهینەرو سینەماکارە بەناوبانگەکان، کەسانێک وەکوو «عەبباس کیارۆستەمی و موحسێن مەخمەڵباف و..هتد.

سەرەتا نارەزایەتییەکان لە سینەمای گوێ لەمستی حاکمیەت بەنیسبەت نزم بوونی ئاستی هونەریی و پرۆپاگەندەی نارەوا بۆ شەڕو بەربەرەکانی لەژێر ناوی سینەمای «دفاع مقدس» کە چەندین ساڵە لە کۆماری ئیسلامیدا پەرەی پێدەرێت، کەوتە سەر زاری رەخنە و هەڵویست گرتنەکان، بەرەبەرە پێشل کردنی مافەکۆمەڵایەتییەکان و هەڵاواردنی رەگەزی و ئایینی و میللی بەم جۆرە بەرهەمە سینەمایانە ئێزافە کراو رۆژبەرۆژ لە زیادبوون دایە.

ئەم چەند دێرە باس و رەخنەیەکی جیدییە لە سینەمای ئێران و بۆ خۆی هەڵگری بابەتێکی تێروتەسەڵە. مەبەستی ئەم بابەتە تیشک خستنە بەسەر نواندنی دوو بەرهەمی سینەمایی لەچەشنی سینەمای دیفاعی موقەدەس بەناوەکانی. «چە چمران»و «شورشیرین».

فیلمی یەکەم بە دەرهێنەریی «برایم حاتمی کیا»، کە دەرهێنەرێکە لە بواری سینەمای شەڕ و رەوایی بەخشین بە ٨ساڵ شەڕی ئێران وعێراق، ئەمجارە ویستوویەتی لە یەکێک لە پاسدارەکانی رێژیم بە ناوی مستەفا چەمران، سیمایەکی شۆرشگێرانەو مافخوازنە نیشان بدات. ئیستارتی سناریۆی ئەم فیلمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی دەسەڵاتداریەتی ئەحمەدی نیژاد، کە پەیوەندی لە نێوان ئێران و وڵاتانی ئەمریکای لاتین چڕوپڕتر بوو، هەر لەوسەروبەندە بوو کە کچ وکوری چگوارە، شورشگێری سوسیالیزمیی ناسراوی ئامریکای لاتین بانگهێشت کران بۆ تاران و لە زانستگای فێردەوسی پێشوازییان لێکرا. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ویستیان کەسایەتی چەمران بە چگوارە کە نازناوی جیهانی هەیە گرێ بدەن! چۆنکە چەمرانیش ماوەیەک بۆ سەقامگیر کردنی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی شیعە، لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، واتە لە لوبنان و حەوزەی هەلالی شیعە لە رۆژهەڵاتی ناڤین چەک هەڵگربووە! ئەم قیاسە نەگونجاوە هەر لەسەرەتاوە شکستی هێنا چونکە چیتر پرۆپاگەندەی حاکمییەت ناتوانێ لەمە زیاتر لە گەڵ کۆمەڵگە درۆو دەلەسە بکات، هەربۆیە پرۆژەی سیاسی،فەرهەنگیی «چە، مثل چگوارە» کە بە میلیارد هەزینەو موچەیان بۆ تەرخان کردو کرا بە فیلمێکی سینەمایی بەڵام بێ داهات! نموونەی ئەم شکست هێنانە پێشوازی نەکردنی خەڵک لە نیشاندانی ئەم فیلمەوە دەیان رەخنەی توندوتیژ لە کارگێران ودەرهێنەری ئەم فیلمە گیرا بۆ نموونە کەسانێک وەکوو «عەبباسی کیارۆستەمی» سینەماکاری ناودارا، لەم بارەوە وە دەنگ هات! بەڵام خاڵی جێگەی سەرنجی ئەم فیلمە ئەمەیە کە دیسان سینەمای گوێ لە مستی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیی ویستوویەتی لەم رێگاوە چی بزووتنەوەی کوردی هەیە بەتایبەت لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بە هێزێکی شەڕئەنگیزو بێ بەزەیی وتیرۆریست و بەدوور لە پشتیوانی خەڵک نیشان بدات. هەر لە سەرەتاوە فیلمەکەش بە



چەند دیڕی پاوانخوازنەوە دەستپێدەکات.

مێژووی ئەم جۆرە سینەمای بێ بنەماو چەواشەکارە بە نیسبەت رووداوە مێژووییەکانی دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ٦٠بەملاوە.کە رێژیم ویستی لەهەموو رێگایەکەوە نیزامیی، سیاسی و فەرهەنگیی، دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی بەسەر کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەت گەلانی بن دەستدا بسەپێنێت. لە فیلمی «چە»کە گۆشەنگایەکی یەک لایەنەی کۆماری ئیسلامییە بەسەر رووداوەکانی سەرەتای ئینقلاب لە کوردستان و بەتایبەت گەمارۆی شاری پاوە، هیزە سیاسییەکانی کورد بە «موهاجم»و داگیرکەر نیشان دەدات! ئەمە لە کاتێک دایە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دوای بێ ئاکام بوونی دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و هێرشی هەمەلایەنە بۆسەر کوردستان بۆ پاراستنی کەرامت وکیانی خاکی خۆیان و بەرگریکردن لە خەڵکی هەژاری کورد دەستیان بۆچەک بردو شەڕی نەخوازراو دەستی پێکرد. لەم فیلمەدا پاسدار چەمران پیاوێکی لەسەرخۆو جلوبەرگی(مەدەنی) لەبەر نێشان دەدرێ کە نیەتی خێرخوازانەی هەیە! بەڵام کەسایەتیی چەمران لەباری فیکری کە باوەڕی بە پاوانخوازی و پاراستنی خاکی ئێران و پەرەپێدان بە بیرۆکەی ئینقلابی ئیسلامی هەبوو بە هەر قیمەتێک، هەروەها رووداوە مێژووییەکان دەرخەری ئەمەن کە مستەفا چەمران دوای هاتنەوەی لە لوبنان،گرێ پۆتینەکانی توند کردو بە پشتیوانی ئەرتەش و سپا، هێرشی کردە سەر کوردستان و شەڕیان بەرسەر خەڵکی بێ دیفاعی کورد داسەپاند. ئەگەرچی لەم فیلمە هەوڵ دراوە چەمران وەکوو مەسیح نیشان بدات هەتا فەرماندەرێکی پاسدار!کە بێجگە پاراستنی سنوورەکانی ئایینی و ئێرانی، هیچ بڕوایەکی بە مافی گەلانی بن دەست نەبوو، بەڵام وەک باسمان کرد پێشوازی نەکردنی خەڵکانی غیرە کوردیش لەم فیلمە و بایکوت کردنی لە شارەکانی کوردستان نیشان لەوەیە کە سینەمای دەستەمۆی حاکمییەت شکستی هێناوەو چیتر ناتوانن لەم رێگاوە رەوایی بە ناروا بوونی بیرۆکەی داخراوی خۆی بدات.

فیلمی دووهەم بەناوی «شور شیرین»، ڕاستەوخۆ بێ‌ڕێزی کردنە بە خەڵکی کوردو و تاوان و توانج خستنە لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستانە بەتایبەت ئەوکات کە کونترۆڵی چەند شارێک وەکوو بۆکانی بەدەست بوو. رەوایەتێکی بەلارێ بردنی راستییەکانە، لە شێوەی هەڵسوکەوتی حیزبی دێموکرات لە گەڵ خۆی و هێزە نیزامییەکانی رێژیم. لەم فیلمەدا سرگوردعەلیار،فەرماندەی هێزی پێشەوا لە بەرانبەر پاسدار مەحموودی کاوەی خەڵکی خوراسان وەکوو دە نوێنەروکەسایەتی ئەرینی

و نەرێنی نیشان دەرێت! وەکوو سەرجەم فیلمە سینەماییەکانی ئێران. کە بە ناوەڕۆکی رووداوی سیاسی و مێژوویی سازکراوە، دیسان بەداخەوە نووسەر ی سیناریۆی فیلم ودەرهێنەر «جواد اردکانی»بە شێوەی سفارشی و بە ئەنقەست هەوڵی داوە بۆ بە لارێ بردنی ڕاستییەکانی شەڕی کوردستان و حیزبە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دیموکرات بە هێزێکی میلیشای بی پڕنسیپ و بەدوور لە ئیخلاق و مرۆڤایەتی پێشان دەدا. جێگەی سەرسوورمان ئەمەیە حیزی دیموکرات کە هەڵقووڵاوی خەڵکی کوردستانەو لە کوروکچانی ئەوخەڵکە پێکهاتووە بە داگیرکەر دەناسێنێت! و هێرشی سپاو ئەرەتەشی ناوەند بۆ ئازادکردنی پارچەیەک لەخاکی ئێران! بەفیداکاری و بە باشی وەسف دەکرێ..

بێسەروبەنی حیزب و بێ‌ڕێزی کردنیان بە خەڵک و بیروباوری ئایینی و سەربرینی سەربازو کوشتنی بریندارەکان،،کە لەم فیلمە زۆر ناشیانەو بێ‌ئاگایانە نیشان دەرێت، نێشاندەری ئەوەیە کە دەرهێنەری ئەم فیلمە بەتەواوی خۆی ماندوو کردوە کە سیمایەکی نائینسانی لە بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدات و رواڵەتێکی ئاسمانی بە هێزەکانی سەرنەیزەوپوتین رەشی رێژیمی تاران ببەخشێت! لەمێژە ئەم شێوە سینەما تەنانەت بۆ غەیرەکوردەکانیش برەو و باوی نەماوەو بەس من دەتوانم بڵێم سەرەڕای ئەوهەموو چەواشەکارییانەی کە لەو هەردوو فیلمە دەبیندرێت لەچەند روانگەوە جێگای سەرنجی زیاترن؛

-کۆماری ئیسلامی پاش ٣٠ساڵ زیاتر، هێشتا دان بەهەڵەکانی خۆی ناهێنێت و لەهەوڵ دایە لەهەموو رێگاکەوە بیروڕای کۆمەڵگە بە نیسبەت رووداوەکانی سەرەتای ئینقلاب بە لارێدا ببات.

_دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ناوەندەفەهەنگییەکانیان بەتەواوی خستووتە گەڕ بۆ بانگەشەی بیری دواکەوتووانەی خۆیان و رەنگی جوان و بریقدرا دەبەخشن بە سەرجەم جینایەتەکانی خۆیان کە لەسەروبەندی ئینقلاب ئەنجامیان داوەو هێشتاش وەکوو مانیفستێکی سیاسیی پێرەوی دەکەن،

_هەرئەوەی لە دوو فیلمە ژنانی کورد لە نێو شورش و خەباتی چەکدارانە هەرچەند بە سووک و تەشهیر نیشان دەرێت بۆ خۆی نیشان لەوەیە کە دوژمنانیش لە ئەوە پەڕی داخراویی فیکرییەوە بە رۆڵ و نەقشی ژنان وکچانی کورد ئیعتراف دەکەن.

_سیاسەتی بەرهەمە سینەماییەکانی ژێر چاودێری کۆماری ئیسلامیی بێجگە سانسۆری رەش، هەمیشە تێکۆشاوە کە خەڵکی سیڤیل و کۆمەڵگەی ئایینی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان جیابکاتەوەو، ئاگربەردان لە مزگەوت وکوشتنی بێ بەزەییانەی مەلای گوندەکە،کە سکانسێکە لە فیلمی شوری شیرین نموونەیەکە لەم بارەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە هیچ کات حیزبی دیموکرات و تەنانەت حیزبە چەپەکان بەو شێوە بێ‌ڕێزییان بە پەرەستگەومزگەوتەکان نەکردوە، بەڵکوو هەمیشە وەک جێگە و مەڵبەندێک بۆ رێکخستنەکان وسوخرانیەکان. خاڵێکی دیکە لەم فیلمە شێوەی نامرۆڤانەی هەڵسوکوت کردنی حیزبی دیمۆکراتی بە درۆنیشان داوە، چۆنکە بە پێی ئامارەکان حیزبی دێموکرات نزیک بە چەند هەزار ئەسیری بە بێ هیچ چاوەروانی و معاملەی سیاسی ئازاد کردوە. یەک لە ئامۆژگارییەکانی دکتور قاسملووی نەمر ئەمەیە «کە زیندانی حیزب، ئاوێنەی حیزبە»

_نیشان دان وبەرجەستەکردنی ئەوکەسانەی کە هاوکاری نیزامیان کردووە و بونەتە بەکرێگیراو لەو دوو فیلمە جێ تێڕامانە، یانێ رێژیم لەم رێگەوە بە فێرودانی هێندێک کەسی نەفس نزم و نائاگا یان بەفشاروگۆشار خستنەسەر ئەوان یان بارمتەگرتنی کەسوکاری ئەوان، توانی زۆرکەس لە رێزەکانی پێشمەرگە دوور بخاتەوە و تەنانەت بیانکات بە دوژمنی گەل، بەدوو ئامانج یەکەم کوشتنی کورد بەدەستی کورد، دووهەم پەرەدان بەشەری براکۆژی وبۆغزاندنی تاکی کورد بە نیسبەت یەکتر،

کۆتایی:

چەند ساڵ لەمەو بەر رەخنەگرێک لەبواری سینەماوە بەتایبەت سینەمای دیفاع موقدەس لە ئێران گوتی تەنیا دەرهێنەرانێک وەکوو «برایم حاتمی کیاو مەسعوود دێهنەمەکی وجەمال شورجە، بۆ ساز کردنی فیلمەکانیان ئیزنی ئەوەیان پێدەدرێت کە تەنانەت تانک و تۆپیش بهێنەسەر شەقام» . مەبەستی لەم قسە ئەم بوو کە زۆرن ئەو فیلم سازو سینەماکارانە کە کەمترین ئیمکاناتیان بۆ دابین ناکرێت و ناچارن یان لە کپی دا بمێنەوە یان رێگەی هەندەران بگرنەبەر یان مل بەسانسۆری رەش بدەن. بەڵام حاکمیەتی ئیسلامی ئێران هەموو جۆرێک لەباری مادی ومەعنەوییەوە پاڵپشتی لە بەناو هونەرمەندانە دەکات کە بەتەواوی لەخزمەتی بیرۆکەی کۆماری ئیسلامین و هونەری ئەوان وسینەمای ئەوان گوێ لەمستی دەسەڵاتە، نەک هونەرێکی دەروەست ورەها.

پێویستە بگوترێت کە ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی رووناکبیرو هونەرمەندی ئێرانی و کوردستانییە کە لە بەرانبەر ئەم چەشنە بەرهەمە سوک و نزمانە کە بێچگە بێ رێزی و سووکایەتی بە گەلی کوردو بزووتنەوەی مافخوازانەی ئەو گەلە، هیچ ئاکام ودەسکەوتێکی تەنانەت ئابووریشی تێدا نیە و پڕاوپڕە لە بێ رێزی ودەمارگرژی ،بێ هەڵویست نەبن.

**سەرچاوە:**

**فیلم سینمایی (چە) ابراهیم حاتمی کیا/فیلم (شور شیرین) جواد اردکانی،سایت سینمایی ایران.**

**ئارشیڤی حیزبی دیموکرات کردستان.**



KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 642 22 octob 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com


# بەڕێوەچوونی چوارەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ناوەندی پرسی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنفرانسی چواری خۆی لە وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە برد.

ئەو کۆنفڕانسە ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە، ٢٦ و ٢٧ ی ڕەزبەر لە شاری ئۆسلۆ و لە ژێر ناونیشانی «بزوتنەوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش شۆڕشی گەلانی ئێران تاکوو بە ئێستا و کێشەو گرفتەکانی بەردەم ئەم بزوتنەوانە» بەڕێوە چوو.

ئەو کۆنفڕانسە کە بە بەشداریی دەیان ژنو پیاوی یەکسانیخوازو کۆمەڵێک حیزبو ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، بە سروودی یەکسانی دەستی پێکردو کۆنفڕانس خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی ئامادەکاری لەلایەن فریشتە گوڵپەروەوە دەستی پێکرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کردنەوەی کۆنفڕانس‌دا پەیامی ناوەندی پرسی ژن لە لایەن گوڵڕوخ قوبادی، ئەندامی ئەو ناوەندە خوێندرایەوە پاشان بەرنامەکانی کاری کۆنفڕانس درێژەی پێدرا.

لە پانێلی یەکەمی ئەو کۆنفرانسەدا دا خاتوو مەرزە جەوانمەرد لەسەر پێویستیی بوێری ژنان لە تێکۆشانی کۆمەڵایەتی، موعتەسەم تاتایی لەسەر چۆنیەتیی گەشەکردنی باری ئابووری لە جیهانو خۆدیتنەوەی ژنان لەو بازاڕەداو؛ شەهلا دەباغی لەسەر بەرجەستەبوونی فێمینیزمی کوردی باسەکانی خۆیان پێشکێش کردو هونەرمەند شەهێن تاڵەبانی، باسێکی سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی ژنانی هونەرمەند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و بە کورتی ئاوڕێکی لە بارودۆخی ژنانی هونەرمەند لە ئێرانی دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دایەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا پوختەیەک لە ژیانو بەسەرهاتی فەتانە وەلیدی پێشکێش کراو لەو کۆنفڕانسەدا ڕاگەیەندرا کە کومیتەی بەڕێوەبەریی کۆنفڕانس بۆ ڕێزگرتن لە هونەرمەند فەتانە وەلیدی سندوقێکی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئەو هونەرمەندە داناوە.

لە پانێلی دووهەمدا عیسمەت سۆفیا لەسەر پەیوەندیی خەباتی ژنان، فێمیسنیسم و ناسیۆنالیسم قسەی کردو خاتوو ئێوا هۆما باسێکی لەسەر دیاردەی خۆسووتاندنو خۆکوژیی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. بەیان عەزیزی کۆڕگێڕیکی دیکەی ئەو پانێلە بوو کە باسێکی لەژێر ناوی ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد، گەشەکردن و مەترسی کارکردن لە ساڵەکانی (١٣٧٠ تا ١٣٩٠) دا پێشکێش کرد ودوای هەرکام لە پانێلەکان، بەشداربووانی کونفرانس پرسیارو تێبینییەکانی خۆیان لەگەڵ کۆڕگێڕان دەخستە بەرباس.

گێڕانەوەی بینینەکانی ئەندامێکی حیزبی سووری نوڕویژ لە کۆبانیو دیدار لەگەڵ چەند ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو کانتۆنە دوایین بابەتی ڕۆژی یەکەمی کۆنفڕانس بوو.

بەرنامەکانی چوارەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی دووهەمی خۆیدا بە بابەتێکی حەلیمە ڕەسووڵی لە ژێر ناوی لە ژێر ناوی وەزعیەتی ژنانی کوردو بزوتنەوەکانی ژنان لە کوردستان دەستی پێکرد کە بابەتەکەی لە باشووری کوردستانەوە بە ویدیۆ بۆ کۆنفرانسی ناردبوو، بڵاو کرایەوە.

لە درێژەی کاری کۆنفڕانس‌دا مینۆ عەلی‌نیا باسێکی لە سەر باردۆخی ژنانو پێویستیی کەمرەنگکردنەوەی کلتووری دنەدان بۆ توندو تیژیو کوشتن لە کوردستان کردو سیمین چایچی کە لە ڕێگەی سکایپەوە بەشداریی کۆنفرانسکەی



کردبوو، باسێکی لەسەر ڕۆلی «ئێن جی ئۆ کان « لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو نەبوونی ئازادیو سنووردار کردنی کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

ناهید موکری یەکێکی دیکە لە ئامادەبووانی کۆنفرانس بوو کە باسی ڕۆڵی ئایین لە سنووردارکردنی ئازادییەکانی ژنانی کردو لە کۆتایی کاری کۆنفڕانس‌دا هونەرمەندان شەهێن تاڵەبانیو ئارەزو عومەرزادە چەند گۆرانییەکیان پێشکێش بە ئامادەبووانی کۆنفڕانس کرد.

شایانی باسە کومیتەی ئامادەکاری چوارەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە فریشتە گوڵپەروەر، عیسمەت سوفیا، مەحبوبە ڕەحیمی، کوێستان عومەرزادە، نگین قادرزادەو ڕۆژە عەزیزی پێک هاتبوو.

# داعشییەکانی ئێرانو سیاسەتی «اسیدپاشی»

**ئاماری قوربانیانی تێزاب لە ئیسفەهان گەیشتە سەرووی ١٠ کەس.**

یەکێک لە قوربانییەکان گیانی لەدەست دا.

لە چەند حەوتووی ڕابردوودا تێزاب کردن بە دەموچاوی چەند ژنان‌دا لە ئیسفەهان، ئەو شارەی تووشی حاڵەتی نائەمنیو بەتایبەتی ژنانی تووشی ترسو نیگەرانی کردوە. بەجۆرێک کە ژنان لەترسی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە کەمتر لە ماڵەکانیان دێنە دەرەوە.

مریەم ئەسەدی هەواڵنێر، دانیشتووی شاری ئیسفەهان بە ڕادیۆ «فردا»ی ڕاگەیاند کاتێک بە شەقامەکان‌دا دەڕۆی وا دێتەبەرچاو کە ژیان ئاساییە. بەڵام کاتێک لەگەڵ خەڵک قسە دەکەی، بەتایبەت لەگەڵ ژنان، دەبینین هەلومەرجەکە جۆرێکی دیکەیە. هەموو تووشی دڵەڕاوکێو نیگەرانین. ئەو دڵەڕاوکێیە لە هەموو کەس‌دا خۆی دەردەخا. هەموو یەکتر ئامۆژگاری دەکەن کە شیشەی ماشێنەکانتان هەڵدەنەوە، ئاگاتان





لەخۆتان بیٚولەم جۆرە قسانە.

فەرماندەی سپای پاسدارنی ئیسفەهان، دەلیٚ ئەم ڕووداوانەی ئەو چەند حەوتوویە نابێتە هۆی ئەوەی ئەمنییەتی ئیسفەهان خەوشدار بیٚ!

ئەحمەد بەخشایش، ئەندامی کومیسیۆنی ئەمنییەتی میللیو سیاسەتی خاریجی مەجلیس، لە کاردانەوە بە ڕووداوەکانی ئیسفەهان‌دا، ئەم کارە نامرۆڤانەی خستە ئەستۆی خاریجییەکان! و گوتی بەدڵنیاییەوە بەسیجیو حیزبوڵڵاییەکانی ئێمە لەوجۆرەکارانە ناکەن»!

عەبباس عەلی مەنسووری ئارانی یەکێکی دیکە لە ئەندامانی ئەو کومیسیۆنە دەلیٚ بە دڵنیاییەوە تاوانبارانی ئەسیدپاش لە لایەن دامودەزگا سیخورەکانی بێگانەو سەهیۆنیستەکانەوە یارمەتی دەدرێن»!





بەر لە ماڵاوایی

# شار بەتەنیا بە ئێوە ناپارێزرێ، لێمان گەڕێن!



کوێستان فتوحی

ئازایەتیی کچان و ژنانی کۆبانی بیرەوەرییەکی شیرینی منداڵیمی وەبیر خستمەوە، بیرەوەرییەک کە ڕەنگە هەر ئەوە بووبیٚ بە هەوێنی هاندانم بۆ خەبات.

.... حەمیدە خانمی مامۆستا، قەولی بە قوتابییەکان دابوو هەرکەس دەرسخوێنی چاک بیٚ ٢ ڕۆژ لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ سەفەری شار! من و کچێکی هاوپۆلم شانسی ئەو سەفەرەمان وەبەر کەوت. دوانیوەڕۆیەک گەیشتینەماڵەکەی «دادە حەمیدە« لە سەقز، - ئەو قەت نەیدەهێشت پێی بڵێین «خانم معلم» - جانتای سەفەرمان داناو گوتی بابڕۆین دوو ڕۆژتان فرسەتە با بتانبەم بۆ گەڕان! یەکەم شوێن کە بردینی بنکەیەکی پێشمەرگە بوو! دیار بوو بۆخۆی لەوێ کاری هەبوو، ئێمەشی لەگەڵ خۆی برد! هەڵبەت هەموو جێیەک بۆ ئێمە سەرنجڕاکێش بوو.

کچەکانی ئەو بنکەیە هەموویان کەواو پانتۆڵیان لەبەر بوو، رووسەریەکەی سەریان جامانە (ئاغابانوو) بوو. یەکێک لە کچەکان ناومانی پرسی و گوتی پێتان خۆشە ببن بە پیشمەرگە! هەردووکمان خێرا وڵاممان داوە؛ بەڵێ!

بوو بە ئێوارە، هاڕەو گرمەی هێلیکۆپتێرەکان، پرسیاری لای خەڵک دروست کرد. هەموو پرسیاریان لەیەکتر دەکرد چ باسە؟ ئەم جموجوڵە چیە لە پادگانی شار دروست بووە؟ بە قسەو باسەکان‌دا وا دەردەکەوت خەڵک خۆیان بۆ ڕووداوێک ئامادە دەکەن. شار شڵەژابوو. حەمیدەی مامۆستا و کۆمەڵێک ژن و کچی دیکە لە دەوری یەک کۆببوونەوە دوایە چووین بۆ ماڵی دایکی حەمیدە خانم. درەنگانی شەو گوێم لە دەنگی دایکی بوو پێی دەیگوت ڕۆڵە! ئەم منداڵانەت بۆ هێناوە؟ شتێک بیٚ چیان لیٚ ئەکەی؟ ئەویش گوتی دایکە گیان چوزانم چ دەبیٚ....؟ هیچ نابیٚ ئەگەریش بوو بەیانی فکرێکیان بۆ دەکەمەوە تۆ نیگەران مەبە. ڕۆژی دووهەمی سەفەرەکەمان بوو...تاریکو ڕوونی بەیانی بە تەقەی تفەنگو گرمەی تەقینەوەو دەنگە دەنگی ژنان وەخەبەر هاتین. حەمیدە هاتە ژوورەکە و گوتی کچەکان مەترسن، تاوێکی‌تر لێرەتان لادەبەم، ئێرە نزیک پادگانە! ئێمە نایەڵین شار بکەوێتە دەستیان! کە هەوا بەتەواوی ڕووناکی کرد حەوشەی ماڵە دایکی حەمیدە خانم پڕ ببوو لە کچانی جەوان، پانتۆڵ لەبەرو توند و تۆڵ. حەمیدە لەوێش وەک مامۆستایەک قسەی بۆ دەکردن... دابەشی دەکردن بەسەر شەقامەکان‌دا کە هەرکەس لە کویٚ دەبیٚ چ بکا! چاکم هەموو قسەکان لەبیر نیە، بەڵام دەمدی «گوونی» (تەلیس)ی دەدا دەستی کچەکان، دەیگوت ماشینەکان گڵ دێنن، و ئێوە خێرا تەلیسەکان پڕ کەن دێن دەیانبەن بەسەر کۆڵانەکان‌دا دابەشی دەکەن... دوایە ڕووی کردە من و کچە هاوپۆلەکەم گوتی: ئێوەش مەترسن بەڕێتان دەکەم بۆ شاری بۆکان، لەوێوە دەتانبەنەوە بۆ ماڵەوەتان! منیش گوتم نا من ناترسمو ناچمەوە، دەتوانم گڵ بکەمە تەلیسەوە! حەمیدە بە پێکەنینەوە گوتی «شاگرد»ی خۆمن ئافەرین! دەزانم کچە باغلووجەیی ناترسیٚ! ئەو ڕۆژە ئازایەتیی کچانی سەقزیم دیت کە چۆن سەنگەریان دروست دەکردو پۆل پۆل لە ماڵەکان دەهاتنەدەرو نەترسانە خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ هێزەکانی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی کە دەیانەویست دەست بەسەر شاردا بگرن. بەڵام دیمەنێک کە هەرگیز لەبیرم ناچیٚو تەنانەت ترساندمی، ئەوە بوو پیاوێک هاتە حەوشەکەو خۆی کرد بەناو کچەکان‌دا، پیلی یەکێک لە کچەکانی گرتو ڕاکێش ڕاکێش بەدوای خۆی‌دا دەیبرد. کچەکە خۆی ڕادەپسکاند لەدەستیو دەیگوت وازم لیٚ بێنە باوکە! من ئەچم، بۆ لیٚم ناگەڕێی ....ئەویش وەبەر جنێوو زللەی داو.... حەمیدە خانم لێی چووە پێشیٚ و بە باوکی کچەکەی گوت بۆ وازمان لیٚ ناهێنن؟ شار بەپیاوی وەک ئێوە ناپارێزریٚ! پیاوەکە گوتی تۆ دەمت داخە! ...کچەکە لەدەست باوکی ڕایکردو گوتی هەر نایەمەوە ئەو ماڵە! ....

ویستم لە دەلاقەی گێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییەوە، بڵێم: ئەگەر دوێنیٚ کچانی سەقزی(وەک نمونە) لە بیر و زەینی زۆرمان‌دا تابۆی پیاوسالارییان شکاند، ئەمڕۆش کچانی کۆبانیٚ بە ئازایەتیو ورەیەکی پۆلایینەوە لە گەڵ کوڕانی هاوڕێیان خەریکن هێزە ڕەشو بێزراوەکەی داعشی دڕندە پاشەکشە پیٚ دەکەن. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە بڵێین، لە نێو مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەی کورددا ژنان هەمیشە هەوڵیان داوە لەو خەباتەدا وێڕای پیاوانی کورد ڕۆڵ بگێڕنو خۆیان جیا نەکەنەوە؛ بەڵام بەداخەوە کۆمەڵی پیاوسالاری کوردستان تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بیٚ، دەستی لەم جیاکارییە هەڵنەگرتوە. ڕاستە دەبینین ئەمڕۆ پیاوانێک بەسەر ئازایەتیی ژنانی کۆبانیٚ‌دا هەڵدەڵێن و بەڕواڵەت شانازی بە بوونی ئەو ژنانەوە دەکەن، بەڵام هەر ئەو پیاوانە کە کچو خوشکو هاوسەری خۆیان لەماڵەکان هاتنەدەر یان قسەیەکیان پیٚ بوو بۆ گوتن، وەک هەمان پیاوەکەی سەقز پێیان دەڵێن تۆدەمت داخە! هەر جۆرە پیاوانەشن ژنانی کۆبانێیان کردۆتە سەنگەرێک بۆ لێدانی ژنانو سەنگەرەکانی دیکەی خەباتی ژنان. لەم ڕۆژانەدا ئەگەر چاو لە لاپەڕی فەیسبووکو کۆمێنتی هاوڕیٚ پیاوەکان بکەین، باش ئەم ڕوانگەیەمان بۆ دەردەکەویٚو تەنانەت کەسانێک بە وشەی نەشیاو و بە ناحەق ڕوو لە ژنانی دیکە دەکەنو دەڵێن شەرم بتان گریٚ! ئێوە چ دەکەن؟! وەک ئەوەی تازە ببینن ژنی کورد لە سەنگەری بەرگری لە نیشتمان دایە. بەڕاستی ئەوانە دەبیٚ بەپێی چ بنەمایەک ڕێگە بەخۆیان بدەن لە پەنا ژنانی کۆبانیٚوە سەنگەر لە ژنانی دیکەی کوردستان بگرنو وەبەر تانەو تەشەرە سواوەکانیان بدەن! ئەوان ئەگەر زۆر غەم لە سەنگەری بیٚ ژن دەخۆن! با لە ماڵی خۆیانەوە دەست پیٚ بکەن، ئەو کات شۆڕشێک دەست پیٚ‌دەکا کە هەموومان دەبیٚ شانازی پێوە بکەین.

ڕاستە ئەوەی ژنانی کۆبانیٚ کردیان و دەیکەن، حاشای لێناکریٚ ئەوپەڕی ئازایەتیو ورەیە لەبەرابەر هێزێکی پڕچەکی دڕندەی دەستدرێژیکەردا، دیفاعە لە شەرەفو کەرامەتیان کە نیشتمانەکەیانە. ئەوەی ئەوان دەیکەن نموونەی بەرزی ئازایەتیی مرۆڤە لە شەڕێکی ڕەوادا. بەڵام نارەوایە بە ناوی ئازایەتی ژنانی کۆبانێوە هێرش بکرێتە سەر ژنانی دیکەی کورد. ژنی کورد ئەگەر پیاوان ڕێگر نەبووبن هەموو کات لە ریزی پێشەوەی سەنگەری بەرگری‌دا بوون. لە هەموو بەشەکانی کوردستان، پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. لە کاری ڕێکخستنە نهێنییەکانو پێشمەرگایەتی‌دا هیچکات خۆیان نەبواردوە، هیچ بەشێکی کوردستان نیە کە بە سەدان کچ و ژن نەچووبنە بەندیخانە و ئەشکەنجە نەکرابن.

ژنی کورد مێژوویەکی پڕشنگداری لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌دا هەیە، ئەوانەی ئەم مێژووە نابینن، کاتی ئەوەیە چاوەکانیان بکەنەوە. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە تەپوتۆزی پیاوسالاری لەبیرو زەینیان بە تەواوی بسڕنەوەو چی دیکە ژنانی ئەم نیشتمانە نەکەنە پەیژەی سەرکەوتنەکانی خۆیان. کاتی ئەوە هاتوە هەموو حیزبو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ پرسی یەکسانی‌دا لاپەڕەیەکی نویٚ هەڵدەنەوە. ئەوانە کە تفەنگو چەقۆی «شەرفپارێزی»یان بەدەستەوە دەگرت بۆ کوشتنی ژنانو سیمای کوردیان لە جیهان‌دا پیٚ ناشیرین دەکرد، شەرم لەو مێژوەو لە لەورەی بەرزی ئەمڕۆی ژنانی کۆبانیٚ بکەن.

ژنانی کوردستانیش کە ئێستا هەموو جیهان لە لوتکەی بەرزی شەڕی کۆبانیٚوە ژنی کورد دەبینیٚ، با ئەم لوتکەیە چۆڵ نەکەنو بیپارێزنو بەرەو لوتکەکانی دیکەش بڕۆن.